ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٤٣ ■ دووشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ _ ٤ی فێوریيە ٢٠١٩
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدرالدا

**خەڵاتی ساڵی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ**



## خەڵاتی ئەمساڵی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ توانیی موکریان و کرماشان پێکەوە گرێ بدا

ل١١

## کۆماری ئیسلامی دوای چوار دەیە

# بەرەو هەرەسهێنانی ئەزموونێکی پڕ کارەسات




سەروتار

### کورد و چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

کەماڵ کەریمی

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام لە خەباتدا بووە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی. لە حەوت دەیەی ڕابردووشدا و بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو خەباتگێڕانی کورد شێلگیرانە خەباتیان کردووە و لە تێکۆشان ڕانەوەستاون. دامەزرانی کۆمار کە یەکێک لە شانازییە نەتەوەییەکانی کوردە، بەشداری لە نارەزایەتییەکانی ساڵەکانی ٣١ و ٣٢ ، خەباتی چەکداریی ساڵانی ٤٦_٤٧ و خۆڕاگری لە بەرامبەر دەزگای پۆلیسی ساواکی شادا چەند نموونەیەکن لەو هەنگاوە بەرزە شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی کورد، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئاکامی ئەم دەورە لە خەبات هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵات ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان بوو لە چنگ ستەمی ئەو ڕێژیمە.

چل ساڵ لەمەوبەر و بە دوای لە نێوچوونی دەسەڵاتی پاشایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کە لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادیدا قوربانیی زۆریان دابوو، بەهومێد بوون کە بەری خەبات و چەند دەیە هەوڵ و تێکۆشانیان بچننەوە و لە سێبەری ئازادیدا بحەسێنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا لێبراوانە لە دژی ڕێژیمی شا خەباتی کردبوو و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆری دابوو بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە سەرکەوتنی شۆڕش کرد. حیزبی دێموکرات هەر زوو ڕایگەیاند کە... ل٢



دەسەڵاتی تاج و مەندیل لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا
(٢)



بەرگری و بەگژداچوونەوەیەکی ڕەوا
(٦)



سۆسیالیزم لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە
(٩)



عەمەلیاتی ئۆبار و حەماسەی پێشمەرگە
(١٠)



### سیاسەت وەک کردەیەکی زەمینی (خوێندنەوەیەک بۆ بیر و ئەندێشەی ماکیاوێلی)

تایبەتمەندیی سیاسەتی فاشیل ئەوەیە مێنتالیتە و چەمک و ئامرازکانی کایەی دین بۆ کایەی سیاسی دەگوازرێنەوە و بە زێهنییەت و ئەخلاقیات و چەمکە دینییەکان سیاسەت دەکرێ

(٨)



### کۆمەڵگەی مەدەنی خەڵک و دەسەڵات

کۆمەڵگەی مەدەنی هەستی متمانەیە لە نێوان کۆمەڵگە و ئاگا لە یەک بوونە و، کەم تێچووترین جۆری ڕێکخستنە لە چێکردنی دەستەڵاتی خەڵکی بۆ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا

(٧)



### ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڵگەنامەی پرەنسیپەکان بۆ «هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوانین لە سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران»ی پەسند کرد

(٤)

دریژەی

## کورد و چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەباتی کردووە و دەرکەوت کە ڕێژیمی شا بە هەموو ئیمکاناتییەوە نەیتوانی ئەم خەڵکە مەجبوور بکا واز لە داخوازییەکانیان بێنن. هەر بۆیە باش وایە ڕێبەرانی شۆڕش لە ئیستادا پەیامی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستانیان لەبەرچاو بێ و وەک بەڵێنیان داوە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکەن.

بەداخەوە لە یەکەم کاردانەوە بەرامبەر ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان و لە سەری ساڵی ١٣٥٨دا، بە پیلانی هاوبەشی ئاخوندەکان و پاشماوەکانی ئەرتەشی شا کە لە کوردستاندا تا ئەو کاتەش فەرماندەیی پادگانەکانیان دەکرد، لە پادگانی سنەوە ئەم شارەیان دایە بەر هێرشی تۆپخانە و بە پشتیوانی هێلیکۆپتەر خەڵکی ئازادیخوازی ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن کرد و نەورۆزی خوێناویی سنەیان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک خولقاند. ئەوان بەمەش نەوەستان و ئەوجا هەمان ئەو باندانە لە ورمێوە گەلالەی تێکدانی میتینگی حیزبی دێموکرات و قەتڵوعامی کوردەکانی نێشتەجێی نەغەدەیان دارشت و لە بانەمەڕی هەمان ساڵدا ئەم هێرشەیان جێبەجێ کرد کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەس و ئاوارەبوونی هەزاران کەس لەو شارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە دەرکی دروستی لە بیرکردنەوەی مەلا تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان هەبوو، مەترسیی هێرش و شەڕی لە کوردستان هەست پێکردبوو. هەر بۆیە لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پیلانێک لە دژی خەڵکی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆی دا کە لە ڕێگەی ئاشتی و وتووێژەوە کێشەی کوردستان چارەسەر بکرێ. بەڵام بیری شەڕەنگێزانەی خومەینی و دارودەستەکی گەیشتە ئەو ئاستەی لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینی بڕیاری جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و لە پاوەی خۆڕاگرەوە پەلاماریان بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد کە بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد و لەو سێ مانگەدا پاش شکانی یەک لە دوای یەکی هێرشەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و خەسارێکی زۆر، لە ٢٦ی خەزەڵوەردا و بە دوای پەیامی خومەینی بۆ ڕاوەستانی شەڕ و وەڵامی ئەرێنی حیزبی دێموکرات کۆتایی بەم دەورە لە شەڕ هات. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەو کات بۆ جارێکی دیکەش لەسەر ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە و وتووێژ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک کە مافی خەڵکی کوردستان دابین بکا، پێداگری کرد.

بەم جۆرە هاتوچۆی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ کوردستان و دانیشتن لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد. سەرەتا گەلالەیەکی ٢٦ مادەیی ئامادە کرا کە دواتر لە درێژەی کاری هەیئەتی نوێنەرایەتیدا لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت خرایە بەر باس. بەداخەوە هاوڕانەبوونی لایەنەکانی دیکەی بەشدار لە هەیئەتدا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و جیاوازیی ڕوانین لە چۆنیەتیی وتووێژ لەگەڵ دەسەڵات بیانووی دایە دەست دەوڵەت بۆ خۆ دزینەوە لە وتووێژەکان. حیزبی دێموکرات کە وەک هەمیشە بەرپرسانە دەیڕوانییە هەلومەرجەکە، دەیزانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەهانە دەگەڕێ بۆ دەسپێکردنەوەی پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان. بەڵام ئەوەیشی نەدەشاردەوە کە هەر ڕۆژێک شەڕ درەنگتر دەست پێبکا بە قازانجی خەڵکی کوردستانە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی هەم دەرفەتی وتووێژ لەکیس نەچێ و هەم کاتی زیاتر بۆ خۆ ئامادەکردن لەگەڵ شەڕفرۆشییەکان ڕێژیم بەدەستەوە بێ، دوای هەڵبژاردنی بەنی سەدر بۆ سەرۆککۆماری لە دیداری هەیئەتێکی حیزب لەگەڵ ناوبراو، بە پێی تەوافوقی هەر دوولا گەلالەیەکی شەش مادەیی بۆ وتووێژ خرایە بەر دەستی بەنی سەدر، سەرۆک کۆماری کاتی ئێران. ئەوەش بڵێین کە ئەوەندەی لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە سیاسەتەکانی حیزب بە «فورسەت تەڵەبی» لەقاو دەدرا، زیاتر لەوە خەڵکی کوردستان کە خوازیاری جێبەجێبوونی داواکانیان لە ڕێگەی ئاشتییەوە بوون متمانەیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو و پاڵپشتییان دەکرد.

بەداخەوە وەک چاوەڕوان دەکرا بیری کۆنەپەرستیی زاڵ بەسەر دەسەڵاتی تازەدا، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بیری لە ئازادی و مافەکانی خەڵک نەدەکردەوە، ڕێگەی درێژەدانی شەڕی لە کوردستان هەڵبژارد. شەڕێک کە ئەگەر بەپێی ئامارە تەواو نەکراوەکانیش لانیکەم لە دەوری دوو سەد هەزار چەکداری ڕێژیمی تێدا کوژرا و بە سەدان هەزار بریندار و دیلیشیان هەبوو، هەتا ئێستاش بە میلیتاریزە کردن و بڕەودان بە فەزای ئەمنییەتی، سێبەری شوومی بەسەر کوردستانەوە ماوە. بەو حاڵەش لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شێلگیرانە لە بەربەرەکانێ بۆ پاراستنی کەرامەتی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان لە خەبات بەردەوام بووە، هەمیشەش وەک پرێنسیپێک چاوی لە دیالۆگ و ڕێگەی چارەی ئاشتییانە کردووە. حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ خەباتی بەردەوام بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک کە توانای وڵامدانەوەی بە دابینکردنی مافە ڕەواکانی خەڵک نییە کە ئەوەش بە دوور نابیندرێ، نەیشاردووەتەوە کە هەر کات دەرفەتی وتووێژێکی ئوسوولی و مەنتقی لەگەڵ دەسەڵات بێتە پێش، وەک یەکێک لە شێوازەکانی خەبات چاوی لێدەکا و بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەترسییە بەردەوامەکانی سەر خەڵک و هەوڵدانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە لە مێژینەکانیان کەڵکی لێوەردەگرێ.

# دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژوویەکی ٧٥ساڵە پوختەی ئەزموونەکان



قادر وریا

(بەشی دووهەم)










### چوارەم دووانەی تەبا و ناتەبا، شەڕخوازی و ئاشتیخوازی

«شەڕخوازی» ئاوەڵناوێک نییە کە حیزبی دێموکرات بۆخۆی بیداتە پاڵ خۆی، بەڵکوو نەیارانی بە تایبەتی لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەم سیفەتەیان داوەتە پاڵی و دووپاتی دەکەنەوە.

لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات، هەر ئەوەیان کرد کە خەڵک و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە تاران و شارەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران کردیان. هەر وا کە لە هەمەدان و تەورێز و مەشهەد و ئیسفەهان، ئەرتەشییەکان و فەرماندەرانی پاسگا و پادگانەکان دەبوایە تەسلیمی خەڵک و شۆڕشگێڕان بان و چەکەکانیان دابا بەوان و چووبانە ژێر ئەمر و فەرمانی ئەو کەسانەی خەڵکی ڕاپەڕیو بۆیان دیاری دەکەن، لە کوردستانیش هەروا بووە. بەو جیاوازییە خەڵک لە کوردستان، لە جیاتی فەرمانوەرگرتن لە خومەینی و «کمیتە انقلاب»ی دەستنیشانکراوی ناوبراو، حیزبی خۆیان و ڕێبەرانی سیاسیی خۆیان هەبووە و بە قسەی ئەوانیان کردووە. دوایەش، دەسەڵاتی تازە لە تاران، بێ ئەوەی تەنانەت لە قسەشدا کەمترین بەڵێنی جێبەجێبوونی داوا لەمێژینەکانی ئەو خەڵکە بدا، داوای لە خەڵک و هێزە سیاسییەکان کرد چەکەکانی تەحویل بدەنەوە و، لەشکری بۆ گرتنەوەی شار و ناوچەکانی کوردستان نارد. خۆ لە کوردستانەوە هێرش نەکراوەتە سەر بەشەکانی دیکەی ئێران و لەشکریان بۆ ڕەوانە نەکراوە.

ئایا حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە و بە گشتی خەڵکی کوردستان دەبوایە چەکەکانیان تەحویل دابایەوە و هاوکار بان تا ڕێژیمی تازە بە ڕاحەتی دەست بە سەر هەموو کوردستاندا بگرێتەوە، جا ئەوجار داوای مافەکانی خەڵکی کوردستانی لێ بکەن؟! خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران کە وەک خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتیان نەکرد، چ دەسکەوتێکیان بوو؟ حیزبی توودە و چریکەکانی ئەکسەرییەت، بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە نەبوونەوە و تەئیدیان کرد و پشتیوانیشی بوون! ئایا کۆماری ئیسلامی پاداشی کردن یا سەرکوتی کردن؟ ئازەرییەکان، عەرەبەکان و بەلووچەکان وەک کوردیان نەکرد، ئایا کۆماری ئیسلامی کەمترین مافی نەتەوەیی ئەوانی بە ڕەسمی ناسی؟

ئەوانەی لەم بارەیەوە بەڕاشکاوی یا بە شەرمێونی و بە خێشکە، پرسیار دەخەنە سەر کوردستان و حیزبی دێموکرات، کە بۆچی شەڕیان لە گەڵ ڕێژیمی تازە کرد؟ بۆچی ڕێفراندۆمی خاکەلێوەی ١٣٥٨یان تەحریم کرد؟ بۆ چی هێزی پێشمەرگەیان پێک هێنا و کوردستانیان بەرەو ئەو ئاراستەیە برد کە بەرامبەر بە لەشکرکێشی ڕێژیمی تازە ڕابوەستێ؟ ئەگەر لە بەرگ و ڕواڵەتی دڵسۆزی بۆ خەڵکی کوردستانیشدا ئەم قسانە بکەن، لە ڕاستیدا قسەکەیان لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد و حەقانییەتی پرسی کورد دایە. خۆ کوردستان پێشوازی لە وتووێژ و چارەسەری ئاشتیخوازانە کرد. چەندین جار هەیئەتی پێکهاتوو لە کەسایەتیی سیاسی و ئایینی، چوونە تاران بۆ ئەوەی ڕێگای پێکهاتن و ئاوڕدانەوە لە داواکانی خەڵکی کوردستان بخەنە بەردەم خومەینی و کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە. خۆ کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات بۆ یەکەم مەجلیسی دامەزرێنەران کە دوایە ناوی نرا خیبرەگان، هەر وەها بۆ یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی (کە ئەویش دوایە ناوی نرا شووڕای ئیسلامی) و بۆ یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆمارییش، نەک بە تەحریم و ڕەتکردنەوە، بەڵکوو بە داواکاری و قسە و هەڵوێستی تایبەت بە خۆی هاتە مەیدان. بەڵام لە هەموو ئەو دەرفەتانەدا دەستی ڕەد بە پەیام و هەڵوێستی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکی ئەو خەڵکەوە، نرا.

حاشا لەوە ناکرێ ئەو شەڕەی بە تووش کوردەوە بوو، زیانی گیانی و ماڵیی یەکجار قورسی لە خەڵکی کوردستان دا و، شوێنەواری سیاسی و ئەمنییەتیی درێژخایەنی دانا. بەڵام هەموو کات کە ئاوڕ لەو شەڕە دەدەینەوە، ستەم لە مێژووی خۆمان دەکەین و دەبێتە بێویژدانی ئەگەر دوو ڕاستی لە بیر بەرینەوە:

١ـ ئەو شەڕە لایەنی کوردی نەیسەپاند، بەڵکوو خومەینی و بەڕێوەبەرانی دیکەی ڕێژیمی تازە کە کەمترین بڕوایان بە دابینکردنی مافی نەتەوەیی هیچ نەتەوەیەکی بندەستی ئێران نەبوو، سەپاندیان. هەروا کە میراتگرەکانیشیان هەتا ئێستاش لەم بارەیەوە ئاڵوگۆڕێکیان تێدا پێک نەهاتووە.

٢ـ ئەگەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی بەرەنگاری ڕێژیمی تازە نەببانەوە، جگە لەوەی بە هیچ کام لە مافەکانیان نەدەگەیشتن، لە باشترین حاڵەتدا، چارەنووسیان وەک نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران و وەک هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دەبوو. ئەو کات ئەو ڕێژیمە بێ دەردەسەر، دەهات و هەوڵی سڕینەوەی شوناس و تواندنەوەی زمان و گۆڕینی دێموگرافیی شار و ناوچەکانی کوردستانی دەدا. بەڵام بوونی خۆڕاگری و بەرگری لە کوردستان و ڕاوەستان بەرامبەر شەڕی داسەپاو، لەگەڵ هەموو زیانە گیانی و مادییەکانی، خەڵکی کوردستانی فێری بەرگریکردن لە شوناسی خۆیان، خۆبەڕێوەبردن و بە ئازادی ژیان کرد.

کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی ئەزموونێکی زۆریان لە وڵات بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارێتیدا نەبوو، گەمارۆی ئابووریی لەسەر بوو، تەنانەت ناوچە ئازادەکانی گەمارۆی زانستی و فەرهەنگییشیان لەسەر بوو و بەردەوام ئامانجی لەشکرکێشییەکان بوون، ببووە دوورگەیەکی ئازاد لە هەموو ئێراندا. لە ڕووی بەشداریی خەڵک لە خۆ بەڕێوەبردن، لە ڕووی چالاکیی هێزە سیاسییەکان، لە ڕووی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، لە ڕووی خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خەڵکەکە، لە ڕووی ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان، تەنانەت لە ڕووی ڕیفۆرم لە دابەشکردنەوەی زەویوزار، لە ڕووی هەڵوەشاندنەوەی هێندێک نەریتی دواکەوتووانەی وەک ژن بە ژنە و گەورە بە بچووک و بەمنداڵی مارەکردن، ئەزموونێکی شایانی بەرگریی تێپەر کرد.

شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی بەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستانیدا سەپاند، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەر بوو. ئەم شەڕە ساڵانێکی کەم بە شێوەی جەبهەیی درێژەی کێشا، چونکە هەم توانای بەرگریی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆ شەڕی جەبهەیی، نەگونجاو و بەرتەسک بوو، هەم لە شەڕی جەبهەییدا، خەڵکی شار و گوندەکان زیانی زۆریان پێ دەگەیشت؛ بە تایبەتی کە ڕێژیم دەستی لە بەکارهێنانی چەکی وێرانکەر و کوشتاری خەڵک نەدەپاراست. هەر بۆیە ئەو شەڕە بە شێوەی پارتیزانی چەندین ساڵی دیکە، واتە تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی (دەیەی٧٠ی هەتاوی) درێژەی کێشا. بە تەعبیرێک ئەم شەڕە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە، چونکە هیچ ڕێککەوتنێک لە بەینی دوو لایەنی شەڕەکە نەهاتووەتە ئاراوە. بەڵام گۆڕان لە جۆری بەرگری و چالاکی و تێکۆشانی هێزە سیاسیەکاندا، ڕووی داوە.

ئەزموونی ٤ دەیە خەباتی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی، سەلماندوویە کە ئەم ڕێژیمە نە دەیەوێ و نە لە ماهییەتی دایە، سیاسەتی خۆی لە ئاست پرسی نەتەوەیی بە گشتی و پرسی کورد بە تایبەت بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران قۆناغی جۆراوجۆری بەڕێ کردووە، سەرکۆمار و مەجلیسی لە قۆڵی جیاجیا هێناونە سەر کار، لە دنیا و ناوچەشدا زۆر گۆڕان لە سوودی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان و یەک لەوان کورد، پێک هاتووە، بەڵام ئەوەی گۆڕانی تێدا پێک نەهاتووە، نییەتی ئەو ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ داوا و چاوەڕوانیی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا بووە. تەنانەت شتێک کە دەستووری وڵاتەکەی ڕێگای پێ دەدا (مافی خوێندنی نەتەوەکانی ئێران بە زمانی خۆیان)، دوای چل ساڵ لەتەمەنی ئەو ڕێژیمە، هێشتا کەمترین ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. کاتێکیش هێزێکی سیاسیی وەک حیزبی دێموکرات، هەوڵی داوە ڕێگای ئاشتیخوازانە و دیالۆگ بۆ داواکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان تاقی بکاتەوە، بە تێرۆر (وەک تێرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە سەر مێزی وتووێژ) یا بە بۆمبدانانەوە و مووشەکباران (وەک تەقینەوەی تێرۆریستیی شەوی یەلدای ١٣٩٥ و ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) پێشوازی لێ کردووە.

ئەوە کە ئەو ڕێژیمە تەنانەت هیچ بەدەنگەوەچوونێکی بۆ ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییانەش نەبووە کە لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو ڕێژیمەدا، لانیکەمی مافەکانی خەڵکی کوردستان داوا دەکەن و بە سەرکوت و دژایەتیکردن وڵامی هەموو هەوڵێکی مافخوازانەی مەدەنییش دەداتەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە داواکردنی مافی نەتەوەی کورد و پێ لەسەرداگرتنی و خەبات لە پێناویدا، لە لایەن هەر هێز و لایەنێکی سیاسییەوە و، بە هەر ڕێگا و شێوەیەک بێ، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت دەکرێ.

«شەڕخوازبوون»ی حیزبی دێموکرات شتێک نەبووە جگە لەوەی دەستی لە داواکردنی مافەکانی نەتەوەکەی و خەبات لە پێناویاندا هەڵنەگرتووە و ئەوەندەی بۆی کراوە بە هێزی پێشمەرگەی خۆی بەرەنگاری هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بووەتەوە.

پێکەوەژیانی بەرگریخوازی و ئاشتیخوازیی سیاسەت و خەباتی حیزبی دێموکرات دەکرێ لەم چەند ڕستەیەدا فۆڕمووڵە و کورت بکرێتەوە: لە ڕێگای دیالۆگ و هێمنانە و ئاشتیخوازانەوە، داواکانی خەڵکی کوردستانی بەرەوڕووی دەسەڵاتی ناوەندی کردووەتەوە و شێوازە هێمنانەکانی تاقی کردوونەوە، بەڵام کە بەم ڕێگایانەدا گوێی لێ نەگیراوە و بەرەوڕووی شەڕ و سەرکوت بووەتەوە، لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان و مەیدان چۆلکردن، سەنگەری بەرگری و بەرەنگاری هەڵبژاردووە بێ ئەوەی بە یەکجاری دەرگا لە سەر هەوڵ و ئیرادەی جیدی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە دابخا. ناودێرکردنی ئەم جۆرە بەرگرییە بە «شەڕخوازی»، واتایەکی نییە جگە لە چاوەڕوانیی خۆبەدەستەوەدان و قبووڵی پشتکردن لە خەبات و تێکۆشان لەژێر ناوی «ئاشتیخوازی»دا.

# دەسەڵاتی تاج و مەندیل لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا



عومەر باڵەکی





٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ چل ساڵ بە سەر ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنەسەر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبێ. چل و یەک ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە هیوا مەبەستی دەستەبەری ژیانێکی باشتر و سەردەمیانەتر لە بواری سیاسی و ئابووری و تەنانەت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە دروشمی نان، مەسکەن، ئازادی و بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام. ئیرادەی گەلانی ئێران بۆ ئەم ڕاپەڕینە دوای نیزیک بە ساڵێک بەسەر سپای پۆشتەوپەرداخ و دەزگای دڕندەی ئەمنیەتیی ڕێژیمی پاشایەتیدا سەرکەوت. لە هەلومەرجی ئەوکاتدا گەلانی ئێران سەرمەستی سەرکەوتن بوون و کەم کەس هەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران چۆن دەبێ. لەو هەلومەرجەدا ڕۆحانییەتی شیعە وەک دەورانی شۆڕشی مەشرووتە هاتنەوە مەیدان و سواری هەست و سۆزی خەڵک بوون و سیستەمێکیان هێنا کایەوە کە لە بواری ساختارییەوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو، و تەنیا ناوەکان گۆڕدرابوون و تاج و تەخت جێی خۆی دابوو بە شاقەل و مەندیل و پشتی؛ بەڵام دەسەڵات هەمان دەسەڵات و سەرچاوەی مەشرووعییەتیش هەمان سەرچاوە. بۆ ڕوونترکردنەوەی ئەو بابەتە پشت بە ئەسڵ و بڕگەکانی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەبەستین، چونکە کاتێک ئەو ئەسڵ و بڕگانە لە تەنیشت یەکتر دادەنێین، بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە گەلانی ئێران لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا نەک قازانجیان نەکردووە بەڵکوو زیانمەند بوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێژیمی پاشایەتی لە کۆماری ئیسلامی باشتر بووە، بەڵکوو بەو مانایە دەسکەوتی گەلانی ئێران نەک بارتەقای ئەو هەموو خوێن و قوربانییە نەبووە کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بەراوردێکی خێراش لەنێوان چەند ئەسڵی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە و قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی و سیستەمی پاشایەتیی ئێران جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ شای ئێران وای خۆ نیشان دەدا کە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات لائیکە و دەیهەوێ ئێران بەرەوە دەروازەکانی تەمەدون و پێشکەوتن بەرێ، بەڵام سیستەمی کۆماری ئیسلامی و خودی ڕێبەر ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نییە و لە پێناو بەهەشت و بەختەوریی ئەم دنیا! سەری شەڕیان لەگەڵ هەمووی جیهانی پێشکەوتوو هەیە.

ئەسڵی یەکی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لە دین و مەزهەبی ڕەسمی وڵات دەکا کە ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە و، تەئکید دەکا کە دەبێ پاشا هەڵگری ئەو مەزهەبە بێ و لە هەمان کاتدا تێ بکۆشێ بۆ پەرەپێدانی ئەو مەزهەبە. ئەسڵی ١٢ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: «دینی ڕەسمیی ئێران، ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە و بەپێی ئەسڵەکانی ٥ و ١٠٩ و ١١٥ی قانوونی ئەساسی؛ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سەرکۆماری ئێران دەبێ هەڵگری ئەو دین و مەزهەبە بن». ئەسڵی دووی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لەوە دەکا کە، مەجلیسی شووڕای میللی نابێ قانوونێک پەسند بکا کە لەگەڵ قانوونەکانی دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دژایەتی هەبێ و، بۆ ئەوەی چاودێری بەسەر مەجلیسدا بکەن هەر لەو ئەسڵەدا باس لە پێویستیی هەیئەتێکی ٥ کەسی لە زانایانی مەزهەبی شیعە دەکا کە مەجلیس هەڵیان دەبژێرێ و، ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی ڕەسمیی مەجلیس. هەروەها تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوە کە هەر قانوونێک لە مەجلیسدا پەسند کرا پێش ئەوەی بکەوێتە خانەی جێبەجێکردنەوە لەسەر سەرۆکی مەجلیس واجبە بدرێ بەو ٥ کەسە بۆ ئەوەی ئەگەر پێچەوانەی دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێ، هەڵوەشێتەوە. تەنانەت بە پێداگرییەوە دەڵێ ئەو ئەسڵە هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زەمان وەک خۆی دەمێنێتەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا نایە. ئەسڵی ٤ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیش باس لەو هەیئەتە دەکا بەڵام ئەو جار بە شێوە و ڕوخسارێکی دیکە و دەڵێ: «هەموو قانوونەکانی مەدەنی، سزادان، ماڵی، ئابووری، ئیداری، فەرهەنگی، نیزامی و سیاسی دەبێ بەپێی ڕێوشوێنی ئیسلامی بێ و... و دیاریکردنی ئەوە لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە و هەروەها لە ئەسڵی ٩٣دا دەڵێ مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەبێ شۆڕای نیگەهبان ئیعتباری قانوونیی نییە. ئەسڵی ٣٥ی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە باس لە پێگەی پاشا دەکا و دەڵێ: «سەڵتەنەت دیارییەکی خودایە کە لە لایەن میللەتەوە دەدرێ بە پاشا. لە ئەسڵی ٥٦ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا دەڵێ: «حاکمییەتی ڕەها بەسەر جیهان و ئینسان ئی خودایە و هەر ئەوە ئینسانی بەسەر چارەنووسی خۆیدا حاکم کردووە ... میللەت ئەو مافەی خوا پێی داوە لەو ڕێگایانە کە لە ئەسڵەکانی دوایەدا دین بەڕێوەی دەبا». ئەسڵی ٤٧ لە موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشروتە باس لە دەسەڵاتی پاشا دەکا بۆ بردنە سەرێی پلەوپایەی فەرماندەهانی نیزامیی سپا و دەڵێ: «بەخشینی پلەی نیزامی و نیشان و ئیمتیازاتی ئیفتخاری بە لەبەرچاوگرتنی قانوونی تایبەت بە پاشایە». لە ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا، لە خاڵی ٦دا هاتووە کە دانان و لابردن و قبووڵی دەستلەکارکێشانەوە سەرۆکی ناوەندیی هاوبەشی هێزەچەکدارەکان، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران، فەرماندەکانی بەرزی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێبەر دایە. هەروەها ئەسڵی ٥٠ی موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتەدا باس لەوە دەکا، کە پاشا فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی ویشکایی و دەریاییە و لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی، ئەسڵی ١١٠ خاڵی ٤ و ٥دا هاتووە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانە و ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و ئامادەباشی هێزە چەکدارەکان لە ئەستۆی ڕێبەرە. لە موتەممەمی قانوونی ئەساسیی مەشرووتە لە ئەسڵی ٢٧داسیستەمی بەڕێوەبەریی وڵات بەسێ بەشداپۆلین دەکا:

١ـ دەزگای قانووندانان کە تایبەتە بە داڕشتنی قانوون و چاودێری بەسەر بەڕێوەبردنی قانوون کە پێکدێ لە خاوەن شکۆ، شای شاهان و مەجلیسی شۆڕای میللی و مەجلیسی سەنا کە هەر کام لەو سەرچاوانە مافی نووسین و داڕشتنی قانوونیان هەیە؛ بەڵام دەوامی ئەو قانوونە بەستراوەتەوە بەوە کە دژایەتیی نەبێ لەگەڵ پێوانەکانی شەرع و پەسندکراوەکانی مەجلیسەکان و ئیمزای شاهانە.

٢ـ دەزگای دادوەری

٣ـ دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات (قوەی مجریە) تایبەت بە پاشایە، بەو مانایە کە قانوونەکان و فەرمانەکان بەهۆی وەزیرەکان و مەئموورینی دەوڵەت بەناوی پاشاوە بەڕێوە دەچن؛ بەو شێوەیە کە قانوون دیاری دەکا. ئەسڵی ٥٧ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەو بابەتە دەڵێ: «دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات پێکهاتوون لە سێ دەزگای قانووندانان (مقننە)، بەڕێوەبەری (مجریە)، دادوەری (قضاییە) کە لە ژێر نەزەری ویلاتی ڕەها و ئیمامی ئۆمەت بەپێی ئوسوولەکانی دوایە ئەو قانوونە بەڕێوە دەچێ. ئەو سێ دەزگایە لە یەکتر جیاوازن و بە شێوەی سەربەخۆ لە یەکتر کار دەکەن. دەبینین هەم لە موتەممەمی قانونی ئەساسیی مەشرووتەدا و هەم لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا، پاشا یا ڕێبەر بە تەنیا دەتوانن هەم قانووندانەر بن و هەم چاودێری قانوون، ئیمزای پاشا لە سەر هەر بەڵگەیەک حوکمی قانوونی هەبووە و قسە و ئیمزای ئێستای ڕێبەریش دەبێتە حوکمی حکوومەتی. لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا، ئێران خاوەنی پاشایەک بوو کە وەکی باسمان کرد پاشایەتییەکەی دیاریی خودا بوو، کە لەلایەن خەڵکەوە پێی درابوو. لەو سەردەمدا شوعار ئەوە بوو کە شا سێبەری خوایە لە سەر زەوی و، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هەتا پەیدابوونی ئیمامی زەمان ڕێبەری جیهانی ئیسلام بە تایبەتی دنیای شیعە لە ئەستۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و؛ ئەو نوێنەری ئیمامی زەمانە و؛ بە مانایەکی دیکە نوێنەری خوایە لە سەر زەوی. لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا ئێران دوو مەجلیسی هەبوو، مەجلیسی شووڕای میللی و سەنا کە شۆڕای میللی بەزاهیر وەک ئێستای کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردران و مەجلیسی سەنا کە لە ٦٠ کەس پێک هاتبوو. ئەو ٦٠ کەسە ٣٠ کەسیان لە لایەن خودی پاشاوە هەڵدەبژێردران و ٣٠ کەسەکەی دیکە لە لایەن خەڵکەوە. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دوو مەجلیسی قانووندانان هەیە، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شووڕای نیگەهان، کە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی دوای تێپەڕبوون لە پاڵوێنی شۆڕای نیگەهبان لە لایەن خەڵکەوە دەنگی پێ دەدرێ، بەڵام مەجلیسی شۆڕای نیگەهبان کە لە ١٢ کەس پێک دێ ٦ کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێن و ٦ کەسی دیکەش لە لایەن سەرۆکی دەزگای دادی ئێران (کە بۆخۆی هەڵبژاردەی ڕێبەرە.

ئەو چەند خاڵەی سەرەوە پێکگرتنێک بوو لە نێوان دوو قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە مەودای سەد ساڵیان جیاوازی هەیە، بەڵام ئەو خوێندنەوە پێمان دەڵێ کە لە دوای ئەوە کە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بوو بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی، هەموو کات ڕێبەرانی ئایینیی شیعە هەوڵیان داوە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بن و یا دەسەڵات و دەسەڵاتدار لەژێر دەستیاندا بن. بۆیە چ لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە و چ لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا، ئاخوند و ئایەتوڵڵاکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و، نەیانهێشتووە بەناوی شۆڕش و ئینقلاب و دێموکراسی و مافی خەڵک؛ وڵات و دەسەڵاتیان لە دەست بچێ. ئەگەر لە سەردەمی نیزامیی پاشایەتیدا، ئێران ببوو بە زیندانی ناڕازییەکان و فەسادی ئیداری و ماڵی تانوپۆی حکوومەت و بەتایبەتی بنەماڵەی پاشای گرتبوو و، دەزگای ئەمنییەتیی شا (ساواک) ڕۆژانە دەستێوەردانی لە ژیانی خەڵکدا دەکرد و قسەکردن و ڕەخنەگرتن لە سیستەمی بەڕێوەبەریی وڵات بڤە و قەدەغە بوو؛ ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا گەندەڵی لە نێو دامودەزگای دەوڵەتیدا بەدامەزراوە کراوە و، هەژاری و کەم داهاتی بە ڕادەیەک پەرەی گرتووە کە وەک بۆمبی لێ هاتووە ق، هەر ئان و ساتێک بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا ئەگەری تەقینەوەی هەیە. دەزگا ئەمنییەتییەکانیش بەردەوام ناڕەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن و خەڵک دەخنکێنن. نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەی سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە و سەرەڕای هەموو ئەوانە و دەیان بابەتی دیکە، سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە هەناردەکردنی شۆڕشە؛ بۆتە بەڵای گیانی گەلانی ئێران. بەکورتی دەتوانین بڵێین بە ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆلکە ڕەویونەوە بە سەر بەرازیدا کەوتوون.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ی ڕێبەندان هەیئەتێکی ڕێبەریی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" بە سەرپەرستیی کاک عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی سکرتاریای "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازییان لێکرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا پرسی گۆڕانکارییەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە هەلومەرجی ئێستای ئێران و ناوچە خرایە بەرباس و لە گۆشەنیگا و ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لێکدانەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا و ئەم ئاکامگیرییە کرا کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە یەکڕیزی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی پترەوە دەتوانێ پشکی لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا هەبێ و خاوەندارەتی لە ستاتوی کورد لە ئێران لە ئەگەرەکانی دادێدا بکا. هەروەها پێداگری لەسەر ئەمە کرا کە ئەگەرچی دامەزرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەڵامێکی پێویست و بەجێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەر و ئاڵوگۆڕەکانی بەردەم جووڵانەوەی کورد بووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بە ئامانجە بنەڕەتییەکانی خۆی بگا و پێویستە کار و هەنگاوەکانی داهاتووی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەهێزترکردنی ناوەندی و ئاراستەدان بە پڕۆژەکانی ناوەند بۆ وەدیهاتنی ئامانجە سەرەکییەکانی بێ.

## سەردانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە وەزارەتی دەرەوە و پارتەکانی حکومەتی سوئێد



دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی، د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوڕێیەتی کاک ئارێز ڕەمەزانی بەرپرسی پێوەندییە سوئێدییەکانی حیزب لە سێ دیداری جیا جیادا لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی سوئێد و هەردوو پارتی سۆسیال دێموکڕات و لیبراڵی ئەو وڵاتە دیداری کرد.

لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوئێد، هەیئەتی حیزب لەلایەن هەیئەتێکی ئەو وەزارەتە بە سەرپەرستیی هانس گرونبێری، بەرپرسی دێسکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەو وەزارەتە و دانییێل پێترشون لە هەمان دێسک پێشوازیی لێکرا. لەو دیدارەدا هاوڕێیانی حیزبی وێڕای وەبیرهێنانەوەی پاشخان و تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێران، بارودۆخی ئێستای بزوتنەوەی کورد بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتیان بۆ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی سوئێد شی کردەوە. ئەوان هەروەها چاوەڕوانییەکانی حیزبی دێموکڕاتیان لە حکومەتی تازە پێکهاتووی سوئێد لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی دژە گەلی و تێکدەرانە و تێرۆریستیی ئەو ڕێژیمە خستە بەر باس. دواتر بەڕێز هانس گرونبێری وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لەو دەرفەتە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕا، کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی لەپێوەندیی لەگەڵ ویستەکانی گەلی کورد و خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خستەڕوو و زەرفیەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی سوئێد و یەکێتیی ئەورووپای لەپێوەندی لەگەڵ فشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران دەستنیشان کرد.

لە دوو دیداری دیکەدا کە لە پارلمانی سوئێد و دەفتەری پارتی سۆسیال دێموکڕاتی سوئێد بەڕێوە چوون، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و بەرپرسی پێوەندییە بیانییەکانی حیزب لە سوئێد سەردانی هەردوو حیزبی سۆسیال دێموکڕات و پارتی لیبرالی سوئێدیان کرد و لەگەڵ پارلمانتێرانی هەرکام لەو دوو حیزبە کە بریتی بوون لە فردریک ماڵم لە پارتی لیبراڵ و لێیف نیسمێد، سەرکان کۆسە، کەدیر کەسیرگە، و ئەڤین ئینجیر لە پارتی سۆسیال دێموکراتی سوئێد کۆبوونەوە.

لەو دیدارانەدا هەیئەتەکانی هەردوو حیزبی پێکهێنەری حکومەتی سوئێد وێڕای دەربڕینی هاودەردییان لەگەڵ حیزبی دێموکڕات سەبارەت بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات، سەرنج و پرسیارەکانی خۆیان لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی خەباتی حیزبی دێموکڕات لەپاش ئەو هێرشە و ئەگەر و پێشهاتەکانی لەمەودوای ئێران و ناوچە خستەڕوو.

هەیئەتی حیزبیش وێڕای وەڵامدانەوەی پرسیار و سەرنجەکان سەبارەت بە هاوکاریی زیاتری نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئەو پارتانە لە سوئێد بە مەبەستی باسکردنی زیاتری پرسی کوردی ڕۆژهەڵات لە سوئێد و یەکیەتیی ئەورووپا بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕ کە لەلایەن هەیئەتەکانی میواندارەوە پێشوازیی لێ کرا.

# تاوتوێی چەند پرسێکی ڕۆژەڤی کوردستان لە کۆبوونەوەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا



نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا چەند پرس و ئەگەرێکی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێرانیان خستە بەرباس.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٤ی ڕێبەندان یازدەهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات و لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر چەند بابەت و بەرنامەی کاریی ناوەند ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و بڕیاریان بۆ درا. لەو کۆبوونەوەیەدا دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان، هاوکێشە ناوچەییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئێران و ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد هاتنە بەرباس و وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی هەستیاری ئێستا و سیناریۆ نارِوونەکان، پێداگری لەسەر پێویستیی یەکڕیزی و یەک گوتاریی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستان کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا پرەنسیپەکانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کورستانی ئێران» بۆ هاوکاری (تعامل) لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوانین لە سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران» پەسند کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوکەدا باسی کۆڕبەندی وارشۆ (لەهێستان) بۆ باس لەسەر ئەمنیەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیریی ئاشتی و هێمنیی جیهان کرا. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێداگری لەسەر گرینگیی ئەم کۆبوونەوە نێودەوڵەتییە ڕای وابوو کە پێویستە سەرنجی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بۆ لای پرسی کورد و نەتەوەکانی دی لە ئێران، سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسمیلاسیۆنی کورد، سەپاندنی شەڕ و میلیتاریزەکردنی کوردستان، حاشاکردن و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و چوار دەیە پاشخستنی کوردستان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران و هەروەها؛ ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیرکردنی ناوچە، دەستێوردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، پشتیوانییان لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و بەرنامەی مووشەکیی ڕێژیم بۆ پەرەپێدانی نائەمنی و ناسەقامگیری لە دنیادا ڕابکێشین. بۆ ئەو مەبەستەش ناوەندی هاوکاری لەسەر کۆمەڵە بەرنامە و پێشنیارێک ساغ بۆوە. لەو کۆبوونەوەیەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کۆردستانی ئێراندا دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هەمەیە لایەنە بڕیار لەسەر چەند بەرنامەیەکی کاریی دیکەی ناوەند، لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ڕۆژەڤەکانی دیکەی کوردستان و ئێران درا.

## چاوپێکەوتنی نێوان بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب و دوکتور فیلیپا برانت



ڕۆژی سێشەممە، ٢ی ڕێبەندان سەلاح پورئەسەد، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئوسترالیا، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵ «دوکتور فیلیپا برانت»، بەرپرسی دەفتەری سەناتۆر «پنی وەنگ» لە حیزبی کرێکاری ئوسترالیا و وەزیری دەرەوەی سێبەر کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سەلاح پوورئەسەد باسی سیاسەتی سەرکوت و گرتنی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی کرد و ئاماری کوشتاری کۆڵبەرانی کورد بەهۆی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمی خستە بەردەستی دوکتور برانت. ئاماژە بە هەوڵی دەسێوەردەرانەی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ و پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو تەوەری دیکەی باسەکەی نوێنەری حیزب بوون. دوکتور برانت نەیشاردەوە کە ئاگاداری سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیمی ئێران هەن و بەڵێنی باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ سناتۆر وەنگ باس بکا و نیگەرانییەکانی نوێنەری حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی پێ ڕابگەیەنێ.

# کۆماری کورد لە مەهاباد

## (٢_٢)



ئارچی ڕۆزڤێلت
و لە ئینگلیسییەوە: خالید عەزیزی

**[ئاماژە: ئارچیبالد ڕۆزڤێلت، ئەفسەرێکی بەشی زانیارییەکانی ئەمریکا یەک لەو کەسانە لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا سەردانی کردوون و لە نیزیکەوە پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستانی بینیوە و لەگەڵی وتووێژی کردووە. ڕۆزڤێلت زۆر بە وردبینییەوە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکانی ئێرانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کردووە و بایەخێکی تایبەتیی بە «کۆماری کوردستان» و تایبەتمەندییەکانی ئەو یەکەم کیان و دەوڵەتە سیاسییەی کورد داوە و جیا لەوەی بەشێک لە کتێبەکەی _ حەزی فێربوون_ی بۆ تەرخان کردووە، لە ناوەندە ئاکادمی و بڵاوکراوەکانی ئەمریکاشدا بابەتی لەسەری نووسیون. ئەم بابەتەی خوارەوە نووسینێکی ڕۆزڤێڵتە لەسەر کۆماری کوردستان کە لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٦دا و لە بڵاوکراوەی "The MIDDLE EAST JOURNAL" دا بڵاو بووەتەوە و هەڵگری زۆر خوێندنەوە و زانیاریی بەنرخە لەسەر پێگەی کۆماری کوردستان و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد.]**

### تایبەتمەندییەکانی قازی محەممەد و کۆماری کوردستان

دوای ئەو ڕووداو و ناکۆکییانە، قازی محەممەد وەک ئەوەی پەرژینێکی ئاسنی بە دەوری خۆیدا کێشابێ، هیچ چەشنە شانس و دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ چاودێر و کاربەدەستانی سۆڤییەت نەهێشتەوە کە بەلای وڵاتەکەیدا بێن. سەبارەت بەمەش کە ئینگلیسییەکان بارزانییەکانیان لە عێراق دەرکردبوو، لەوانیش توورە بوو. سۆڤییەت بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دژی ئینگلیس و دەسنیشانکردن و وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی پێشووی مێژووی کورد، کە کوردەکان پێیان وابوو لە ڕابردوودا قوربانیی هەلپەرستیی ئینگلیس ببوون، جەوێکی ئەوتۆی لەدژی ئەوان پێک هێنابوو کە ئینگلیسییەکان لە خۆیان ڕانەدەدیت سەردانێکی کۆماری چووکەی کورد بکەن.

لە کات و ماوەی لێک جیاوازدا چوار ئەمریکایی و فەڕانسەوییەک سەریان لە قازی محەممەد دا، ئەوان کۆماری کوردستانیان وەک دیاردەیەک کە لە حاڵی لەنێوچوون دایە هاتە بەرچاو.

سەرەڕای کەموکوڕی و نەبوونی هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی یاسایی، دیسانیش حکوومەتی دیفاکتۆی قازی محەممەد لە ڕاستیدا هەروەک پێشوو درێژەی بە کاری خۆی دەدا و تەنیا وشەی وەزیر لەسەر وەزیرەکانی وەلانرا و وشەی ڕەییس، واتە سەرۆک لە جێگای داندرابوو. قازی محەممەد خۆی تەنیا بوو بە سەرۆکی حیزب، واتە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئاغاوات و سەرۆک عەشیرەتەکان هەروەک پێشوو لە گوندەکاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو و حکوومەتیان دەکرد. ژاندارمەری کە لە خەڵکی ناوچەکە پێک هاتبوو و جلوبەرگی کوردییان دەبەردا بوو یارمەتیی ئاغاواتەکانیان دەدا. ئەفسەرە کوردەکانی نیشتەجێ لە مەهاباد، کە یونیفۆرمی سۆڤییەتییان دەبەردا بوو، ژاندارمەرییان بەڕێوە دەبرد.

مەهاباد لە شارێکی زۆر ناخۆش و تیپیک ئێرانی ڕا ببوو بە شارێکی دڵگر و پڕڕەنگ، بە چەشنێک شەقامەکانی لە خەڵکی کورد کە جلوبەرگی کوردییان دەبەردا بوو، شەپۆلی دەداوە. لانیکەم لەو کاتەدا خەڵک ئازاد بوون و زوڵم و زۆریی سەرباز و ژاندارمەکانی ئێرانیان لەسەر نەمابوو.

ئەو کەسانەی کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبوو و لە نیزیکەوە قازی محەممەدیان دیتبوو، بە باشی بۆیان دەرکەوتبوو کە چ کەسایەتییەکی هەیە. هەروەها زۆر زوو تێگەیشتبوون کە ئەو چلۆن لە هەموو جێگایەک بووەتە سیمبۆلی کوردایەتی. قازی پیاوێکی کورتەباڵای تەمەن ٥٠ ساڵە بوو، کە باڵتۆیەکی کۆنی ئەرتەشیی دەبەردا بوو و ڕیشێکی مەخمەری هەبوو. ڕەنگ و ڕوویەکی زاهیدانەی (مورتازانەی) بوو. بەهۆی نەخۆشیی مەعدە تا ڕادەیەک ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. ئینسانێکی کەمخۆر بوو. نە جگەرەی دەکێشا و نە خواردنەوەی ئەلکۆڵیشی دەخواردەوە. لەسەرەخۆ و مەتین بوو. زۆر بە ئارامی قسەی دەکرد و زۆر زووش کاری دەکردە سەر ئینسان. چوارچێوەیەکی فیکریی زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە. هەموو نەتەوەکانی تری دنیای خۆش دەویست، گەلێک لە زمانەکان، بۆ وێنە ڕووسی، کەمێک ئینگلیسی و ئیسپرانتۆی دەزانی. لەسەر مێزی کارەکەی هەمیشە کۆمەڵێک کتێب دەربارەی ڕێزمان و زمانەکانی بێگانە لەسەر یەک داندرابوون.

وا دەردەکەوت کە قازی محەممەد بیر و باوەڕێکی زۆر قووڵی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناویدا فیدا بکا، لە هەمان کاتیشدا ڕووناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو. لە ماوەی هاتنە گۆڕێی مەسەلەی کورددا، لانیکەم داواکەی ئەو وەک ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێراندا شتێکی لەبار و گونجاو بوو. قازی محەممەدیش وەک زۆر کوردی تر پێی وابوو کە کورد و ئێرانی لە ڕەگەزێک پێک هاتوون و لک و پۆی دارێکن و ئێستاش هیچ هۆیەک نابیندرێ کە نەتوانن لەگەڵ ئێرانییەکان بژین، لە کاتێکدا سەردەمی خۆی، میدیا (مادەکان) و فارسەکان بە یەکەوە حاواونەتەوە. قازی محەممەد پێی وابوو کورد لە نەسڵی میدیاکانن. خۆیشی پێی خۆش بوو ئێتیمولۆژیی خۆی لەسەر مەهاباد بڵێ، دەیگوت: ‹› نیشانەیەکە لە میدیاکان››.

تا ئێستا وا دەردەکەوێ ناکرێ ئەو بۆچوونە ڕەد کەینەوە کە قازی محەممەد و لایەنگرەکانیشی ئاواتی کوردستانێکی یەکگرتوویان هەبووە، ئەوان هیوادار بوون کە مەهاباد بکەن بە ناوەندی کولتووریی کوردی و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و تەنانەت جێگای سووریە و سلێمانی بگرێتەوە و دەوری سەرەکیی لەم سەردەمەدا هەبێ.

بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی بێ و بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر درا، لە سەرەتاوە مامۆستاکان مەجبوور بوون لە ڕووی کتێبە فارسییەکان لە قوتابخانەکان دەرس بڵێنەوە، بەڵام ماوەیەک پێش ڕووخانی کۆماری کوردستان، کتێبی کوردی بۆ پۆلەکانی دەورەی سەرەتایی نووسرا و چاپ کرا.

ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێکی سیاسیی مانگانە کە هەردووکیان ناویان کوردستان بوو، هەروەها دوو گۆڤاری تری ئەدەبی، هاوار و هەڵاڵە بڵاو دەبوونەوە، هەمووی ئەو بڵاڤۆکانە لە لایەن ئەرتەشی سوورەوە لە چاپ دەدران و دواییش دەدرانەوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

قازی محەممەد مایەیەکی زۆری بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا و بایەخێکی زۆری پێدا، ڕەنگە وجوود و دەوری چالاکانەی دوو شاعیری گەنج، هەژار و هێمن لەو هەڵوێستەی قازیدا فرە شوێندانەر بووبێ. شێعرەکانی ئەوان سەرەڕای کەم بوونی کاغەز، دیسانیش هەر بڵاو دەبوونەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەو خەبات و تێکۆشانە، ئاکام و بەرهەمی کاری کۆمار، نەگەیشتە ڕادەی ستانداردی دوو شوێنی تری ناوەندی کولتووریی کورد، کە کوردەکان لەوێندەرێ لە ماوەی ٢٥ ساڵدا خوێندن و نووسینیان بە ئازادی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسییەوە مەهاباد لانیکەم وەک نوختەیەکی لێهاتبوو کە لە هەموو لایەکەوە چاویان تێ بڕیبوو. لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ڕووناکبیریی کورد لە بەیرووت و ئیستانبوڵ و بەغداوە بگرە هەتا کێوە بەرز و چڕەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، هەموو لایەک بە تێکڕایی چاوەڕوانیی ئەوەیان دەکرد کە بزانن ئایا قازی محەممەد سەر دەکەوێ یان تێک دەشکێ. هەر نەک لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵی کوردی لە بەغدا، بەڵکە لە لایەن کوردەکانی سووریە و تورکیەش پێوەندی لەگەڵ قازی دەگیرا و نامە و پەیامی بۆ دەنێردرا. ڕووی جووڵانەوەکەی ئەو زیاتر و بە تایبەتی لەو گەنجانە بوو کە پێیان وابوو حیزبەکانی پێشووی کوردی بە باشی ئەرکی خۆیان بە جێ نەگەیاندووە، بۆ وێنە لە عێراق حیزبێکی نهێنیی چەپ بەناوی ڕزگاری دامەزرا کە نیشانەیەک بوو لەو چەشنە بۆچوون و بیرکردنەوەیە.

### هەست و هەڵوێستی دژی سۆڤییەت

حیزبە کۆنەکانی کوردی وەک هیوا لە عێراق و خۆیبوون لە سووریە، قازی محەممەدیان سەبارەت بە پێوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ سۆڤییەت زۆر خۆش نەدەویست. ترس و ناخۆشەویستی و ڕق و بێزاری بەرامبەر بە سۆڤییەتییەکان لەنێو کوردەکاندا گەلێک هۆی هەیە و فرە بە هێزە. پێش هەموو شتێک زۆربەی زۆری کوردەکان مەزهەبین و هەربۆیەش بە نیسبەت هەڵوێستی دژی مەزهەبی سۆڤییەت دڕدۆنگ ماونەتەوە. سەرەڕای ئەوە کوردەکان لە نیزیکەوە چاویان بە زۆر ئاوارەی ڕاکردووی سۆڤییەت کەوتووە و لەگەڵ زۆر موسوڵمانی نێو ئەرتەشی سووریش قسە و باسیان بووە، ئەو سەرباز و ئاوارانەش وێنەیەکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنیان لە وەزعی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی سۆڤییەت و دەسەڵاتی دەوڵەت لە وێندەرێ بۆ کێشاونەتەوە. هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ڕووسەکان لە زووەوە تەنانەت سەردەمی تزارەوە دوژمنی لە مێژینەی کوردان بوون.

هێزەکانی ڕووس لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە گژ کوردەکاندا هاتن و بەشێکی زۆری کوردستانیان خستە بەر هێرش و پەلاماری خۆیان و، وێرانی و دەربەدەرییەکی زۆریان لە پاش خۆیان بەجێ هێشت، بە چەشنێک ئێستاش شوێنەواری لە زۆر کەلێن و قوژبنی کوردستان، وەک دۆڵ و دەڕە و گوندەکانی دەبیندرێ. هەر لە شاری مەهاباد، هێزەکانی ڕووس بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بڕیاریان دابوو کە هەر کەس لە ماڵ بێتەدەر و پێ بنێتە نێو شەقامەکان تەقەی لێدەکەن، بەو جۆرە شاریان تاڵان کرد و ئاگریان تێبەردا.

تەئسیری ئەو بەسەرهاتانە ئێستاش لە بیرەوەریی لەمێژینەی کوردەکاندا هەر ماوەتەوە، بۆیە کاتێک منداڵەکانیان دەگرین و ژێر نابنەوە، بە وشەی ڕووس «عورووس» دەیانترسێنن و ئارامیان دەکەنەوە.

سۆڤییەت زۆری هەوڵ دا کە شوێنەواری ناڵەباری ئەو شێوە هەڵوێستانە لەنێو کوردەکاندا بسڕێتەوە و لەنێویان بەرێ. بۆ وێنە لە لایەک باس و بەزمی ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی سۆڤییەتی هێنا گۆڕێ و لە لایەکی تریشەوە سیامەند سیامەندۆف، ئەفسەری پایەبەرزی ئەرتەشی سوور و قارەمانی لێنینگراد کە خۆی کورد بوو بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرا و چالاکانە هەڵ دەسووڕا.

هەروا سووک و ساکار دەرناکەوێ کە هەتا چ ڕادەیەک سۆڤییەت لە پلانەکانی خۆیدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا، بەڵام بێشک بەشێکی زۆر لە خەڵکی وەک ئاغاوات و دەوڵەمەند و بازرگان و مەلا و شێخ بەرامبەر بە سۆڤییەت هەروا بێباوەڕ و دڕدۆنگ مابوونەوە و سەبارەت بە پێوەندی و تێکەڵاویی ئاشکرای قازی لەگەڵ سۆڤییەت لەویش ناڕازی و نیگەران بوون. دارودیواری ئەو خانووبەرەیەی کەوا دەوڵەتی قازی تێدابوو، بەتەواوی پۆستەری تەبلیغاتیی سۆڤییەتی لێ درابوو. ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان پڕبوون لە وتار و ماتریالی ئەوتۆ کە ڕاستەوخۆ و وشە بە وشە لە ڕووسی ڕا کرابوون بە کوردی. شاعیرەکان بە شان و باهۆی ستالین و ئەرتەشی سووریان هەڵدەگوت و شێعریان بۆ ساز دەکرد.

لە کوردستاندا بە پێچەوانەی شوێنەکانی تری ئازەربایجان، نوێنەرەکانی سۆڤییەت خۆیان ئاشکرا نەدەکرد و وەبەر چاو نەدەکەوتن، جگە لە چەند شۆفیری لۆری کە بۆ سۆڤییەت و دەوڵەتی سەر بە سۆڤییەت کاریان دەکرد. دەیانگوت نوێنەرانی سۆڤییەت لە مەهاباد جێگا و ڕێگایان پێدرابوو، بەڵام کاربەدەستانی کورد ئەو دەنگ و باسەیان بە ڕاست نەدەزانی و بەرپەرچیان دەدایەوە. هاشمۆف، کۆنسوڵی سۆڤییەت لە ڕەزاییە و یاریدەدەرەکەی عەلی ئەکبەرۆف جارجار سەریان لە مەهاباد دەدا.

لە کاتێکدا کە تێرۆریزم ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی داگرتبوو و شەپکەی سیاسی زۆر توند ببوو، لە کوردستاندا تەنیا چەند زیندانیی سیاسی هەبوون. یەک دوو کەسیش ڕەنگە بە هۆکاری سیاسی کوژرابێتن. هەرچەند کە ژمارەیەک لە کوردەکان لایەنگرییان لە کۆمار نەدەکرد، بەڵام دیسانیش توانییان ڕابکەن و بچن بۆ تاران. لە کۆڵان و شەقامەکانی مەهاباددا بە ئاشکرا دەکرا گوێ بدەیتە ڕادیۆکانی ئیستانبوڵ و لەندەن، بەڵام لە تەورێز گوێدان بەم ڕادیۆیانە تاوانێکی مەزن بوو و سزای مەرگی بۆ داندرابوو. یان لە سەرەخۆیی و لیبراڵیزمی قازی محەممەد و دەوڵەتەکەی بوو کە ئەو ئازادییانەی دەستەبەر کردبوو، یان دەنا باڵانسی دەسەڵات لە نێوان عەشیرەتەکاندا بوو، کە هیچ عەشیرەتێک نەیدەوێرا پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕابکێشێ و دەسدرێژی بکاتە سەر ئەندامی عەشیرەتێکی تر.

سەرجەمی بەرهەم و دەسکەوتی سەرەکیی ئەو ئازادییانە ئەوە بوو کە حکوومەتەکە لە نێو خەڵکدا لانیکەم خەڵکی مەهاباد خۆشەویست و جێگای متمانە بێ. خەڵکێک کە زوڵم و زۆریی دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانیان لەسەر لاچووبوو و تامی ئازادی و سەربەستییان چێشتبوو.

### دژایەتی و بەربەرەکانیی عەشیرەتەکان

گەرچی سۆڤییەت بە ئاشکرا تا ڕادەیەک هەوڵی دا کە نێوانی عەشیرەتەکان و کۆمار خۆش بکاتەوە بەڵام لە ڕاستیدا لەو کارەیاندا سەرنەکەوتن. عەشیرەتەکان سەرەڕای زۆر هۆی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی، هۆ و بیانووی زۆر بەهێزی ئابووریشیان هەبوو کە دژایەتیی کۆماری پشتئەستوور بە سۆڤییەت بکەن. بەشێکی زۆری سەرچاوەی بژیوی عەشیرەتەکان گرێدرابوو بە داهاتی توتن، کە ئەویش بە هۆی پچڕانی پێوەندیی کوردستان لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێران، بازاڕی فرۆشتنی تووتنەکەیان تێدا چووبوو و بەو چەشنە باری ژیانیان بە تەواوی قورس ببوو. لە هێندێک شوێن سەرەڕای کەموکووڕیی دەغڵ و دان، خەڵک دەبوایە بەشی بارزانییە لێقەوماوەکانیش، کە لەمێژ بوو بەسەریاندا دابەش کرابوو، بدەن. لەنێو عەشیرەتەکاندا، مام عەزیزی کوڕی قەرەنیاغای ڕەحمەتی، سەرۆکی عەشیرەتی مامەش لەگەڵ بایزاغای مەنگوڕ هاوپەیمان بوون، فرە لە قازی محەممەد ناڕازی بوون و بە ئاشکرا دژایەتییان دەکرد. جێگری کۆنسوولی سۆڤییەت لە ڕەزاییە هەڕەشەی لێ کردن و پێی ڕاگەیاندن کە ئەگەر دەست لە دژایەتی هەڵنەگرن، بارزانییەکانیان دەنێرنە سەر. مام عەزیز بەربەرەکانیی خۆی هەر درێژە پێدا تاکوو بارزانییەکان بە ڕاستیش هێرشیان کردە سەری و ئەویش لە ترسان لەگەڵ پیاوەکانی پێی پێوەنا و هەڵات بۆ عێراق. ئەمەرخانی شکاک،+ وەزیری شەڕی کابینەی قازی محەممەد، وازی لە کارەکەی خۆی هێنا و لە بناری کێوەکانی زیندەشت لە باشووری ڕۆژئاوای شاپوور، بە دوورەپەرێزی و بێلایەنی دانیشت. زۆربەی زۆری عەشیرەتەکانی تری باکووری کوردستان لاسای ئەمەرخانیان کردەوە و وازیان لە



کۆماری کوردستان هێنا. تەنیا ئەو عەشایرەی کە قازی محەممەد دەیتوانی لەسەریان حیساب بکا، یەکیان عەشیرەتی گەورک بوو لە مەهاباد کە نیزیک هەزار چەکداریان هەبوو، ئەوی تریشیان بەشێک لە عەشیرەتی چووکەی زەرزا لە ناوچەی شنۆ بوو.

تەنانەت مەلا مستەفا و بارزانییەکانیش لەبەر ئەوەی قازی محەممەد چیتر نەیدەتوانی بەخێویان بکا، وردە وردە سارد دەبوونەوە. کاتێک دەوڵەتی تاران هەستی بەوە کرد کە قازی محەممەد بێ پشت و پەنا ماوەتەوە، شووی لێ هەڵکێشا و و ڕۆژ بە ڕۆژ زەخت و گوشاری زیاتری بۆ کۆمار هێنا. هەرچەند سۆڤییەت بەڵێنی دابوو کە لە هەموو بارێکەوە یارمەتییان بکا، بەڵام هەتا ڕۆژی ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٩٤٦دا نە لە چەکی قورس باسێک هەبوو، نە لە هێزی چەکداری پەروەردەکراو. لەڕاستیدا هیچ جۆرە هێزێکی چەکداری ڕێکوپێک لە گۆڕێدا نەبوو. کاتێک کە ئێرانییەکان بە مەبەستی هێرشهێنان لە هەموو بارێکەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون، قازی محەممەد بە توورەیی و بە پەلە پەیامی بۆ عەشیرەتەکان، کە تەنیا هیوا و هومێدی بوون نارد و پێی ڕاگەیاندن کە، سۆڤییەت بەڵێنی یارمەتی پێداوین و داوا لە ئێوەش دەکەم بچن بۆ بەرەکانی شەڕ لە دژی ئەرتەشی ئێران. عەشیرەتەکان داواکەیان ڕەت کردەوە!

### دامەزرانەوەی دەسەڵاتی ئێران

ئێستا ئیدی ڕووداوەکان بەخێرایی تێپەڕ دەبن، دەوڵەتی تاران پێی داگرتووە و دەڵێ دێموکراتەکانی ئازەربایجان ناوچەی زەنجان کە سەر بە ئازەربایجان نییە چۆڵ بکەن. کاتێک ئێران ئەرتەشی لە ناوچەکە خزاند و لەسەر داواکەی خۆی سوور بوو، دێموکراتەکان ڕازی بە چۆڵکردنی ناوچەکە بوون، بە چەشنێک کە هەتا ئاخری مانگی نۆڤامبر ئەو ناوچەیە بە تەواوی کەوتە ژێردەستی ئەرتەشی ئێران. ماوەیەک پاشتر واتە لە نیوەشەوی ١٠ی دێسامبردا ئێرانییەکان هێرشیان کردە سەر پێگەی دێموکراتەکان لە دۆڵی قافلانکۆی باشووری شاری میانە. دوای شەڕێکی بیست و چوار سەعاتە، دێموکراتەکان تێک شکان و بەرپرسەکانیان زۆر بەپەلە، لە ساڵڕۆژی گیرانی تەورێزدا ڕێگای دوورودرێژی سۆڤییەتیان گرتەبەر و بۆی دەرچوون.

سەرۆکی دەوڵەتی دێموکراتی ئازەربایجان لە تێلگرافێکدا کە بۆ قەوام کردبووی، گوتبووی کە: سەیفی قازی، واتە فەرماندەری کوردی ئاگاداری بڕیارەکەی خۆی کردووە و پێی گوتووە کە داوا لە هێزەکانی خۆی بکا تەقە بوەستێنن. سەدری قازی، برای قازی محەممەد کە نوێنەری پارلمانی ئێران بوو و لە نێوان قازی محەممەد و ئێراندا هاتوچۆی دەکرد، لە ڕۆژی ١٣ی دێسامبردا لە مەهاباد ڕا چووبۆوە میاندواو. سەدری قازی لەوێندەرێ بە ژێنراڵ هومایوونی گوتبوو کە کوردەکان ڕازین ئەرتەشی ئێران بەبێ شەڕ و خوێنڕشتن بێتەوە ناوچەکە. ژێنراڵ هومایوونی لە وەڵامدا گوتبووی کە پاش ئەوەی بارزانییەکان لە ناوچەی مەهاباد پاشەکشەیان کرد، ئەوکات ئەرتەش بەرەو مەهاباد وەرێ دەخا. هومایوونی لە مەنگوڕ و مامەشەکان کە لە عێراق ڕا گەڕابوونەوە، هەروەها لە بەشێک لە دێبوکرییەکان کە سەر بە دەوڵەت بوون، دەستەیەکی تەیار کرد و بە سەرۆکایەتیی سەرهەنگ غەفاری وەپێشی دان. پێش ئەوەی بگەنە شاری مەهاباد لە نیزیک شار نوێنەرانی قازی محەممەد هاتن و پێیان گوتن، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکەی ئێمە و ژێنراڵ هومایوونی قەرار وابوو ئەرتەش شار بگرێتەوە نەک ئەو عەشیرەتانە، کە لەوانەیە شار بشێوێنن. عەشیرەتەکان بەبێ تەقە پاشەکشەیان کرد و لە ١٥ی دێسامبری ١٩٤٦دا، دوای ئەوەی بارزانییەکان مەهابادیان چۆڵ کرد و بەرەو نەغەدە کشانەوە، ئەرتەشی ئێران هاتەوە مەهاباد و کۆتایی بە تەمەنی یەک ساڵەی کۆماری کورد هێنا.

خەڵک پێشوازییەکی زۆریان لە ئەرتەشی ئێران کرد. قازی محەممەد و فەرماندەرەکانی ئەرتەش چاویان بە یەکتر کەوت. بەڵام لە ١٧ی دێسامبردا ژمارەیەک لە کوردەکان گیران و ڕۆژی دواتریش قازی محەممەد و سەیفی قازی و زۆر کەسی تر گیران. تەنیا ئەندامێکی دەوڵەتی قازی کە ئازاد مایەوە و نەگیرا، حاجی بابەشێخ بوو کە بە هۆی پلەی بەرزی ئایینی و ئیحترامێکی کە لەنێو خەڵکدا هەیبوو، خۆیان تێنەگەیاند. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان توانییان لە گوندەکاندا خۆ بشارنەوە یان ڕابکەن بۆ عێراق.

سەرەڕای گرتن و ڕاونان، تەمبێیانەی بەشێک لە بەرپرسەکانی کورد ئەوە بوو کە دەبوایە جێگەوڕێگەیان دابا بەو عەشیرەتانە کە لایەنگری دەوڵەت بوون و دەبوو بەخێویان کردبان. ئەوە مێتۆدێکی ئێران بوو کە لە لایەک کاتیان بە فیڕۆ نەدەچوو و لە لایەکی تریشەوە پێویستیان بە پێکهێنانی مەحکەمە نەدەبوو.

سەدری قازی لە ماوەی تەمەنی یەک ساڵەی کۆماردا، کاتێک دەیتوانی تاران بەجێ بێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، کە دەوڵەتی ئێران داوای لێکردبایە. بەڵام لە ئاخر سەفەردا کاتێک کە لە ٣٠ی دێسامبردا دەگەڕاوە بۆ تاران، لە ماڵەکەی خۆیدا گیرا و هێنایانەوە مەهاباد و لەگەڵ براکەی لە بەندیخانەیان کرد. ئەرتەش بە خەڵکی ڕاگەیاند هەر کەس سکاڵا و بەڵگەیەکی لە دژی بەندییەکان هەیە ڕای بگەیەنێ. پاش لێکۆڵینەوە و مەحکەمەیەکی نیزامی، قازی محەممەد و سەیفی قازی و سەدری قازی بە مەرگ مەحکووم کران و لەبەرەبەیانی ٣١ی مارسی ١٩٤٧دا لە مەیدانی (چوارچرا)ی مەهاباد لەسێدارە دران.

دەوڵەتی ئێران بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەی شوێنەواری دەوڵەتی قازی محەممەد «کەمپەینێکی» بەربڵاوی وەرێ خست. چاپخانە و ڕۆژنامە نووسینی کوردی خڕکرایەوە و خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا و هەموو کتێبەکان لەبەر چاوی خەڵک ئاگریان تێبەر درا. بۆ چاوترسێنکردنی عەشیرەتەکانیش ١١ کەس لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی و گەورکی سەقز ئێعدام کران. پاش گیرانەوەی ئازەربایجان، دەوڵەتی دێموکراتی ئازەربایجان هێشتا بە تەواوی نەڕووخابوو کە جووتیار و کرێکار و بازاڕی دەستیان کرد بە کوشتن و ڕاونانی دێموکراتەکان. دژکردەوەی ئازەرییەکان بە مانای ئەوە بوو، کە حکوومەتی دێموکراتی ئازەربایجان نەتەنیا لە نێو خەڵکدا خۆشەویست نەبوو، بگرە زۆریش لێی بێزار بوون. ئەوە زۆر شتێکی سەرنجڕاکێشە کە لە مەهاباد ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان زۆر بە هێمنی پێوا و هیچ کارەسات و دژکردەوەیەکی لەم چەشنە نەقەوما.

دیاردەیەکی زۆر زەق و بەرچاو لە ئازەربایجان ئەوە بوو کە حکوومەتی دێموکراتەکان پۆلیسی نهێنیی فرە بەهێزی وەک ئامرازێک کە لە هەلومەرجی پێویستدا کەلکی لێوەرگرن ساز کردبوو. لە حاڵێکدا قازی محەممەد هیچ گرووپ و ئامرازێکی لەو چەشنەی پێک نەهێنابوو. ئەو فاکتۆرانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و ڕایدەگەیەنن کە دەوڵەتی قازی محەممەد لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا، لانیکەم لە مەهاباد وەک پێتەختی خۆی خۆشەویست و جێگەی ڕێز و متمانە بوو. لە ناوچەکانی باکووردا ئەمەرخانی شکاک و عەشیرەتەکانی سەر بە ئەو، هیچ دەورێکی بەرچاویان لەو ڕووداوانەدا نەبوو. ئەرتەشی ئێران لە کاتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان، بۆ ئەوەی دەستی بە تەواوی ئاواڵە بێ و منەتی خەڵکی تر نەکێشێ، ئەمەرخانی شکاکی ئاگاداری پلان و گەڵاڵەکانی خۆی نەکرد.

کاتێکیش کە ئەمەرخان بەپێی هێندێک کەینوبەین، پیاوەکانی خۆی بۆ هێرش بردنە سەر دێموکراتەکان کۆ کردبۆوە، هێشتا هیچ جووڵەیەکی نەکردبوو کە شەڕ کۆتایی هات. ئەمەرخان و عەشیرەتەکانی تر، بە ناردنی دیاری و بەرتیل بۆ ئەفسەرەکانی ئێران، وەفادارییی خۆیان ڕاگەیاند، ئەرتەش لێیان خۆش بوو و ئیجازەی پێدان لەسەر جێگەوڕێگەی خۆیان دامەزرێنەوە.

تەنیا زیرۆبەگ نەبەخشرا، ئەویش بە هۆی ئەوە بوو، کاتێ خەریکی وتووێژ لەگەڵ ژێنراڵ هومایوونی بوو، پیاوەکانی لە بالانیش پەلاماری سەربازە ئێرانییەکانیان دابوو. پاشان زیرۆبەگ مەجبوور بوو لەگەڵ هێندێک لە پیاوەکانی خۆی و ئاسۆرییەکان بەرەو شنۆ بڕۆن و پەنا بۆ مەلا مستەفای بارزانی بەرن، کە تەقەوەستانێکی کاتیی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندبوو.

دەوڵەتی ئێران داوای لە مەلا مستەفا کرد کە یان چەک دابنێ، یان دەنا دەبێ لەگەڵ عەشیرەتەکەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق. لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا داواکەی دەوڵەتی قبووڵ نەکرد، دیسان شەڕ دەستی پێکردەوە. تا ژووئەنی ١٩٤٧، بارزانییەکان بەشەڕ کردن خۆیان گەیاندە ماکۆ و لەوێندەرێ ڕا سنووریان بڕی و ئاودیوی سۆڤییەت بوون.

### پوختە و ئەنجام

بە گیرانەوەی مەهاباد بە دەستی ئەرتەشی ئێران، خەبات و تێکۆشانی ئەم دواییەی کوردەکان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کورددا کۆتایی پێهات. ئەم جارەش هەروەک جارانی پێشوو هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنی کوردەکان، نەبوونی یەکیەتی لەنێو ڕیزەکانی خۆیاندا بوو. لە کاتێکدا زۆربەی زۆری بەڕێوەبەران و کادرەکانی جووڵانەوە لە توێژی ڕووناکبیر و تێگەیشتووی شار و شارۆچکەکانەوە هاتبوون، باڵی نیزامیی جووڵانەوەکە هەمیشە لە عەشیرەتەکان و سەرۆکەکانیانەوە پێک دەهات، کە بە تێکڕایی نەخوێندەوار و هەلپەرەست بوون، کە لەگەڵ کزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت دەستیان کرد بە ڕاوڕووت. ئەوە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد بوو.

لە ماوەی ساڵی ١٩٤٦دا عەشیرەتەکان زۆر ئاسایی دژایەتیی دەسەڵاتی دەوڵەتی کوردیان دەکرد. ئەوان ئەو سەربزێوییەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا بوویان، لە سەردەمی حکوومەتی قازی محەممەدیشدا کە وەکی خۆیان لە ڕەگەزی کورد بوو، درێژەیان پێدا. زۆربەی عەشیرەتەکان لەلایەک بەپێی سروشتی عەشیرەتی و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی دڕدۆنگی و بێمتمانەیی بەرامبەر بە پێوەندییەکانی قازی و سۆڤییەت، پاڵیان وە ئەرتەشی ئێران دا.

هۆکاری ڕووخانی کوتوپڕ و لەناکاوی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە سەر سۆڤییەت کە نەیتوانی یارمەتیی پێ بکا. حیزبێکی تازە پێکهاتووی بەهێزی میللی، کە بەشی هەرە زۆری خوێندەوارە کوردەکانی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە، کەوتە ژێر تەوژمی کاریگەریی بێگانەکان و پاش ئەوەی کە بە گوێرەی گونجاو کەڵکی خۆیانیان لێ وەرگرت، پشتیان تێکرد و بەجێیان هێشت. ئەو دەوڵەتە چووکەیە کە لە ژێر چاودێری و پاراستنی ئەرتەشی سووردا پێکهاتبوو، تەنیا کاتێک دەیتوانی درێژە بە تەمەنی خۆی بدا، کە ئەرتەشی سوور گەڕاباوە. دوای ئەوەی لە لایەک کوردەکان هومێدێکی ئەوتۆیان نەمابوو و لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی ئێران لە ناوچەکەدا سەقامگیر ببۆوە، ئیتر هیچ شانس و ئاسۆیەکیش بۆ جووڵانەوەی قازی محەممەد نەمابۆوە کە درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە بوون بەهۆی ئاڵوگۆڕێکی فرەبەرچاو لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا. ئێستا ئیتر نە کۆمەڵە ماوە و نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەشێکی زۆر لە ڕێبەران و بەرپرسەکانی کورد یان مردوون یان زیندانی کراون و یان لە دوورەوڵاتیدا دەژین. بەڵام دیسانیش هەمووی ئەوانە بەو مانایە نییە کە ناسیۆناڵیزمی گەلی کورد لەنێو چووە. پشت و پەنای کۆماری کوردستان بەشی ڕووناکبیر و پێشکەوتووی کۆمەڵانی خەڵک بوون کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی، لە حاڵی پەرە ئەستاندندا بوون. نەیارەکانی کۆمار لە کەسانێک پێک هاتبوون کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە حاڵی کەمبوونەوە و لەنێو چووندا بوون. دەبێ داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون کاتەوە، کە ئایا لە شوێنێکدا کە خەڵکەکەی مرید و لایەنگری ڕێبەرانی مەزهەبی و سەرۆک عەشیرەتەکانن و ناسیۆناڵیزم بۆیان دیاردەیەکی نەناسراوە، جووڵانەوەی کوردی شتێکی پراکتیک و گونجاوە؟ کوردەکان هەرگیز وڵاتی یەکگرتووی خۆیان نەبووە و بەیەکەوە تامی بەرهەمی کولتووری لەمێژینەی خۆیان نەچێشتووە.

کێوەکان وەک پەرژینێک ئەوانیان لە یەکتر دوور خستووەتەوە و هەمیشە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کولتووری و ئابووریی خۆیان مەجبوور بوونە چاولەدەستی پێتەختی ئەو دەوڵەتانە بن، کە وڵاتەکەیانی داگیر کردووە، ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی وا کوردستانیان داگیر کردووە، نەتەوەکەی خۆیان لە ژووررووی کوردەکان دانەنابایە و کۆتاییان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کورد هێنابا و تا ڕادەیەکیش ئۆتۆنۆمییان پێدابان، ڕەنگ بوو توانیبایان متمانەی کوردەکان بەرەو خۆیان ڕاکێشن و فیدراسیۆنێکی فرەنەتەوەیی بە شێوەی سویس پێک بێنن. وڵاتانی عەرەبی لەم پێوەندییەدا هەنگاوی یەکەمیان ناوەتەوە، ئەگەر دەست و دەسەڵاتی بێگانە لێی گەڕابایە، دەکرا لە ئێرانیش سیاسەتێکی لەم چەشنە بەکار بهێندرێ کە لە جیاتی جودایی، کورد و ئێرانییەکان لێک نیزیک بکاتەوە.

# کۆمەڵکوژیی قەرەگۆل، سەوزی و سەرچنار، کارەساتێکی لەبیر نەکراو



ڕەحمان سەلیمی

ڕێبەندانی ١٣٦١ی هەتاوی وەبیرهێنەرەوەی مەرگەساتێکە لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لاپەڕەیەکی لەبیرنەکراوە لە کارنامەی ڕەش و پڕ لە شوورەیی کۆماری ئیسلامیدا؛ مێژوویەک کە پڕە لە جینایەت و تراژێدی دژی گەلی کورد. گەلێک کە بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی پاشایەتی و لەگۆڕانی دیکتاتۆری و چەوسانەوەی نەتەوەیی، هاوشان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕاپەڕیبوو و خوازیاری ئازادی و سەربەستی بوو لە نیشتمانی خۆیدا، گرفتاری دەسەڵاتێکی خوێنڕێژتر و مەرگ هێنەرتر بۆوە کە لە پێناو پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی کۆمەڵێک مەلای دواکەوتوو و مرۆڤکوژ و لە هەمان کاتدا فاشیست، دەستی بۆ دڕندانەترین و وەحشیانەترین شێوازەکانی لەنێوبردنی گەلی کورد برد کە تا ئێستاش تارماییەکان لە سەر ئەو جینایەتانە چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی ڕای گشتی لە ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا نەڕەویونەتەوە و ئەم جینایەتانە لە شێوەی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامن. خستنەڕووی ئەو مەرگەساتانەی کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش و تا ئێستاش دژ بە گەلی کورد خوڵقاندوویە، کارێکی دژوارە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و بابەتییانە هەیە. ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە خەڵکی مەدەنی و بەمەبەستی قڕکردن و تواندنەوەی گەلێک بە فەرمانی خومەینی و لە لایەن پاسدارە نەخۆش و قین لە دڵەکانی کلیل بە ملەوە، بە بەرچاوی کوێری ویژدانی مرۆڤایەتی و گوێی کەڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئەنجام دران، هێندە سامناک و دڵتەزێنن کە زمان لە گێڕانەوەیاندا لاڵ و قەڵەم لە نووسینەوەیاندا کولە. دوای ئەوەی هەموو هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ چارەسەری پرسی کورد و وەدیهێنانی مافەکانی لەگەڵ ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی خومەینی شکستی پێ هێنرا و تاریکپەرستانی تاران بە ئاگر و ئاسن هێرشیان کردە سەر کوردستان، بەرگریی ڕەوای پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد، بە شێوەیەک کە دەسەڵاتدارانی تاران هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە گەلی کورد ناچێتە ژێر باری سیستمی ئیدۆلۆژیک و سەدە نێوەڕاستیی دینیی مەلاکان. هەر بۆیە ئاخوندەکانی تاران سیمای ڕاستەقینەی خۆیان خستەڕوو و بە تۆپ و تانگ و ئاگر و ئاسن کەوتنە گیانی گەلی کورد و بە دەیان هەزار ڕۆڵەی کوردیان کردە قوربانیی فاشیزمی مەزهەبیی فارس و تورک. یەکێک لە تاڵترین و دڵهەژێنترین جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٦١ی هەتاوی ڕووی دا. لەو ڕۆژە سارد و شوومە زستانییەدا، پیاوکوژەکانی خومەینی لە ژێر ڕێنوێنیی ئایینیی ئەربابەکانیان و بە فەرمانی فاشیزمی تورک_ فارسی دەسەڵاتدار هێرشیان کردە سەر ئاواییەکانی قەرەگۆل و سەوزی و سەرچنار لە ناوچەی چۆمی مەجید خانی شاری مەهاباد. ئەوە لە کاتێکدا بوو زۆربەی پیاوانی ئەو گوندانە بە دوای شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا، بۆ پاراستنی گیانیان لە دەست شەوپەرستانی تاران بە ڕۆژ ماڵیان چۆڵ دەکرد و بە شەو دەگەڕانەوە ماڵەکانیان. ئەوان لەمێژ نەبوو شاهیدی کۆمەڵکوژیی قارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش و دەیان ناوچەی دیکەی کوردستان ببوون و، باش لە دڕندەیی و بێڕەحمیی چەکدارانی خومەینی تێگەیشتبوون کە چۆن وەحشیانە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ بەهایەکی ئینسانی تەنیا بۆ کوردکوژی هاتبوونە کوردستان، تا بە پیل فەتوا شوومەکەی حەڵاڵکردنی خوێنی کوردان لە لایەن پیرە خەرفاوەکەی جەماران بێن و بە وتەی خۆیان «کفر» لەنێو بەرن. هەر بۆیە هەموو ڕۆژێ لە سەرما و سۆڵی زستاندا و بە نێو بەفری ڕێبەنداندا ناچار بوون بەرەبەیانیان بەپێیان لە ماڵ وەدەر کەون و ئاوارە بن. چونکە دەیانزانی ڕێژیم بە دوای شکستی هێزە مشەخۆرەکانی و بێدەرەتانیی بەرامبەر ورەی پۆڵایینی پێشمەرگە، تۆڵە لە خەڵکی بێدیفاعی ناوچە دەکاتەوە و ڕەحم بە هیچ کەس ناکا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٧ی ڕێبەندان سپای تاوان و کوردکوژی پاسداران، نەبوونی پێشمەرگە لە ناوچەیان بە دەرفەت زانی و بە شێوەیەکی مەغوول ئاسا هێرشیان کردە سەر گوندەکانی قەرەگۆل و سەوزی و سەرچنار و بە دەیان کەس لە خەڵکی مەدەنیی ئەو گوندانەیان تەنیا بە تاوانی کوردبوون خەڵتانی خوێن کرد. لەو کۆمەڵکوژییە هەژێنەرەدا لە گوندی سەوزی پێنج کەس، لە گوندی قەرەگۆل ١٨ کەس و لە گوندی سەرچنار زیاتر لە بیست کەسیان بەوپەڕی دڕندەیی و بەبەرچاوی ژن و منداڵەوە گوللەباران کرد. پاسدارە ترسەنۆکەکانی ڕێژیم کە لە ئاست ئازایەتی و نەبەردی پێشمەرگەدا دەستەوەستان و داماو بوون، بەو شێوەیە خەڵکی بێدیفاعیان کردە ئامانج و تاوانێکی گەورەیان خوڵقاند کە هەرگیز لە بیرەوەریی جەمعیی خەڵکی چۆمی مەجیدخان ناسڕێتەوە. قوربانیانی ئەو ڕووداوانە کە لە مێرمنداڵەوە بگرە تا پیری تەمەن هەشتا ساڵیان تێدا بوو، بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لە نێو بەفر و سەهۆڵبەنداندا کەوتبوون و کەس نەیدەتوانی بە خاکیان بسپێرێ تا سەرەنجام لە ئاوارەیی و نەبوونی پیاوانی ئەو گوندانەدا، تەرمی زۆربەی شەهیدەکان لە لایەن شێرەژنان و شێرە کچانەوە تەسلیم بە خاکی نیشتمان کران. دوژمنانی گەل کە بە خەیاڵی خۆیان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی ناوچە و هێزی پێشمەرگە ئەو تاوانە گەورەیەیان خوڵقاند و دەیان دایک و خوشکیان جەرگ سووتاو و دەیان منداڵیان بێ باب کرد، بەو کارەیان نە تەنیا نەیانتوانی بیری مافخوازی و پێشمەرگانە لە خەڵکی ئەو گوندانە و سەراسەری کوردستان بسڕنەوە، بەپێچەوانەوە بوونە هۆی کڵپە سەندنی هەرچی زیاتری ڕوحی شۆڕشگێڕی و بەگژداچوونەوە. دوای تێپەڕبوونی ٣٦ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا و دەیان و سەدان جینایەتی دیکەی کۆماری ئیسلامی، ئێستا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەمیشە لە سەر مافخوازی و داوا نەتەوایەتییەکانی سوورە. دوای تێپەڕینی ٣٦ ساڵ بە سەر کارەساتی کۆمەڵکوژیی قەرەگۆل و سەوزی و سەرچنار، یاد و ناوی شەهیدان بەرز ڕادەگرین و سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دادەنوێنین.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## ئەشکەنجە و غرووری بەندیی سیاسی



محەممەد محەممەدی

(٣-٢)

کەمتر لە یەک مانگ بەسەر ئازادبوونەکەمدا تێپەڕیبوو کە لە ڕادیۆ حیزبەوە پەیامم بۆ هات کە «قەندیل ١» وەرە بۆ لامان. بەڕادەیەک بەو هەواڵە خۆشحاڵ بووم کە ئەشکەنجە و جەزرەبەکانی ئەو ماوەیەم بەتەواوی لەبیر چۆوە. دوای چەند ڕۆژان خۆم گەیاندە بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان و پاش دیدار تازە کردنەوەیەک و ڕاسپاردنی هێندێک ئەرک؛ سەر لە نوێ سازمان درام و گەڕامەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیسانەوە دەستم کردەوە بە چالاکی و سازکردنەوەی هەستە تەشکیلاتییەکانمان. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرک و چالاکیی حیزبی خەریکی کاروکاسبیش بووم، ڕۆژێک لە نێوشاری دێولان تووشی مەئمووریک بووم و پێی گوتم: «ئەوە نەگیراوی؟» گوتم تازە ئازاد بووم و ئەویش گوتی کە نا ئەتۆ هێشتا ساڵێک لە حوکمەکەت ماوە و چ قازییەکی وا وا لێهاتوو، ئەو یەک ساڵەی تۆی کردووەتە تەعلیقی؟ لەدوای ئەوە زۆری نەخایاند قۆڵبەست کرام و پاش ٤٠ ڕۆژان ئەشکەنجە و لێپێچینەوە، هیچم لەسەر نەسەلمێندرا بە دانانی بارمتە و بەشێوەی کاتی ئازاد کرام، بەڵام بازجووەکە پێی گوتم کە ئەو یەک ساڵە هەر دەبێ بکێشی و دادگا ناتوانێ بۆت بکاتە تەعلیقی؛ بە هەر شێوەیەک بوو بڕیاری خۆیان بردە سەرێ و دەستبەسەریان کردم و بۆ زیندانی ناوەندیی سنە گواسترامەوە. لە زیندان بێجگە لە حەسەن گۆران هەموو هاوڕێیانی پێشووم لەوێ مابوون.

لێرەدا بەجێیە چەند بیرەوەرییەکی خۆم لە ڕۆژانی زیندانم بگێڕمەوە؛ شەهید محەممەد نەدیمی کە ئەو کات پێکەوە لە زیندان بووین، ڕۆژێک لە سەر ئەوەی کەسێک سووکایەتیی کردووە بە شەهیدان، لەگەڵی بەشەڕ هات و هێندی لێدا کابرا یەکڕاست بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان گوازرایەوە و شەهید محەممەدیش بۆ زیندانی تاکەکەسی. لە دوای چەند ڕۆژێک لەو ڕووداوە گەڕانەوەی بۆ بەند، هات بۆ لام و لێی پرسیم: «دەزانی ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟» لە وڵامدا گوتم بەڵێ، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. پێی گوتم دەی باشە بۆ وا بێهەست و بێهەڵوێستی؟ دوایە وەرە بۆ مزگەوتی زیندان. کە چووم دیتم زۆربەی هەرەزۆری حیزبییەکانی لەوێ کۆ کردووەتەوە و، هەر لەوێدا و بە ساکاری بۆنەیەکمان ڕێک خست و ئەو کارە بووە هۆی وەرەبەخشینێکی زۆر بە من و هەموو هاوڕێیانی دیکەش. سێ ڕۆژ دواتر، واتە ڕۆژی سێزدەبەدەر کەش و هەوایەکی زۆر خۆشی هەبوو و ئێمەش سفرەی نەهارمان لە حەوشەی زیندان ڕاخستبوو کە بانگیان کردم بۆ ژووری چاوپێکەوتن. بەپەلە ڕۆشتم دیتم دایکم هاتووە بۆ سەردانم (چاوپێکەوتنەکانمان لە پشت شووشە و بە تەلەفوون بوو)، دایکم خەمێکی گەورە بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، لە پاش چاک و چۆنی، لە کەش و هەوای دەرێم پرسی و ئەویش لە وڵامدا گوتی: «باران و بەفرێکە ڕۆڵەگیان هیچ کەسێک ناتوانێ ماڵەوماڵ بکا و هەموو لە ماڵ خزیون! لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە چێشت و نانێکی زۆری ساز کردووە و زۆر لە بەرپرسانی زیندان پاڕاوەتەوە و تەنانەت سەرشانی یەکیشیانی ماچ کردبوو بەڵام بەو حاڵەش نەیانهێشتبوو خواردنەکانمان بۆ بێنێ. بەوەی کە دایکم لەبەریان پاڕابۆوە زۆر تێک چووم و لەسەر دڵم گران هات، چونکی دوو ڕۆژ پێشتریش، باوکم قەندی بۆ هێنابووم و مەئموورەکان لێیان وەرگرتبوو و هەموو قەندەکەیان لە بەر دەرکی زیندان پڕش و بڵاو کردبۆوە. قسەکانی دایکم و ڕوخساری شەکەت وماندووی و دڵشکاوییەکەی ئاگری لە جەستەم بەردابوو. خۆم پێ ڕانەگیرا، لە قوڵپەی گریانم دا و دایکمم بەبێ ماڵاوایی کردن بەجێهێشت!

ساڵی ٧٦ کە لە زیندان ئازاد بووم، بۆ ماوەیەک چالاکییەکانم ڕاگرت هەتا دیسان لەلایەن حیزبەوە پێوەندیم پێوە کرا و سەر لە نوێ لەگەڵ هاوڕێیان خۆمان سازمان دایەوە و دەستمان بە کار و چالاکییەکانمان لە ناوچەکانی دێولان و سنە کردەوە. لە ساڵەکانی ٧٧ تا ٨٢ بە دەیان جار ماوە ماوە گیراوم، ئەشکەنجە کراوم و دوایە بەردراوم. جاری واش هەبووە بە ماشێن لە بەیانییەوە ڕفێندراوم و هەتا ئێوارێ لە دوای لێدان و بێڕێزی کردن و هەڕەشە و گوڕەشە، لە دەرەوەی شار فڕێیان داومەتە خوارێ و؛ ئەگەر بمهەوێ باسیان بکەم زۆر دەخایەنێ.

کە ژیانی هاوبەشیشم پێک هێنا هەر بە هەمان شێوە و بگرە سوورتر لە جاران درێژەم بە کار و چالاکییەکانم دا. ڕۆژی زەماوەندەکەم ٢٦ی سەرماوەز دانابوو. ئەوەش ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە دێولانی هار کردبوو و هاتن لێمانی تێکدەن و بمگرن؛ بەڵام بە حەول و تکای پیاوانی ڕیش سپی و خۆشناوی ناوچەکە پێش بەم کارە گیرا. دواتریش بەبۆنەی چالاکی و هەڵسووڕان لە بۆنەکان و بەڕێوەبردنی بەشکۆی جێژنی نەورۆز و... چەند جارێکی دیکە گیرام و ئازاد کرام و هەر جارەی نیزیک بە مانگ دەیانخستمە بەندیخانەی ئیتلاعاتەوە.

لەتبوونی حیزب یەکێک لە ناخۆشترین ڕووداوەکانی ژیانم بوو. لە دوای لەتبوونی حیزب گوشاری زیاتریان خستە سەرمان و تەنانەت چەند جار بەڕاشکاوی هەڕەشەی کوشتنم لێکرا. ئەوکات دووکانێکی وێنەگرییم هەبوو کە وەک بنکەیەکی حیزبی چاویان لێدەکرد و زۆریان حەول دا ئەو دووکانەم نەمێنێ. هەتا ڕۆژێکی چووم بۆ سەر کار و دووکانم هەڵگرت و هەر کە دەزگاکانم هەڵکرد لەپڕ دەزگاکان تەقینەوە و دووکانەکەم ئاگری گرت و سووتا. لە ئیدارەی بیمە پێیان گوتم کە ناتوانین خەسارەتی دووکانەکەت قەرەبوو بکەینەوە و ئەمە بڕیارێکە لە سەرووترەوە هاتووە. بانگ کرامە ئیتلاعات و بەرپرسی ئیتلاعاتیش دڵنیای کردم و پێی گوتم کە بۆخۆمان ئەو کارەمان کردووە و پێشمان خۆش بێ تەنانەت دەشتکوژین، بۆیە ئاگات لە خۆت و هەڵسوکەوتەکانت بن...

لە دوای کۆنگرەی ١٤، کۆبوونەوەیەکمان بۆ ئەندامان گرتبوو. دە ڕۆژ ڕانەبردبوو کە هەڵیان کوتایە سەر ماڵمان و کتێب و هەموو کەلوپەلە شەخسییەکانمیان لە چەند تەلیس کرد و لەگەڵ خۆیان بە دەست بەستراوەیی بردیانم. لە پاش زیاتر لە سێ مانگ تەحەمولی زۆرترین و قورسترین ئەشکەنجەکان و ئازاردانی ڕووحی و جەستەیی لە زیندانی تاکەکەسیدا درامە زیندانی شاری سنە و دواتر بەڕێی بەندیخانەی قوروە کرام.

# بەرگری و بەگژداچوونەوەیەکی ڕەوا

## (خوێندنەوەیەک بۆ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی)



سمایل شەڕەفی



لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا، کوردستان هەلومەرجێکی تایبەتیی سیاسی – ئەمنیەتیی بەسەردا سەپێندرابوو؛ ساواک سێبەرێکی پڕ سام و تۆقاندنی بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەبوو، هەر جۆرە جموجوڵێکی سیاسیی بە گرتن، ئەشکەنجە و داسەپاندنی حوکمی قورس وڵام دەدرایەو؛ کورد وەک نەتەوەیەک کە داوای مافە ئینسانی و ڕەواکانی خۆی دەکرد، حاشا لە بوونی دەکرا، کوردستان لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە لەوپەڕی پاشکەوتوویدا ڕاگیرابوو. بۆیە سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی شارە گەورەکانی ئێران دژ بەم نیزامە بۆ خەڵکی کوردستان جێی هیوا و هومێد بوون. هاوکات لە گەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و دەستپێکردنی خۆپێشاندان دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە شار و ناوچەکانی ئێران، ڕق و قینی پەنگخواردووی خەڵکی کورد تەقییەوە و خۆپێشاندانەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا کوردستانیشی گرتەوە. درووشم و داوای خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە وردەوردە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. ئەگەر ئەم شۆڕشە لە تاران و شار و ناچەکانی دیکەی ئێران ڕوخسار و نێوەرۆکێکی مەزهەبیی هەبوو و خەڵک چاویان لە "ڕێبەری" ئەم شۆڕشە _ خومەینی_ بوو، لە کوردستان نە داواکارییەکان مەزهەبی بوون و نە خومەینی ڕێبەر بوو. داواکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی گەلاڵەی خودموختاری لەلایەن حیزبی دێموکرات و حیزب و کەسایەتییەکانی دیکەوە دیاری کرابوون و بەرەوڕووی کاربەدەستانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی تاران کرانەوە. خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەرەتای ئەم شۆڕشەوە لە دەوری بەرنامە و سیاسەتی حیزبەکان کۆببوونەوە، لە ڕێگای کۆبوونەوە و میتینگی جەماوەری و یەکەم هەڵبژاردنەکانەوە بەزۆری متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکرات بەخشیبوو. بۆیە لە قۆناغی ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا، هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند جارێک لەگەڵ خودی خومەینی و کەسانی دیکە لە دەوڵەتی کاتی چاوپێکەوتنیان کرد. پیاوە مەزهەبییە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووەکان کە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی ئێرانیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی ڕوانینی مەزهەبی بە ناوی "ئۆممەتی ئیسلامی"دا پێناسە دەکرد، حاشایان لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد کرد و داخوازییەکانی ئەم میللەتەیان بە بێبایەخ سەیر دەکرد. ئەوە بوو کە خومەینی فەرمانی جیهادی دا و شەڕێکی ماڵوێرانکەری سێ مانگە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپا. لە ئاکامی ئەم فەرمان و ئەقڵییەتە کۆنەپەرەستانەدا هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد و بە سەدان کەسی بێدیفاع بوونە قوربانی. دوای بەرەبەرەکانیی قارەمانانەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و بەدەستەوەگرتنی بەشێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان، ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە لایەن "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان" کە لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسینی وەک سەرۆک، حیزبی دێموکرات وەک وتەبێژ، کۆمەڵە و چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران وەک ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی پێک هاتبوو، نوێنەرایەتی دەکرا. خەڵکی کوردستان کە پێشتر لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا بایکۆتی بەناو ڕێفراندۆمی بۆ دیاریکردنی نیزام کردبوو و لە ڕێگای نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە دەیانزانێ کە ماهییەت و نێوەڕۆکی ئەم نیزامە چییە، بەڵام دیسانیش بەپێی ماهییەتی ئاشتیخوازانەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم ڕێگایە بە ڕێڕەوی ئاشتیخوازانە و دیالۆگدا بەرێتە پێش. هەر لە سەر ئەم ئەساس و بنەمایە بوو کە لە چەند دەرفەتی دیکەدا چالاکانە لە هەڵبژاردنەکان مەجلیسی خیبرەگان لە ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و یەکەم خولی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمان لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٥٨ بەشدارییان کرد و دەنگیان بە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان دا. بەڵام هەموو ئەم "حوسنی نییەت"انەی خەڵکی کوردستان بە هەڵوەشانەوەی سندووقەکانی دەنگدان لە بەشێک لە حەوزەکان و هەڕەشەکردن لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان وڵام درایەوە. لە قۆناغەکانی دیکەدا و دوای بێئاکام هێشتنەوەی هەوڵی دەستەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ تاران لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، خەڵکی کوردستان بە پەیوەستبوونیان بە ڕیزی حیزبە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پشتیوانیی مادی و مەعنەوی لەم خەباتە و بەربەرەکانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆی نیزام و سیاسەتە دژی گەلییەکانی لە کوردستان، لێبڕاوانە لەسەر ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان بەردەوام بوون.

ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا بەرانبەر بە سیاسەت و ڕوانینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێوازی جۆراوجۆری بەپێی هەل و دەرفەتەکان بە خۆوە بینییەوە. لەگەڵ ئەوەیکە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت _سەرەڕای ئەو هەمووە ڕەخنە و گلەییانەیان لە حیزبەکان کە زۆری دروست و لەجێی خۆیان دان_ خەڵکی کوردستان خۆیان بە پشتیوانی حیزبەکان دەزانن، بەڵام دیسانیش هەوڵ دراوە بە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج و بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵە فاکتەرێک کە لەوانەیە ئەوان زیاتر لە حیزبەکان دەرکیان بە واقعییەتەکان کردبێ، کۆمەڵە ڕەفتارێکی جیاواز و لە هەمان کاتدا مانادار لە خۆ نیشان بدەن. ڕێژیم لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا هەمیشە هەوڵی داوە جیا لە بەرخوردێکی ڕژد بەرانبەر بە چالاکانی سیاسیی کورد و دوورخستنەوەی حیزبەکان، زۆر بە هێواشی و نەرم، خەڵکی کوردستان لە هۆڤییەت و شوناسی کوردبوون دابماڵێ و بۆ بەجێگەیاندنی ئەم پیلانە بە دڵنیاییەوە هەزینەیەکی زۆری مادی و ئینسانیی کردووە. بەڵام وەک دەبینین ئەم میللەتە بە هەوڵی چالاکان و هەڵسووڕاوانی بوارەکانی کولتووری، ئەدەبی، هونەری بەتایبەت لە بەستێنی زمان و موزیک و پۆششدا، نەتەنیا توانەوە و ئاسمیلەبوونی پێوە نابیندرێ، بەڵکوو بە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و بەرهەست دادەنرێ. ڕاست لەسەر ڕەوتی ڕێژیمی پێشوو، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەمیشە هەوڵی داوە کوردستان لەڕووی گەشەی ئابووری و پیشەسازییەوە لە هەژاری و بێدەرەتانیدا ڕابگرێ. ئامانجی لەم کارەش پەرەپێدان بە دیاردەی خۆبەدەستەوەدان و جاشایەتی و پەرەسەندنی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بووە. بەڵام دیسانیش ئەم میللەتە بە عیزەتی نەفسەوە ژیانی پڕ لە نەداری و کوێرەوەریی تەحەموول کردووە و ئامادە نەبووە خۆی بەدەستەوە بدا. ئەگەر دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم توانیبێتیان لەم ڕێگایەوە کۆمەڵە خەڵکێکی نەفس نزم بەلای خۆیاندا ڕابکێشن کە خۆشخزمەتییان بۆ بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەیانتوانیوە ئیرادە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بشکێنن و دەستەمۆی بکەن. کاروانی دوور و درێژی هەزاران پیر و لاوی کورد لە سنوورەکانی کوردستان کە بە کۆڵبەری یەوە خەریکن و ڕۆژ نییە کەس یان چەند کەسیان بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم گیانی لێ نەستێندرێ، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئینسانی کورد بۆ پاراستنی شەرافەتی خۆی و خاوخێزانی ئامادەیە گیان بدا بەڵام سەر بۆ دوژمن نەوی نەکا.

ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان لە کۆمەڵە پرسێکی وەک هەڵبژکاردنەکان لە چوارچێوەی ئەم نیزامەدا، شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە بینییەوە کە باس و لێکدانەوەی فرە هەڵدەگرێت. ئەگەر بە نیسبەت قسەکردن لەسەر جۆری ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکان لە ئێراندا، هەڵبژاردنەکانی نێو ئەم نیزامە بە نموونە بهێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە هەلومەرجی جیاوازدا هەڵگری پەیامی سیاسیی جیاواز بووە. بۆ نموونە خەڵک لە گەڵ ئەوەیکە قەت باوەڕی بە دێموکراتبوونی ئەم هەڵبژاردنانە نەبووە و نییە، بەڵام لە هێندێکیاندا بەشداریی کردوە و ڕاشکاوانە لایەنگیری لە ڕەوتێک، کەسێک یان کەسانێک کردووە و هێندێک جاریش بە تێکڕایی بایکۆتی کردووە. ئەم شێوە ڕەفتارەی خەڵک بەتایبەت لەو هەڵبژاردنەدا کە پێوەندییان بە بەڕێوەبەریی دەوڵەت و ژووری پارلمانەوە هەیە، نیشان دەدا کە بە نیسبەت گۆڕانکارییەکان لە سەر ئاستی نێوخۆی ئێران و تەیفبەندیی نێوباڵەکانی ڕێژیم لەسەر هەستە و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە هاوکات لەگەڵ زەقکردنەوەی کەلین و کەلەبەرەکان، دژ بە نماد و ڕەمزەکانی سەرەوەی ئەم ڕێژیمە هەڵوێست بگرێ. لەلایەکی دیکەوە هەوڵ دەدا لە چووکەترین هەل و دەرفەتەکان بۆ هێنانەئارا و مەترەحکردنی ویست و داخوازییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ. ڕاست بە پێچەوانەی بەشێک لەو بۆچوونانەی کە لەم ڕەفتارەی خەڵک نیگەرانن و پێیان وایە ئەم بەشداریکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئەم لەگەڵ کەوتنانە دەتوانێ مانای مەشرووعیەتدان بە ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە، خەڵک لەم ڕێگایەوە هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی ویست و داخوازییەکانی خۆی، هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە دەتوانێ لەم بوارەشدا بەگژداچوونەوەی نماد و ڕەمزەکانی سەرەوەی ئەم ڕێژیمە بکا. ئێستا کە لە ساڵڕۆژی چل ساڵەی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نزیک دەبینەوە، ئەم ڕێژیمە لاوازترین پێگەی لە کوردستاندا هەیە. سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە هەموو بوارەکاندا کە هەر هەموویان بۆ لانیکەم دەستەمۆکردنی خەڵکی کوردستان بووە، تووشی شکست و پووچەڵکردنەوە هاتووە. لە کوردستان بزووتنەوەیەکی بەربەرینی مەدەنی، جەماوەری و ڕێکخراو هەیە. ئەم خەباتە کە ماهییەتێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە، کار لەسەر درووستکردنی گوتاری یەکگرتووانە دەدا. بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و متمانەی خەڵک بەم ڕێکخراوانە و پێشتوانی لێکردنیان و لەگەڵ کەوتنیان، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوی لێ دەستەبەر بووە. لە لایەکی دیکەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ماوەی ئەم چواردەیەدا هەموو پیلانێکی ڕەشی ڕێژیمیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، زیاتر لە هەمیشە خاوەنی جێگە و پێگەی جەماوەریی خۆیانن. ئەوان کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەدا ڕێبەرانیان لێ تێرۆر کرا، بە هەزاران کادر و پێشمەرگەیان گیانیان لێ ئەستێندرا، بنکە و بارەگایان لێ بوردمان کرا و، هەر لە چلەمین ساڵڕۆژی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا، مووشەکبارانی کۆبوونەوەی ڕێبەرانیان لە قەڵای دێموکرات کرا، ئێستا زیاتر لە هەمیشە هەوڵی یەکگرتووی و یەکڕیزی دەدەن و خەڵکی کوردستان چاوی لێیانە.

بە گشتی؛ ڕەفتاری خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە تا ئێستا لەسەر ئەساسی داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خۆی بووە و بەرانبەر هەوڵەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ حاشالێکردن و سڕینەوەی، هەڵوێست و بەگژداچوونەوەی ڕەوای هەبووە.

# کۆمەڵگەی مەدەنی خەڵک و دەسەڵات



شاڕوخ حەسەنزادە

وەک گوتمان دەهزری فەلسەفەی سیاسیدا چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە چەند مانای جۆراوجۆر پێناسەی کراوە، وەک دەوڵەت لە هزری ئەرەستوویی بە مانای کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لە بەرامبەر کۆمەڵگەی سەرەتایی، لە هزری کەسانی وەک فێرگۆسن و "دۆخ و مافی سروشتی"، لە باوەڕی لاک و هابز هەتا گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ژان ژاک ڕۆسۆ و؛ کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێوەری دەسەڵاتی چینی بۆرژوای مارکس لە بەرامبەر پێناسەی هێگڵ و.... لە هەڵکڕاندن و هەڵێنجانی هەموو ئەو بیر و باوەڕ و هزرانە و ئەو باسەی بە کورتی کرا دەتوانین ئاوا بڵێین: "کۆمەڵگەی مەدەنی لە بۆشایی نێوان بنەماڵە و دەوڵەت دەگووڕێ"، کەوابوو کۆمەڵگەی مەدەنی چوارچێوەیەکە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەدوور لە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی حکوومەت، پێکهاتوو لە کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەی گشتی و دەستە و گرووپ، کۆمەڵگەی مەدەنی شوێنی هێزی کۆمەڵانی خەڵکە لە حاڵێکدا دەوڵەت مەیدانی ڕمبازێنی سیاسەتە. کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە سەرجەم ئەو دامەزراوانە (تەشەکول، ئەنجوومەن، سەندیکا، ڕێکخراو، ئیتحادیە، کانوون و...)کە هەرکام لەمانە بە مەبەستی تایبەت و پێوەندیدار دەگەڵ چالاکی و باوەڕی خۆیان کار بۆ ڕۆشنگەری ئاوەزی ئەندامانیان؛ زێدە کۆمەڵگە دەکەن. بەگشتی دەتوانین بڵێین لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بۆشاییەک لە زۆر بواردا هەیە کە دامودەزگاکانی دەوڵەت، ناتوانن پڕی بکەنەوە یان نایانەوێ پڕی بکەنەوە، بۆیە دەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دێن و ئەو فەزایە پڕ دەکەنەوە. بە مانایەکی دی، کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لەو ڕایەڵە ڕێکخراوەییە خۆبەخش و ئازادانەی کە لە مەودای نێوان خێزان و دەوڵەت لەدایک دەبێ، ئەم تۆڕە لە ڕێکخراوانی خۆبەش و سەربەخۆ، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و ئایین و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاووڵاتیان، ئازادانە کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی مادی و مەعنەویی هاوڵاتیان دەکا، جگە لەوە کار بۆ هێنانەئارای بەهاکانی ڕێزگرتن و لێبوردنی فیکری و سیاسی و قبووڵکردنی پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و جیاوازییەکان و مودیرییەتێکی سالم بۆ ململانێ و ناکۆکییەکان دەکا.

کۆمەڵگە لە دەوڵەتان بە گشتی و بەتایبەت حکومەتە تۆتالیتێرەکان (تۆختر) بەسەر دوو لقدا دابەش دەبێ. ئا، کۆمەڵگەی فەرمی. بێ، کۆمەڵگەی نافەرمی؛ کۆمەڵگەی فەرمی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تاکەکانی سەر بە ئۆرگانە جیاوازەکانی حکوومەتین و بە شێوەی کەلە قەندی! لە خوارێ بۆ سەرەوە هەڵدەچنرێ بۆ میناک لە سیستمی پەروەردە و ڕاهێنان (لە وڵاتی ئێران) لەو کەسەی قوتابخانەکان خاوێن دەکاتەوە هەتا مامۆستا، جێگری مودیر (معاون)، مودیر، جێگری بەرپرسی پەروەردە و ڕاهێنان، بەرپرسی پەروەردە و ڕاهێنان (لە شارێک)، جێگری مودیری گشتی، مودیری گشتی (پارێزگا)، جێگری وەزیر، وەزیری پەروەردە و ڕاهێنان (وڵات)، سەرۆککۆمار و جێگرەکەی، ڕێبەری نیزام. دەوڵەت بە تایبەتمەندی و ئەو پێناسەیەی خۆی، جارێکی تر کەسایەتی و جۆری ڕوانینی ئەو تاکانەی سەر بە کۆمەڵگەی فەرمی دادەڕێژێتەوە و فۆرمێکی تایبەتیی بۆ جیاکردنەوە لە کۆمەڵگەی نارەسمی پێ دەبەخشێ (لە ئێران ئەو کەسانەی سەر بەو دوکتۆرینەن بە فەرهەنگی دێنە ناسین)، بۆ وێنە لە هەموو بانکەکانی ئێران زەمانەتی بانکیی فەرهەنگییەکان زۆر لە کەسانی بازاڕی و ساماندار مەقبووڵترە ((ئەگە کارمەند زامن بێ یەک کەسی دەوێ کە بازاڕی بێ دووکەس!)) ئەم دیاردەیە لە دادگا و پاسگاش بەهەمان شێوە یا لە دەستە چەک و بیمەش ئەو جیاوازییە بەرچاوە، جلوبەرگ و شێوەی ئاخاوتنیشیان زۆر جیاوازترە لە کەسانی سەربە لکەکەی تر. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشێک لەو بەڕێزانەی لە ئۆرگانە فەرمییەکانی دەستەڵاتدا لە ژێر هەرناوێک و بەهەر پلەیەک دەوام دەکەن شێوە ئاخاوتنێکی جیاوازیان دەگەڵ کۆمەڵگە هەیە، تەنانەت لە پۆشینیشدا نابێ وەک خەڵکی تر بن یا لە زۆر ڕەوشت و خدە و... دا. ئەو بەڕێزانە پێیان وایە یا وایان پێناسە بۆ کراوە کە ئەگە لە قسەکردندا هەتا کەمتر خۆ لە قەرەی زمانی دایک بدەن ئاوا فەرمیترن و بە ڕوانگەی خۆیان بەفەرهەنگترن و ئەم دیاردەیە دەبێتە کەوشەنێک لە نێوان ئەوان و ئەوەیتر. هەر ئەم ڕوانگەیە لە بواری دەروونناسییەوە جۆرێک هەست بە لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانین دەخاتە ڕەوانیان و واهەست دەکەن گەلێک تەوفیریان دەگەڵ خەڵکی ئاسایی هەیە، تەنانەت هیندێ لە خەڵکی کۆمەڵگەش کە بیهەوێ خۆی بە فەرهەنگی یا کەسایەتییەک بزانێ ئابەم شێوازە دەدوێ و هەڵسوکەوت دەکا. بۆ میناک ئەو کەسانەی لە میدیا لۆکاڵییەکاندا چ وەک بێژەر چ وەک کارناس یا میوان و... دێنە گۆ زۆر بەڕوونی ئەو دیاردە زمانییە دەردەکەوێ. لە کەشێکی ئاساییدا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەو تایبەتمەندییانە کەمتر شان دەبەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەنێن کە بە جۆرێک دژایەتیی ئەو دۆخە دەکا (بە ڕوانێکی ڕۆتین بەشی هەرە زۆری ئەندامانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەی نافەرمین، پشکی هەرە زاقی ئەندامانی دامەزراوە سقیلەکان لە کۆمەڵگەی فەرمی وەبەر مامۆستایانی قوتابخانە بە پلە یەکەم دەکەوێ). لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی نافەرمی ئەو دیسکۆرسەیە کە سنووری نێوانیان جگە لەوەی کە لە خزمەت کار و ئەرکەکانی حکوومەتدا نین، هابز گوتەنی لە دۆخی سروشتی دان و پشکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی مەدەنییان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە، تەنانەت لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشیش (لە کوردستان) ئەوە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە باجی ئازادیخوازی دەدا و؛ بۆ سەندنەوەی مافی زەوتکراو لە هەموو بەشەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... هەوڵ دەدا. هەموو ئەو پێناسە و تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاوای براژێنینەوە و ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەو چەمکە بەم جۆرە ئاژێر دەداتەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی ڕاگرتنی باڵانسی نێوان دەستەڵات و خەڵکە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕایەڵەی پێوەندییەکانە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجوومەن و دامەزراوەکانن؛ کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و کەم تێچووترین جۆری ڕێکخستنە لە چێکردنی دەستەڵاتی خەڵکی بۆ گۆڕان؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ئاگا لە یەک بوونە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی هێمای پێوەندییە مۆدێرنەکان لە نێو کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی خوازیاری شەفافسازی لە کارەکانی حکوومەتە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخستنی سێنفییە بۆ بەرگری لە مافی کار؛ کۆمەڵگەی مەدەنی گۆپاڵی درووستکردنی "گوفتمان"ـە لە نێو کۆمەڵگە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پردی نێوان دەستەڵات و کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی نەقدی سیاسەت و کارەکانی دەوڵەتە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی یارمەتیدەری حکوومەتی دێموکراتیکە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوانی دێموکراسییە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی هەستی متمانەیە لە نێوان کۆمەڵگە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵێکە بۆ برەودان بە پێشکەوتنی بەردەوام و ئینسانی؛ کۆمەڵگەی مەدەنی تەژی لە ڕێکخراوەکانە، کۆمەڵگەی مەدەنی مەتاڵ و لەمپەرە بەرامبەر دیکتاتۆران؛ کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئاشتی و ئازادی و بۆ پاراستنی ژینگە و ڕۆشنگەری بەیداخە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی نەقیزەی خەڵکە بۆ دیکتاتۆران؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوان و هاندەری خەڵکە بۆ بەشداری پێکردنی خەڵک لە چارەنووسی خۆیان؛ کۆمەڵگەی مەدەنی سەنگەری پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکانە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی بەگژداچوونەوەی ناعداڵەتییەکانە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی چەڵغووی ئەتنیکە ڕەنگییەکانە بۆ ڕاماڵینی دیکتاتۆرەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی... ئەو کۆمەڵگە سقیلە وەک سیستەمێکی خەڵکی بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی سەر بەو هزرە شەقڵ دەگرێ (لە ئاکامی یەکگرتنی سەرجەم دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەدایک دەبێ، واتە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی سەر بەو جمکەن)، بە باوەڕی ڕیچارد نۆرتۆن هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکی دەکەن ئەو سێ تایبەتمەندییانەیان هەیە:

**١. سقیلمەند بوون ٢. خڕبوونەوە (تجمع گرایی)**
**٣. شارۆمەندی**

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکن، ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، ژینگەپارێزان، شاخەوانان، کرێکاران، ئەسناف و بازاڕی، خێرخوازی، وەرزشی، مامۆستایان (معلمین)، ئەندازیاران (مهندسین)، مامۆستایانی ئایینی، ژنان، لاوان، مناڵان، خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان و... ئەم دامەزراوانە لە سەربەخۆ بوون، شێوەی ئەندامگیری، خەڵکی بوون وەک یەک دەچن.



**ئاکام**

باوەڕ بە خەباتی فرەڕەهەندی و ئیمان بە کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پشتیوانیکردنی بە کردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە (NGO)یەکان و هەمیش لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی نوێی لە خەباتی سقیلیانە و نافەرمانیی مەدەنی دەخوڵقێنێ، هەربۆیە ئێمە دەبێ وەک حیزبێکی پێشڕەو و سەرتاسەری (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ئاگاهانە ئەدرەسی نوێ بدەینە کۆمەڵانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. هەر تێئۆری و بیرۆکەیەکی سیاسی بۆ بەرەو ئامانج گەیاندنی نەتەوەیەک، وەدەست پێواژۆیەکی سیاسی یا نیزامی دەبێ خوێندنەوەی زانستی و فەلسەفیی تەواوی بۆ بکرێ و قۆناغەکانی یەک بە دوای یەکدا تێپەڕێنێ. بە باوەڕی "نیل ئێسمێلسێر" شەش مەرج هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن (کە هەموو ئەو شەرتانە لە ڕەوشی ئێستادا لەبارن)...

١. بەستێنی پێکهێنەر؛ هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ پێکهاتنی کەشێکی تایبەت لە نێو کۆمەڵگە.
٢. زەختی پێکهێنەر؛ دۆخێکی تایبەت کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لەنێو کۆمەڵگە (مەترسی لە داهاتوو، گومان، ترس و دڵەڕاوکێ و زوڵم و...) بۆ دیاریکردنی ئامانجێکی دیاریکراو.
٣. بڵاوبوونەوەی باوەڕە پەنگخواردووەکان؛ زۆربەی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کاریگەریی ئیدۆلۆژییەکی (حیزب و جەریاناتی سیاسی) تایبەت و دیاریکراون کە نارەزایەتییەکان پەرە پێدەدا و ڕێکاریان بۆ دیاری دەکا.
٤. هۆکاری خێراکردن؛ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی خێراتر کردن و پەیوەست بوونی هەرچی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک کە ڕاستەوخۆ بەشداریی ڕەوتەکە بن.
٥. بوونی (حیزب، ڕێکخراو) بۆ هاوئاهەنگی؛ سەرۆکایەتیکردن و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکە بە کەرەسە و ئامێری جۆراوجۆر.
٦. کارکردی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی؛ زاڵبوون و دەدەست گرتنی دۆخەکە (چۆنیەتیی سەرهەڵدان، بەرەوپێش چوون و بڵاوبوونەوەی لە نێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتوندی لەژێر کاریگەریی کارکردی کۆنتڕۆڵکردنی کۆمەڵایەتییە، کاربەدەستان لە وەها دۆخێکدا هەڵوێست نیشان دەدەن.

پۆپێر گوتەنی: "ڕەنگبێ من هەڵە و خۆشبین بم بەڵام زووتر دەگەینە ڕاستییەکان"، پێموایە بەو مەرجەی باوەڕمان بە تاک تاکی خەڵکی خۆمان، حیزبەکەمان و ئەم ڕێکارە مەدەنی و ئاوەزمەندە بێ سەرکەوتنمان، بەبێ هەموو ئەو تێچووە مەزنانە مسۆگەرە. ئەگە مارتین هایدگێر فیکری بۆ نازی بەرهەم دەهێنا و ببووە دەستاڕ و ئاشی ئامانجەکەی پێ دەگێڕا، جین شارپیش خەباتی مەدەنی دەکاتە بنەما، تێئۆریی گاندی و ماندێلاکان دەبنە تۆو و بە زەوی وەردەکرێن. هیچ سەیر نییە کە ئێمەش بتوانین لە تێکەڵاوێک لەو تێز و تێرمانە بە تێگەیشتن و موتاڵەی دۆخی لەباری مەوجوودی هەنووکە (بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە مەدەنییەکان پێیان وایە بە پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین ساغتر ڕێ بپێوین و لە ئامانج نیزیکتر بینەوە، دەگەڵ ئەوەی کە هەموو شێوازێکی خەبات بە ڕەوا دەزانم) و بە خوێندنەوەیەکی واقعی و کار و تێکۆشانی ئاگاهانە (کۆمەڵێک پێشنیار هەیە) دەتوانین ئەو ماتەوز (پتانسیێل)ەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، بتوانین بە هیمەتی کۆمەڵگەی فەرمی و نارەسمی بەگشتی سەرجەم خەڵکی کوردستان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، حیزب بکەیەنە "ئاگۆرا" و مێژوو بخوڵقێنین و بە ئازادی بگەین.

# کورد و مێژووی کۆماری ئیسلامی



ڕەزا محەممەدئەمینی

کورد لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم و دامەزرانی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لەسەر بەستێنی تیئۆریی «دەوڵەت_ نەتەوە»ی ئێرانی (فارس) لە ئێراندا، لەلایەک هەمیشە لەژێر چەوسانەوە و سەرکوتدا بووە و دەسەڵاتی ناوەندی هەوڵی داوە شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەموو ڕێگاکانەوە بسڕێتەوە و لەلایەکی دیکەش، کورد بە هەموو شێوەکان بەرگریی لە مافەکانی کردووە و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانی خۆی داوە. لەسەردەمی پاشایەتیی پەهلەوییەکاندا گەلی کورد کەوتە بەر پیلان و هێرشی دەوڵەتی ناوەندی و بەتایبەت لە سێ قۆناغی شۆڕشی سمکۆی شکاک، سەردەمی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بە دژی داگیرکەرانی نەتەوەکەمان، غەدری زۆری لێکرا و بەتوندترین و خوێناویترین شێوەکان سەرکوت کرا؛ بەڵام بەو حاڵەش گەلی کورد نیشانی دا بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆی و دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی و شکاندنی هەیمەنەی نەتەوەی باڵادەست لە هیچ فیداکاری و قوربانیدانێک درێغی ناکا. دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی زوو دەرکەوت کە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە دژایەتی لەگەڵ کورددا دڵڕەقتر و دڵڕەشتر لە ڕێژیمی پێشوویە و هەر چەند مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، بۆ سەرکوتی گەلی کورد و داگیرکردنەوەی کوردستان کە وەک مەکۆی ئازادیخوازانی ئێرانی لێ هاتبوو، لەشکری هێنا و شەڕێکی نابەرامبەری بەسەر کورددا سەپاند. لەو شەڕە نابەرامبەر و ناڕەوایەدا کۆماری ئیسلامی دەستی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە و جینایەتکارانە نەپاراست و تەنانەت خومەینی فەرمانی جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و کورد و کوفری لە تای تەرازوویەک هاویشت. دیارە پاش شکستی سەرشۆڕانەی لە شەڕی سێ مانگەدا و ئازادکردنەوەی شارەکان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە، کۆماری ئیسلامی کە ئەوکات لەوپەڕی لاوازیدا بوو بۆ کڕینی کات و نیشاندانی بەناو «نیازپاکی»ی خۆی، هەیئەتی دەوڵەتی بۆ چارەسەری پرسی کورد ناردە کوردستان و دانوستانەکان چەند مانگێکی خایاند، بەڵام هەروەک لە نێوەرۆکی دژی گەلیی ئەم ڕێژیمەوە دیار بوو، ئەو دانیشتنانە هەر بۆ خۆسازدان و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی و هێرشی دووبارە بۆ سەر کوردستان بوو؛ هەربۆیەش هەروەک دیتمان دیسان شەڕیان بەسەر کورددا سەپاندەوە و کوردستانیان کاول کرد و خاکی کوردستانیان بە خوێنی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان سوور کرد. هەر لەو کاتەوە تا ئێستا کە چوار دەیە تێدەپەڕێ ئەو ڕێژیمە کوردکوژە بەردەوام بووە لە سیاسەتی خۆی و درێژەی بە هێرش و سەرکوت و کوشتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوە و لەو پێناوەدا لە هیچ جینایەتێک دەستی نەپاراستووە. کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان، لەسێدارەدانی پۆل پۆل لە لاوانی کورد لە بەندیخانەکان و میلیتاریزەکردنی کوردستان و تێرۆری سەدان کەس لە شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان لە نێوخۆ و باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات کە لەنێویاندا ڕێبەرانی حیزب و گەلەکەمان د. قاسملوو و د. شەڕەفکەندی دیارترینیانن و کردەوەی تێرۆریستی شەوی یەلدا لە ساڵی ١٣٩٥ لە بەردەم قەڵای دێموکرات و هەروەها مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ کە بوو بە هۆی شەهیدبوون و بریندابوونی دەیان کەس لە خەباتگێڕانی دێموکرات کە لە نێویاندا شەش ئەندامی ڕێبەری حیزبیش دەبیندران، تەنیا بەشێک لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی کوردن. کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا نیشانی دا نەک هەر باوەڕی بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد و باقیی گەلانی ستەملێکراوی ئێران نییە، بەڵکوو تەنانەت «چەمکی نەتەوە» هیچ جێگە و پێگەیەکی لە ئیدۆلۆژی دواکەوتووی ئەو ڕێژیمە تۆتالیتێرەدا نییە و ئەگەریش جارناجارێک باسیان لە نەتەوە کردووە، ئەوە مەبەستی سەرەکییان نەتەوەی باڵادەستی فارسە کە لە هەیکەلی ئێرانیبووندا و بە مەزهەبی شیعەوە ویستوویانە بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیدا بیسەپێنن. سیاسەتێک کە لە لایەک دووپاتکردنەوەی شوێنیزمی پان ئێرانیستی سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوییە _ دیارە بەشێوەیەکی زۆر زبر و ناشیرین_ لەلایەکی دیکەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە نەتەوە و نەتەوەخوازی تەنیا کاتێک بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرینگی هەیە، کە لەخزمەت ئایدۆلۆژیای بناژۆخوازیی ئیسلامی لە مەکتەبی ویلایەتی موتڵەقەی فقیهـ دابێ؛ ئەگینا، ئەوان باوەڕیان بە ئۆمەتی ئیسلامی هەیە و حاشا لە نەتەوە و وڵات و نیشتمانپەروەری دەکەن. کورد لە وڵاتی ئێران هەم لە بەر کورد بوون و داوای مافی نەتەوایەتی کردنی سەرکوت کراوە و چەوساوەتەوە و، هەم وەک بەشێک لە سوننەمەزەبەکان ستەمی لێکراوە. هەروەها ڕێژیم هەوڵی داوە کەلێن و مەودایەکی زۆر لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سوننی لە ئێراندا دروست بکا، بەڵام ئەو سیاسەتەشی شکستی هێناوە و ئێستا دەبینین شوناس و ئینتمای نەتەوەیی لە نێو کوردەکانی خوارووی کوردستان (کوردە شیعەکان) زۆر بەرز بووەتەوە و ئەمەش ڕێژیمی تاساندووە. جگە لەوەش کوردستان لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەم وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی سەیر کراوە و هیچ پڕۆژەیەکی ئابووریی خوڵقێنەری کار و داهاتی لێ جێبەجێ نەکراوە و هەمیسان لە زۆر بارەوە تاڵان کراوە؛ هەر بۆیەش دەبینین لە لایەک کوردستان دوای پارێزگای بەلووچستان لە باری ئابوورییەوە هەژارترین ناوچەی ئێرانە و لە لایەکی دیکە لە ڕیزی سەرەوەی ڕێژەی بێکاری لە ئێران دایە. دیاردەی بێکاری، خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی ناچار کردووە بۆ بژێوی ژیان ڕوو لە کاری زۆر پڕ مەترسی وەک کۆڵبەری بکەن و هیچ ئێغراق نییە ئەگەر بڵێین لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییەدا بە هەزاران کەس لە کۆڵبەران و کاسبکاران و خەڵکی ئاسایی کوردستان بەهۆی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و هەروەها بەهۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی سپای پاسداران کوژراون و بریندار و نقوستان بوون. کارنامەی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە ڕەشترە کە باسی لێوە کرا و دەکرێ بە سەدان لاپەڕەی لەسەر بنووسرێ. بەڵام ئەگەر لە ڕستەیەکدا بمانەوێ کۆبەندی بابەتەکە بکەین و کۆتایی بە باسەکە بێنین دەبێ بڵێین چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلی کورد بە واتای چوار دەیە دۆزەخ و نەهامەتی و سەرکوت و کوشتار و دواکەوتوویی بووە و بە دڵنیاییەوە هەتا ئەو ڕێژیمە بمێنێ ئەو دۆزەخ و چارەڕەشییە هەر درێژەی دەبێ.

# سیاسەت وەک کردەیەکی زەمینی
# (خوێندنەوەیەک بۆ بیر و ئەندێشەی ماکیاوێلی)



حەسەن شێخانی

نیکۆلۆ ماکیاوێلی بیرمەندی سیاسیی ئیتالیایی سەدەی شازدەهەم، زیاتر وەک بیرمەندێک ناسراوە کە هەموو شتێک لە زەبروزەنگەوە بگرە بۆ فێڵ و درۆ لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتدا بە ڕەوا دەزانێ؛ وەک بیرمەندێک وێنا دەکرێ کە دەڵێ لە سیاسەتدا هەم دەبێ ڕێوی بی و هەم شێر و، بەپێی پێویست یەکێک لە ئاکارەکانی ئەم دوو ئاژەڵە لە خۆت پیشان بدەی. بە کورتی ماکیاوێلی بەوە ناسراوە کە بۆ ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات، کەڵکوەرگرتن لە هەر کەرەستەیەک ڕەوایە و لە یەک ڕستەدا ئامانج، پاساودەری کەرەستەیە. بەشی زۆری ئەم خوێندنەوەش، کە بە «ماکیاوێلیزم» ناوی دەرکردووە، لەسەر بنەمای کتێبی «میر» ڕۆ نراوە. کتێبێک، بەپێچەوانەی بۆچوونی باو و بەپێچەوانەی ناوبانگی کتێبەکە، گرینگترین کتێبی ناوبراو نییە. ئەگەر ئێمە بمانەوێ ماکیاوێلی بخوێنینەوە و دیدێکی تەواوتر و کامڵترمان بۆ ماکیاوێلی هەبێ، پێویست دەکا کتێبی «گوتارەکان»یشی بخوێنینەوە چونکە ئەم کتێبە وەک بەرهەمی فیکریی هەرە گرینگی ئەم بیرمەندە ناسراوە. کتێبی «میر» سیاسەتنامەیەکی پراکتیکییە، ڕەچەتەیەکی سیاسییە کە بۆ پاشای مێدیچی نووسراوە، بەو هیوایەی هەم لە حوکمڕانیدا ڕەچاویان بکا و هەم خۆیشی وەک نووسەری کتێبەکە وەبەر دڵی پاشا بکەوێ و لەم ڕێگەوە کارێکی لە حکوومەتی مێدیچیدا دەست بکەوێ. کتێبی «میر» لە چاو کتێبی «گوتارەکان»، کەمتر ڕەهەندی فیکری هەیە و لەڕاستیدا ئەوە «گوتارەکان»ە کە بەرهەمی سەرەکیی فیکریی ئەم بیرمەندەیە و بەدەر لە ویست و تەماحی تاکەکەسی، بیروبۆچوونەکانی پێشکەش کردووە و لە ڕەهەندێکی فەلسەفییەوە تەتەڵەی سیاسەت و شێوازەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتی کردووە. هەرکەسێک ئەم کتێبەی ماکیاوێلی بخوێنێتەوە، دیدی لەسەر ماکیاوێلی وەک تیۆریزەکەری «بێئەخلاقی لە سیاسەتدا» کاڵ دەبێتەوە و تێگەیشتنێکی هەمەلایەنتری لە لا دروست دەبێ. لە کتێبی «گوتارەکان» دایە کە بیروبۆچوونەکانی ماکیاوێلی ڕەهەندێکی قووڵتری مەعریفی، فیکری و فەلسەفی وەردەگرن و هەر ئەمەش وا دەکا لە خوێندنەوەی ماکیاوێلیدا گرینگییەکی زیاتر بەم کتێبە بدەین. ئەوەی لەم کتێبەی دواییدا شایانی ئاماژە پێکردن و هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە _ بەپێچەوانەی دیدی پەرگیری باو_ ماکیاوێلی هەموو شتێک و هەموو ئامرازێک لە پێناوی دەسەڵاتدا بە ڕەوا نازانێ؛ واتە بەپێچەوانەی ئەو دیدەی کە لە خوێندنەوەی کتێبی «میر» بە تەنها، لە لامان دروست دەبێ، خەڵک وەک لایەنێکی هاوکێشەی دەسەڵات نادیدە ناگرێ و تەنانەت مەرجەکانی حوکمڕانییەکی باش بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک و چۆنیەتیی دابینکردنی ژیان و ویستەکانیانەوە گرێ دەدا. بە دەربڕینێکی دیکە وا نییە کە ماکیاوێلی تەنیا بیری لە دەسەڵات و چۆنیەتیی بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵات کردبێتەوە و لایەنی خەڵک و ویست و بەرژەوەندییەکانی لەبیر کردبێ و لە سیستمی مانایی خۆیدا و لە فەلسەفەی سیاسیی خۆیدا، دۆخی خەڵک و ڕەزایەت و نارەزایەتیی خەڵکی، یان بیروبۆچوونەکانی خەڵکی، لەسەر دەسەڵات بەتەواوی نادیدە گرتبێ؛ وا نییە کە ماکیاوێلی حکوومەتێکی بە ڕەوا زانیبێ بەرەهایی؛ بەدەر لە بیروبۆچوون و ڕەزایەتیی خەڵک. ڕەهەندێکی بیری ماکیاوێلی کە کەمتر باسی لێوە دەکرێ و لەڕاستیدا کەوتۆتە بن سێبەری خوێندنەوەی باڵادەست لەو بیرمەندە، کە بە «ماکیاوێلیزم» ناوی دەرکردووە، ئەوەیە کە ماکیاوێلی دابڕانێک لە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیک و سەدەکانی نێوەڕاستدا دروووست دەکا، کە بە سەرەتایەکی گرینگ لە فەلسەفەی سیاسیدا بە ئەژمار دێ و دەبێتە دەروازەیەکی گرینگ لە بەردەم تێڕوانینێکی تازەدا، کە هەموو فیکر و فەلسەفەی سیاسیی دوای خۆی ڕەنگڕێژ دەکا. ماکیاوێلی بەم کارەی خاڵێکی کۆتایی لەبەردەم تێڕوانینەکانی باڵادەستی سەدەکانی نێوەڕاستدا دادەنێ و بە دەربڕینی ئەمڕۆیی پاڕادایم شیفتێک درووست دەکا، گۆشەنیگای تێڕوانین و تێڕامان لە سیاسەت دەگۆڕێ و وامان لێدەکا بە جۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە و لە پێگە و شوێنێکی دیکەوە لە دەسەڵات و سیاسەت ڕابمێنین. ئەمەش یەک دنیا دەرئەنجامی فیکری و سیاسی لێ دەکەوێتەوە. دەرەنجامگەلێک کە بوونە بەستێنی سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم و دێموکراسی. لەڕاستیدا ئەو کارەی ماکیاوێلی کردی ئەوەندە گرینگە کە بۆتە خاڵی دابەشکردن و پۆلێنکارییەک لە ڕەوتی فەلسەفەی سیاسیدا؛ فەلسەفەی سیاسیی پێش ماکیاوێلی و دوای ماکیاوێلی؛ واتە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیک و مۆدێرن. گرینگیی ئەم بیرمەندە و فەلسەفەی سیاسیی ئەم بیرمەندە لەوە دایە کە ماکیاوێلی وەک یەکەم بیریاری سیاسیی مۆدێرن، سیاسەتی لە ئاسمانەوە دابەزاند بۆ سەر زەوی و، لە کردەیەکی پیرۆزەوە کردیە کردەیەکی زەمینی و ناموقەدەس، کە نابێ بە چەمک و ئامرازەکانی کایەی دین و دینە ئاسمانییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. بە واتایەک ماکیاوێلی سیاسەتی سێکۆلاریزە کرد و قاچەکانی توند بە عەرزەوە گرێدان. لەم چوارچێوە دایە کە باس لە «ئەخلاقی سیاسی» دەکا. باس لەوە دەکا سیاسەت کایەیەکی سەربەخۆیە و دەبێ بە چەمک و ئامرازی تایبەتیی خۆی کاری تێدا بکرێ. لەم چوارچێوە دایە کە دەڵێ سیاسەت ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە و نابێ بە پێوەرەکانی ئەخلاقی شەخسی و دینی لە کایەی سیاسەتدا کار بکرێ. لەڕاستیدا ماکیاوێلی وەک کایەیەکی سەربەخۆ لە سیاسەت دەڕوانێ نەک وەک درێژکراوەی ئاسمان و دین؛ نەک وەک کردەیەک کە پیاوە ئایینییەکان خۆیان بە خاوەنی بزانن و بە سیستمی مانایی دین، تێیدا بجووڵێن و کار بکەن. ماکیاوێلی کایەی دین و کایەی سیاسەت لێک جیا دەکاتەوە و دەڵێ هەرکامیان ئەخلاق و چەمک و ئامرازی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ یەکیان سەری بە ئاسمانەوە بەندە و ئەوەی تریان قاچی توند بە عەرزەوە گرێ دراوە؛ یەکیان سەرزەمینی پیرۆزییەکان و شتە نەگۆڕ و هەتاهەتاییەکانە، ئەوەی تریش سەرزەمینی ناپیرۆزی و شتە بگۆڕەکانە،

ئەو شتانەی کە تایبەتن بە ئینسانەکان و، ئینسانەکان چوارچێوە و یاساکانی بۆ دادەڕێژن نەک بکەرە دەرەئینسانییەکان و بکەرە مێتافیزیکی و دەرەجیهانییەکان. ئەم لێک جیاکردنەوە و ئەم تێڕوانینەیە کە بۆتە سەرچاوەی بەدحاڵیبوون و تەفسیری تاکڕەهەندی و ناتەواو بۆ ماکیاوێلی و؛ وای کردووە وەک بیرمەند و داڕێژەری «بێئەخلاقی سیاسی» لێک بدرێتەوە. خاڵێکی گرینگ کە دەبێ لە خوێندنەوەی فیکر و فەلسەفەی فیلسووفاندا و بە تایبەت فیلسووفانی سیاسیدا و، لەم نێوەدا لە خوێندنەوەی فیکر و فەلسەفەی ماکیاوێلیدا، لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە بیر و فیکرەکان هەڵقوڵاوی نێو بەستێنە دیاریکراوەکانی مێژوون. واتا هەر فیکر و فەلسەفەیەک لەپاڵ ڕەهەندە ئەبستراکت و گشتگیرەکەیدا، ڕەهەندێکی مێژوویی و تایبەتیشی هەیە؛ خۆ فیلسووفان لە بۆشاییدا و لە بانزەوی و بانمێژوودا کاریان نەکردووە، بوونەوەری موجەڕەد نەبوون و نین کە بەدەر لە بەستێن و پێکهاتەکان بیریان کردبێتەوە و تیۆرییان داڕشتبێ؛ ئەوانیش ئینسانن و بوونەوەرێکی کۆنکرێتی نێو قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی دیاریکراون. ڕاستە پرسی فیلسووفان پرسی گشتگیر و ئەبستراکتە و لە بوون و ئینسان وەک بوونەوەرێکی ئەبستراکت ڕاماون و هەر ئەمەشە کە فەلسەفە وەک مەعریفەیەکی تایبەت لە زانستەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەڵام فیکر و فەلسەفەی فیلسووفان وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی سیاسی و فەرهەنگی و مێژووییشە. ئەوان لە بەرخورد و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسە هەنووکەییەکان و بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی سەردەمی خۆیان، بیریان کردۆتەوە و ئەندێشە و ڕامانی خۆیان هێناوەتە ئارا. ماکیاوێلیش لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی ئیتالیادا ژیاوە و پرسی سەرکیشی ئەوە بووە کە چۆن ئیتالیا ببێتە خاوەنی کیانێکی یەکگرتوو. ماکیاوێلی بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئەوکات و لە تێگەیشتنی خۆیەوە، کە درز دەخاتە نێو سنوورەکانی مەعریفەی سەردەمەکەی خۆی، تەتەڵەی ئەو پرسەی کردووە و بیری لێکردۆتەوە. ئێمە کە فیکری بیرمەندێک لێک دەدەینەوە و خوێندنەوەی بۆ دەکەین دەبێ ئەو ڕەهەندە مێژووییەش لەبەرچاو بگرین و فیلسووف وەک سۆبژەیەکی بیرکەرەوە بخەینە نێو بەستێنی خۆیەوە و نابێ لە سیاقی مێژوویی خۆی جیا بکەینەوە و بە پێوانە و چاوەڕوانییەکانی سەردەمەکانی دواتر هەڵیانسەنگێنین. تازە بەو حیسابەش ماکیاوێلی قەڵمبازێکی گەورەی هاویشتووە و وەرچەرخانێکی درووست کردووە و بۆتە سەرەتای فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن. ماکیاوێلی وەک بیرمەندێکی سیاسی، بە پێچەوانەی ئەفلاتوون و ئەرەستوو بەدوای سیستمێکی حکوومەتیی نموونەیی و ئیدەئالدا ناگەڕێ و لە سەردەمی خۆیدا هێڵەکانی حوکمڕانییەکی گونجاو و مومکین وێنا دەکا. ئەو بەدوای ئیدەئالدا ناگەڕێ و قاچی لەسەر عەرزە و باس لە مومکینەکان دەکا و بەپێی هەلومەرج ڕێگەچارەکانی پرسەکانی جێی تێڕامانی دەخاتە ڕوو. ئەمەش بە چەشنێک دەرکەوتێکی دیکەی زەمینیبوون و سیاسەتە، کە لە درێژەی گەشە و گۆڕانی خۆیدا لە چەمکی «ڕێژەییبوون»دا بەرجەستە دەبێ. زەمینی کردنی سیاسەت، دایدەماڵێ لە ڕەهابوون و ئەمەش دەبێتە دەروازەیەکی گرینگ بۆ پێویستییەکانی دیکەی دێموکراسی لە سەدەکانی دواتردا. ئەمە و دابڕان لە فیکری ئیسکۆلاستیکی سەدەکانی نێوەڕاست و بوونە دەستپێکی پاڕادایمێکی نوێیە، کە ماکیاوێلی دەکاتە یەکەم بیرمەندی سیاسیی مۆدێرن. لەڕاستیدا هەرکام لە فیلسووفان لە شوێنەکەوە و لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕواننە جیهان و مرۆڤ و دیاردەکانی نێوییەوە، ماکیاوێلی بە شێوەیەک دەستکاریی ئەم گۆشەنیگایە دەکا و بۆ شوێنێک دەیگوازێتەوە کە ناوبراو دەکاتە سەرەتای تێڕوانین و دونیابینییەکی تازە. ئەم سەرەتا و دونیابینییە تازەیە، ئەم زەمینە تازەیە کە دواتر سێکۆلاریزم و دێموکراسیی تێدا سەر هەڵدەدەن و گەشە دەکەن. سێکۆلاریزم کە بنەمایەکی وجوودی دێموکراسییە و بەبێ ئەم بنەمایە دێموکراسی بەدی نایە، مانای ئەوەیە کە سیاسەت کردەیەکی زەمینی و مرۆییە، نەک ئاسمانی و تایبەت بە خوداکان، پرسێکە کە ئینسانەکان هێڵەکانی ڕەنگڕێژ دەکەن و یاساکانی بۆ دادەڕێژن. سێکۆلاریزم پیرۆزی لە سیاسەت دەستێنێتەوە و دەیکاتە کردەیەکی ناموقەدەس. لێرەدایە کە گرینگیی ئەو سەرەتایەی کە ماکیاوێلی ئافراندنی دەردەکەوێ و وادەکا کە ئێمە ماکیاوێلی تەنیا بۆ «ماکیاوێلیزم»



تەرجەمە نەکەین و ڕەهەندەکانی دیکەی فیکریی ئەو بیرمەندەش ببینین. زەمینی کردنی سیاسەت و داماڵینی لە پیرۆزی و ڕەهایی ئاسمانی، لە ڕەوتی گەشە و گۆڕانی خۆیدا لە سەدەکانی دواتردا دێموکراسی لێ دەکەوێتەوە. سیستمێک کە تێیدا هیچ سیاسەت و سیاسییەک پارێزراو لە ڕەخنە نییە؛ هیچ شتێک وەک دیاردەی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ و بیروبۆچوونی کەسەکان وەک تاکەدیدی درووست و وەک حەقیقەتی ڕەها سەیر ناکرێن. سیاسەتی دێموکراتیک لەسەر بنەمای ناپیرۆزی و ئیمکانیبوون و ڕێژەییبوون و ئەقڵی ڕەخنەیی بینا دەکرێ. بە دەربڕینێکی دیکە کە پیرۆزیت لە سیاسەت سەندەوە ڕێگەت ئاوەڵا کردووە بۆ ڕێژەییبوونی سیاسەت، بۆ ڕەخنەهەڵگر بوونی سیاسەت، بۆ ئەوەی کەس لەسەر وێنەی خوای ئاسمانی، خۆی وەک دیکتاتۆرێکی هەمووشتزان نەبینێ. ئەمەیە گرینگیی فیکری سیاسیی ماکیاوێلی. ماکیاوێلی کە دەڵێ سیاسەت ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە، دەیەوێ سیاسەت بکاتە کایەیەکی سەربەخۆ و ڕەهایی و پیرۆزیی ئاسمانی لێ بستێنێتەوە. ئیدیعا ناکەم کە بیر و ئەندێشەی ماکیاوێلی بیر و ئەندێشەیەکی دێموکراتیکە، نامەوێ وێنەیەکی دێموکراتیک لە ماکیاوێلی درووست بکەم، چونکە زۆر خاڵ و ڕەگەزی تێدان کە دایدەماڵێ لەوەی کە بیر و ئەندێشەیەکی دێموکراتیک بێ و لە چوارچێوەی ئەو بیر و ئەندێشەیەدا دێموکراسی دانامەزرێ، ئەمە ڕاستییەکە و لە بنەڕەتدا ئەو چاوەڕوانییەش لە ماکیاوێلی بە سەرنجدان بە هەلومەرج و سەردەمی ماکیاوێلی لە جێی خۆیدا نییە. مەبەستی ئەم وتارە ئەوەیە کە بگوترێ ماکیاوێلی دەروازەیەکی کردەوە، بەردی بناغەیەکی دانا کە دواتر دێموکراسی لێ شین بۆوە. سیاسەتی کردە کردەیەکی زەمینی و ناموقەدەس، ئەمەش بوو بە بونیادێک کە لە گەشەی خۆیدا سێکۆلاریزم و دێموکراسی لێ کەوتەوە. بەبێ زەمینی کردنی و ستاندنەوەی پیرۆزییەت لە سیاسەت کە بنەڕەتێکی سێکۆلاریزم و دێموکراسییە، ئەم چەمکانەی دوایی سەریان هەڵ نەدەدا. لە دێموکراسیدا سیاسەت وەک ئەمری واقیع مامەڵە دەکرێ کە ئینسانە واقعییەکان ڕێکی دەخەن و بەڕێوەی دەبەن. ڕەگەزێک کە لە بە زەمینیکردنی سیاسەتدا لە ئەندێشەی ماکیاوێلیدا بەرجەستەیە. ڕەگەزێک کە هەڵگری ئەو توخمەشە کە، واقیع ئاڵۆزە و هیچ کەس ناتوانێ ئیدیعا بکا وێنەی ئەو و، ئەو مانایەی بە واقیعی دەدا، بەتەواوی یەکانگیرە لەگەڵ واقیع، بۆیە دەبێ وەک وێنە و مانایەکی ڕێژەیی و نارەها بخوێندرێتەوە. ئەندێشەی ماکیاوێلی هەڵگری توخمێک بوو کە لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا بیر و مانا و بەهاکانی دێموکراتیکی لێ کەوتەوە. سێکۆلاریزم و دێموکراسی لە بنەڕەتدا و لە بونیادی خۆیاندا بۆ زەمینی بوونی سیاسەت دەگەڕێنەوە، بناغەیەک کە ماکیاوێلی داینا. یەکێک لە کێشە گەورەکانی دنیای سیاسەتی ڕۆژهەڵات و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەنووکەیی سیاسەتی نادێموکراتیک و فاشیل، ئەوەیە مێنتالیتە و چەمک و ئامرازکانی کایەی دین بۆ کایەی سیاسی دەگوازرێنەوە و بە زێهنییەت و ئەخلاقیات و چەمکە دینییەکان سیاسەت دەکرێ. وەک چۆن لە سیستمی گوتاری و مانایی دیندا، خوداوەندگار و بەندە هەیە، دەیانەوێ پێوەندی و سیستمی خوا و بەندایەتی لە سیاسەتدا بەرهەم بێننەوە. واتا پێچەوانەی فکر و سیاسەتی مۆدێرن کە ماکیاوێلی بۆ یەکەم جار بنەماکەی داڕشت، دەجووڵێنەوە. هەر ئەمەش وادەکا نەتەنیا سیاسەت لە چوارچێوەیەکی مۆدێرن دەربچێ و نادێموکراتیک بێ، بەڵکوو وێرانکاریش لەگەڵ خۆیدا بێنێ.

***

# گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم
# سۆسیالیزم لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە
## (٨-٣)



د. کامران ئەمینئاوە




لە ئەدەبیاتی چەپدا، سۆسیالیزم وەکوو قۆناغی یەکەمی فۆرماسیۆنی کۆمۆنیزم پێناسە دەکرێ. مێژووی ئەم چەشنە پێناسەیە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر لێدوانەکانی ئینتێرناسیۆنالی دووهەم و سێهەم و کۆمۆنیستەکانی پاش مارکس. بە تایبەتی لێنین لە بەشی ٥ی کتێبی «دەوڵەت و شۆڕش»دا، لە ژێر سەردێڕی «بنەما ئابوورییەکانی لەنێوچوونی دەوڵەت» چەمکی سۆسیالیزمی وەکوو فازی یەکەمی کۆمۆنیزم و کاتی تێپەڕین لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم بەکار هێناوە و بەپێی لێکدانەوەکانی مارکس لە کتێبی «هەڵسەنگاندنی بەرنامەی گووتا»دا، ئەم چەمکە و تایبەتمەندییەکانی زۆرتر شیکردۆتەوە.(١) مارکس لە «هەڵسەنگاندنی بەرنامەی گووتا»دا هیچ کاتێک وشەی «سۆسیالیزمی» لە پێوەندی لەگەڵ قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگەی داهاتوو یان خولی تێپەڕین لە کۆمۆنیزم بەکار نەهێناوە. مارکس لەم بابەتەدا وێڕای لێکدانەوەی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی ئاڵمان و ڕەخنە لە پێشنیارەکانی لاسال لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی سەرەتایی کۆمۆنیزم دەبێژێ: «ئێمە لەگەڵ چەشنە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا سەروکارمان نییە کە بەپێی بنەمایەکی تایبەتمەند بە خۆی گەشە و پەرەی سەندبێ، بەڵکوو سەروکارمان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکە کە تازە لە ناخی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەری هەڵداوە، بەم پێیە لە تەواوی بوارەکانی ئابووری، ئاکاری و فیکریدا؛ هێشتا مۆرک و نیشانی ئەو کۆنە کۆمەڵگەیەی پێوە دیارە کە لە ناخییەوە سەری هەڵداوە.»(٢) مارکس ئەم کۆمەڵگەیە وکوو قۆناغی سەرەتایی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، واتە کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکا کە «پاش ئێشی درێژخایەنی زاوزێ لەنێو کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەر هەڵدەدا(٣) ... و جارێ ناتوانێ بەتەواوەتی دادپەروەری و بەرامبەری پێک بێنێ. بە باوەڕی مارکس «لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی خولی تێپەڕبوونی شۆڕشگێڕانە لە هەوەڵییەوە بۆ دووەهەمی هەیە. بەپێی ئەم خولە، خولێکی تێپەڕینی سیاسیش هەیە کە دەوڵەتەکەی ناتوانێ شتێک بێ بێجگە لە دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلتاریا.»(٤) لێنین لە کتێبی «دەوڵەت و شۆڕش»دا، پاش ئاماژە بە لێکدانەوەکانی مارکس لەم کتێبەدا، دەڵێ: «بەم پێیە یەکەمین فازی کۆمۆنیزم ناتوانێ دادپەروەری و بەرامبەری مسۆگەر بکا: جیاوازی لە سەروەت و سامان لە چەشنی جیاوازیگەلی نادادپەروەرانە دەمێنێتەوە، بەڵام چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان نەگونجاوە، لەبەر ئەوەی وێچوونی خاوەندارییەتی ئامرازی بەرهەمهێنەر واتە کارخانەکان، ماشێنەکان، زەوی و هتد، نامێنێ. مارکس وێڕای ڕەدکردنەوەی فورمووڵی ناڕوونی وردەبۆرژواییانەی لاسال لەبارەی «بەرامبەری» و «دادپەروەری» بە مانای گشتی، ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی شی دەکاتەوە و نیشان دەدا کە ئەم کۆمەڵگەیە ناچارە لەسەرەتادا تەنیا «ناعەدالەتی»یەک لەنێو بەرێ کە خاوەندارییەتی تاکەکەسی سەرچاوەیەتی و ناتوانێ جێبەجێ بێعەدالەتییەکی دیکە لەنێو بەرێ، کە بە هۆی بەشینەوەی شتومەکی مەسرەفی و «بەپێی میزانی کارە» (نە بەپێی پێداویستییەکان).(٥) .... مارکس نەک هەر نابەرامبەری بە ناچاری مرۆڤەکان لە وردترین حاڵەتدا لەبەر چاو دەگرێ بەڵکوو سەرنج دەداتە ئەم خاڵەش کە تەنیا بە گواستنەوەی ئامرازی بەرهەمهێنەر بە خاوەندارییەتی گشتیی تەواوی کۆمەڵگە (یان بەو چەشنەی کە باوە_ «سۆسیالیزم»)، کەمایەسی بەشینەوە و نابەرامبەری «مافی بۆرژوایی» لەنێو ناچێ و دەسەڵاتداری بە هۆی ئەوەی کە داهاتەکان «بەپێی کار» دابەش دەکرێن، درێژەی دەبێ».(٦) لێنین لە کتێبی «نەخۆشیی منداڵانەی چەپڕەوی لە کۆمۆنیزمد» کە ساڵی ١٩٢٠ واتە ٣ ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر نووسیویەتی، ئاماژە دەکا و دەڵێ: «ئێمە ئێستا لە ڕووسیە (لەم سێهەمین ساڵی پاش ڕووخانی بۆرژوازیدا) هەنگاوە سەرەتاییەکانمان بۆ تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم واتە هەوەڵ قۆناغی کۆمۆنیزم هەڵدەگرین. لێرەدا جارێ چینەکان ماونەتەوە و لە هەر جێگایەکی دیکەش کە پرۆلتاریا دەستەڵات وەدەست بێنێ، ساڵانێک هەر دەمێننەوە، تەنیا لە بریتانیا کە وەرزێریان نییە (بەڵام بەهەرحاڵ وردەخاوەندارییان! هەیە) لەوە دەچێ ئەم ماوەیە کورتتر بێ. لەنێوبردنی چینەکان تەنیا بە مانای ڕەواندنی خاوەندارەکان و سەرمایەدارەکان نییە – ئێمە ئەم کارەمان بە هاسانی ئەنجام دا، ئەمە بە مانای لەنێوبردنی وردەبەرهەمهێنەرەکانی شتومەکیش هەیە، بەڵام ناکرێ ئەمانە بڕەوێندرێن، دەکرێ (و پێویستە) ئەوان باش بکرێنەوە و سەرلەنوێ پەروەردە بکرێنەوە – بەڵام تەنیا لە ڕێگەی کاری ڕێکخستنێکی زۆر درێژخایەن، بە ئەسپایی و پارێزەوە.»(٧) «ئێمە دەتوانین و (دەبێ) بینای سۆسیالیزم بە کەلکوەرگرتن هەر لەو کەرەستە ئینسانییانە دەست پێبکەین کە سەرمایەداری وەکوو میرات بۆی بەجێ هێشتووین، نەک لەگەڵ کەرەستەیەکی ئینسانی خەیاڵی و کەرەستەگەلێک کە بۆخۆمان بە شێوەیەکی تایبەتمەند پێکمان هێنابێ. ئەم کارە بێگومان گەلێک» دژوارە» بەڵام هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی دیکە لەگەڵ ئەم ئەرکە ئەوەندە ناجیدییە کە تەنانەت بایەخی قسەلێکردنیشی نییە».(٨) بەپێی لێکدانەوەی بیرمەندە سەرەکییەکانی کۆمۆنیست، لە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم واتە لە سۆسیالیزمدا دادپەروەری و بەرامبەری بە چەشنێکی تەواو مسۆگەر ناکرێ. خاوەندارییەتی تەواوگەلی (کۆمەڵایەتی) ئامرازی بەرهەمهێنەر لە هەموو بوارەکانی ئابووری، هەروەها یەکیەتیی کاری جەستەیی و فیکری و جیاوازی شار و گوندەکان بەیەکجاری چارەسەر ناکرێ. خاوەندارییەتی بە دوو چەشنی دەوڵەتی یان تەواوگەلی، هەروەها گرووپی یان گەلەکۆمە دەبێ. سەرەڕای لەنێوچوونی چینە دژبەرەکان جارێ چین و توێژی جیاواز لە کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە و بنەمای بەشینەوە بەپێی میزانی کارکردنە، نەک پێداویستییەکانی ژیان. لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لە چەمکە ئابوورییەکان کە پێوەندییان بە ئاستی بەرهەمهێنان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وەکوو شتومەک، قازانج، نرخ و هتد هەیە، جارێ دەمێننەوە و کارتێکەرییان لە سەر پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەبێ، واتە بەرهەمەکان لە چەشنی شتومەک کڕین و فرۆش دەکرێن و بۆ بەڕێوەبەری ئابووری لە ئامرازێک وەکوو نرخ، سوود و دەست قەرز و هتد کەلک وەردەگیرێ، هەروەها پاشماوەی بیر و خوو و فاکتەری ڕۆحی و ئاکاری کۆمەڵگەی کۆن دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری و سەرلەنوێ سازبوونەوەی ئەم فاکتەرانە ناتوانێ بەپێی ئاهەنگ و خێرایی پێکهاتەی بنەما مادی و پێوەندییە تازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە بچێتە پێشەوە.(٩) لەم فازەدا دەوڵەت بە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست تەواوی کاروبارەکانی ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵگە، هەروەها میزانی کار و مەسرەف بە وردی کۆنترۆڵ دەکا. بە وتەی لێنین «تەنیا پێویستە ئەم کارە لە بێدەستەلاتکردنی سەرمایەدارەکان و کۆنترۆڵی سەرمایەدارەکان لە لایەن کرێکارەکانەوە دەست پێبکا و ئەم کۆنترۆڵە دەبێ لە لایەن دەوڵەتی کرێکارە چەکدارەکانەوە بێ، نە لەلایەن بۆرۆکراتەکانەوە.»(١٠) دیکتاتۆریی پرۆلتاریا واتە هێزی دەوڵەتی کرێکاری، نێوەرۆکی سەرەکیی ئەم قۆناغە پێک دەهێنێ و پرۆلتاریا لە دەستەڵاتی دەوڵەتی خۆی بۆ تێکشکاندنی خۆڕاگریی سەرمایەدار و خاوەندارەکان، هەروەها پیلانی دوژمنە دەرەکی و ژوورەکییەکان کەلک وەردەگرێ و [دیکتاتۆریی پرۆلتاریا] ئامرازی سەرەکیی سیاسی بۆ سەرکەوتنی فازی سۆسیالیزم و تێپەڕبوون بە قۆناغی دووهەم واتە کۆمۆنیزمە. بە وتەی مارکس «دیکتاتۆریی پرۆلتاریا ئاکامی بەناچاری خەباتی چینایەتییە و ... دەوڵەتی کاتیی تێپەڕین ... شتێک بێجگە لە دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلتاریا ناتوانێ بێ.» بە باوەڕی لێنین «دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لێبڕاوانەترین و کۆڵنەدەرترین خەباتی چینی نوێ دژ بە دوژمنێکی بەهێزتر واتە بۆرژوازییە کە خۆڕاگریی ئەو پاش ڕووخانی (جارێ لە وڵاتێکدا) دە بەرامبەر بووە و ئەم توانایییە نەک هەر بەهۆی هێزی سەرمایەی نێونەتەوەیی و هێز و پتەوبوونی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بۆرژوازی، بەڵکوو ئاکامی هێزی ڕاهاتوویی و هێزی وردە بەرهەمەکانیشە ....(١١) «دووپاتی دەکەمەوە: ئەزموونی دیکتاتۆریی سەرکەوتووی پرۆلتاریا لە ڕووسیە بۆ ئەو کەسانەی کە توانای بیرکردنەوەیان نییە یا بۆ ئەو کەسانەی کە جارێ لەسەر ئەم مەسەلەیە ورد نەبوونەتەوە، بە ئاشکرا نیشان دەدا کە ناوەندییەتی بێ ئەملاوئەولا و دیسیپلینی گەلێک پتەوی پرۆلتاریا، یەکێک لە شەرتە سەرەکییەکانی زاڵبوون بەسەر بۆرژوازی دایە ...(١٢) دیکتاتۆریی پرۆلتاریا خەباتێکی سەخت، خوێناوی و بەبێ خوێنڕێژی، تێکەڵ بە توندوتیژی یان ئاشتیخوازانە، نیزامی و ئابووری، هەروەها ڕاهێنانە و بەڕێوەبەریی دژ بە هێز و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کۆنە. هێزی ڕاهاتووی بە میلیۆن و دەیان میلیۆن ئینسان، یەکێک لە سامدارترین هێزەکانە.»(١٣) هەر لەم پێوەندییەدا نیکۆلای بوخارین، سەرنووسەری ڕۆژنامەی پڕاودا کە بۆخۆشی لە ساڵی ١٩٣٨ وەکوو هەزاران کۆمۆنیست و ئازادیخوازی ئەو وڵاتە بە تاوانی خەیانەت کوژرا، لە ئەلفوبێی کۆمۆنیزمدا دەنووسێ: «ئێستا ئەرکی دەسەڵاتی کرێکاری بریتییە لە تێکشکاندنی بێبەزەییانەی ئەم خۆڕاگرییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەم خۆڕاگرییە بە دڵنیایی گەلێک بەهێز دەبێ، حکوومەتی پرۆلتاریاش دەبێ دیکتاتۆریی کرێکاران بێ. لە ژێرسەردێڕی دیکتاتۆری چەشنە حکوومەتێکی لێبڕاو و پێداگر لە سەرکوتکردنی دوژمنەکان فام دەکرێ. ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە لەم بارودۆخەدا قسەیەک لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکان ناتوانێ بێتە گۆڕێ. دیکتاتۆریی پرۆلتاریا سەری سازانی لەگەڵ ئازادیی بۆرژواییدا نییە. ئەم دیکتاتۆرییە بە تایبەتی لەبەر ئەم هۆیە پێویستە ئازادیی بۆرژوایی لەو بستێنێ و دەست و پێی ببەستێ و دەرفەتی هەر چەشنە خەباتی لەگەڵ پرۆلتاریای شۆڕشگێڕ لێ بستێنێتەوە، هەرچەند خۆڕاگریی بۆرژوازی بەرزتر بێ، هەرچی بێهیواتر هێزەکانی خۆی کۆ کاتەوە، هەرچەند مەترسیدارتر بێ، هەر بەو ڕادەیەش دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەبێ توندتر و بێبەزەییتر بێ، تەنانەت دیکتاتۆری لە بوارگەلێکی تایبەتیدا نابێ خۆی لە تێرۆریش بپارێزێ.»(١٤) مارکس گوتەنی ئەم دیکتاتۆرییە تێپەڕینێکە بۆ لەنێوچوونی چینەکان، هەروەها لە پێناوی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بێ چین.(١٥) بەم پێیە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا قۆناغێکی پێویست بۆ تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەتی سەرمایەداری، لەنێوبردنی دیکتاتۆریی چینە چەوسێنەرەکان و جیاوازیی چینایەتی بەگشتییە. کاتێک دەوڵەتی کرێکاری بە ئامانجەکانی گەیشت، ئیتر نێوەرۆکی دیکتاتۆریی پرۆلتاریاش دەگۆڕدرێ و بارودۆخی لەبار بۆ لەنێوچوونی دەوڵەت پێک دێ. ئێنگڵس لە «ئانتی دۆرینگ»دا لەم پێوەندییەدا دەبێژێ: «پرۆلتاریا دەستەڵاتی دەوڵەتی بەدەست دەگرێ و لە سەرەتادا دەوڵەت دەکاتە خاوەنداری ئامرازی بەرهەمهێنەر. بەڵام بەم کارە پرۆلتاریا خۆیشی وەکوو پرۆلتاریا لەنێو دەبا و، لەم ڕێگایەوە تەواوی جیاوازی و ناتەبایەکانی چینایەتی و لەگەڵ ئەویش، دەوڵەتیش خۆی وەکوو دەوڵەت لەنێو دەبا.»(١٦) پێویستە ئاماژە بەم خاڵە گرینگە بکردرێ کە بەشێکی زۆر لە کۆمۆنیستەکانی پاش مارکس و ئێنگڵس و بە تایبەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ڕووسیە، دیکتاتۆریی پرۆلتاریا وەکوو قۆناغی تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم پێناسە دەکەن نەک وەکوو فازی هەوەڵی فورماسیۆنی دوو قۆناغەی کۆمۆنیزم. (بۆ وێنە بڕوانە ئەلفوبێی مارکسیزم لاپەڕەی ١٨٣ ئێرنێست مێندل، بە فارسی و هتد).

> **«بەپێی لێکدانەوەی بیرمەندە سەرەکییەکانی کۆمۆنیست، لە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم واتە لە سۆسیالیزمدا دادپەروەری و بەرامبەری بە چەشنێکی تەواو مسۆگەر ناکرێ. خاوەندارییەتی تەواوگەلی، ئامرازی بەرهەمهێنەر لە هەموو بوارەکانی ئابووری، هەروەها یەکیەتیی کاری جەستەیی و فیکری و جیاوازی شار و گوندەکان بەیەکجاری چارەسەر ناکرێ و سەرەڕای لەنێوچوونی چینە دژبەرەکان جارێ چین و توێژی جیاواز لە کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە»**

> **«بە وتەی مارکس "دیکتاتۆریی پرۆلتاریا ئاکامی بەناچاری خەباتی چینایەتییە و بە باوەڕی لێنین دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لێبڕاوانەترین و کۆڵنەدەرترین خەباتی چینی نوێ دژ بە دوژمنێکی بەهێزتر واتە بۆرژوازییە کە خۆڕاگریی ئەو پاش ڕووخانی (جارێ لە وڵاتێکدا) دە بەرامبەر بووە و ئەم توانایییە نەک هەر بە هۆی هێزی سەرمایەی نێونەتەوەیی و هێز و پتەوبوونی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بۆرژوازی، بەڵکوو ئاکامی هێزی ڕاهاتوویی و هێزی وردە بەرهەمەکانیشە»**

سەرچاوەکان:
١ـ دولت و انقلاب، و. ای. لنین، ترجمەی م. پورهرمزان و ع. بیات، ص ١٠٦، انتشارات حزب تودەی ایران، چاپ سوم ١٣٨٧
٢ـ نقد برنامە گوتا، پیشگفتار و یازدە نامە از انگلس و یادداشتهای لنین، مترجم ع. م، ص ١٦، تکثیر از حجت برزگر، ٢٠٠١
٣ـ سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٦
٤ـ سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٢٣
٥ـ دولت و انقلاب، و. ای. لنین، ص ١٠٨
٦ـ سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٠٩
٧ـ بیماری کودکی »چپگرایی» در کمونیسم، لنین، ترجمە از م. پورهرمزان، ص ٤١، چاپ ششم ١٣٨٧، انتشارات حزب تودە ایران
٨ـ سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٤٨
٩ـ بەپێی لێکدانەوەی بیرمەندانی کۆمۆنیزم، لە قۆناغی سەرەوەی فۆرماسیۆنی کۆمۆنیزمدا دادپەروەری، بەرامبەری، دێموکراسی و ئازادی لە ئاستی هەرە بەرزی خۆی مسۆگەر دەکرێ. تایبەتمەندییەکانی قۆناغی دوووهەمی کۆمۆنیزم بریتین لە:
ـ کۆمۆنیزم قۆناغی هەرە بەرزی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و هێزە بەرهەمهێنەرەکانە. بنەمای بەشینەوەی ئەم فۆرماسیۆنە بەگوێرەی «لە هەرکەس بە پێی توانایی و بە هەرکەس بەپێی پێداویستییەکانی» یەتی.
ـ نێوەرۆکی کار دەگۆڕێ، کار نە ئەرک بەڵکوو پێداویستییەکی حەیاتییە.
ـ شکڵی دوو خاوەندارییەتی دەوڵەتی و گەلەکۆمە لەنێو دەچێ و تەنیا خاوەندارییەتی کۆمەڵایەتیی تەواوگەلی واتە کۆمۆنیستی، بوونی دەبێ.
ـ جیاوازیی چینایەتیی نێوان کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیرەکان نامێنێ.
ـ جیاوازیی شار و دێ لەنێو دەچێ.
ـ خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیستی جێگیری دەوڵەت دەبێ. لەنێوچوونی دەوڵەت بەمانای لەنێوچوونی ڕێکخراوە و دەزگاگانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە نییە. و هتد ....
١٠ـ دولت و انقلاب، و. ای. لنین، ص ١١٢
١١ـ بیماری کودکی »چپگرایی» در کمونیسم، لنین،ص ١٤
١٢ـ سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕەی ١٥
١٣ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٤٢
١٤ـ دیکتاتوری پرولتاریا، قسمتی از کتاب «الفبای کمونیزم» نوشتەی «بوخارین» و «پرئوبراژنسکی»- باز تکثیر نشرکارگری- سوسیالیستی.
١٥ـ نامەی مارکس بە ویدمیر مارسی ١٨٥٢، در بارەی دیکتاتوری پرولتاریا، مارکس، انگلس و لنین منبع روزنامە ژن‌مین ژیبائو، ٢٢ فوریەی ١٩٧٥، و مجلەی خون‌چی شمارە ٣ سال ١٩٧٥، انتشارات سازمان چریکهای فدائی خلق ایران
١٦ـ آنتی دورینگ. ف. انگلس، ص ٢٣٦، ناشر و مترجم فارسی نامعلوم. بازنویسی حجت برزگر

***



برایم چووکەڵی

# عەمەلیاتی نۆبار و حەماسەی پێشمەرگە

ساڵی ١٣٦٦ لە بەرخۆدان و فیداکاری و حەماسەخوڵقاندنی هێزی پێشمەرگەدا شوێنی تایبەتیی هەیە. عەمەلیاتی هاوبەشی هێزەکانی حیزب و بارستایی زۆری زیانەکان لە دوژمن، ورەی بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەهێشتبوو.

گوندی نۆبار لە ڕۆژئاوای شاری بۆکان و لە بناری کێوی تەرەغە هەڵکەوتووە و ١٥ کیلۆمیتر لە بۆکانەوە دوورە. لە باری جوغرافیاییەوە ناوچەیەکی تەواو پێدەشتە و گوندەکە لە نیزیک جادەی سەرەکیی بۆکان _ مەهابادە و هەروەها ڕێگای زۆر گوندی دیکەی ناوچەی پیرمحەممەد و ناوچەی سارم و میرقازی بەسەرەوەیە. هەر بۆیەش ڕێژیم وەک شوێنێکی ستراتێژیک و نیزامیی گرینگ چاوی لێدەکرد.

بینای سەرەکیی گوردانەکە بە پانتایی ١٥٠٠ میتری چوار گۆشە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی نۆبار هەڵکەوتبوو. دەرگای چوونەژوورەوەی گوردانەکە لە باکوور و ڕوو بە گوندی عەزیزکەند هەڵکەوتبوو. شەوانە چوار دەوری گوردانەکە بە دە پرۆژێکتۆری بەهێز ڕووناک دەکرا و دوو ڕیز تێل دڕوو بە دەوراندەوری گوردانەکەدا کێشرابوو کە یەکیان ئاڵقەیی و ئەوەی دیکەیان ڕستەیی بوو. نێوان چوار تا شەش میتریی ئەو دوو ڕیز تێل دڕووانە بە مینی دژەنەفەر و تەڵە مینڕێژ کرابوو. جیا لەوانەش دەوراندەوری گوردانەکە بە بەرزایی زیاتر لە دوو میتر گڵی لێ هەڵدرابۆوە و لە شێوەی کاناڵ سەنگەریان تێدا دروووست کرابوو.

بینای گوردانەکە کە نیزیک پازدە ژووری گەورە و بچووکی لەخۆ گرتبوو، بە نەخشەی تەواو نیزامی و بە شێوەی (L) دروووست کرابوو. یازدە سەنگەر لە چوار دەوری گوردانەکە لێدرابوو کە دیارە شەوی عەمەلیاتەکە و گرتنی گوردانەکە تەنیا سێ سەنگەریان هێزی دوژمنی لێ دامەزرابوو. لە کاتی ئاساییدا و ئەگەر هیچ هەواڵێک لە بوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە نەبوایە، بەردەوام سێ نیگابان و پاسبەخشێک ئەرکی پاراستن و کێشکی شەوانەی گوردانیان لە ئەستۆ بوو، ئەگەر هەست بە مەترسی و بوونی پێشمەرگە لە ناوچەش کرابا، ئەوە هەموو گوردانەکە دەکەوتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە.

ئەو شەوەی کە هێرش کرایە سەر گوردانەکە، سێ نیگابان لە سەر پۆستەکانیان بوون، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بە وردی و بە بەرنامە کارەکانی بردبووە پێشێ کە دوژمن بڕاوبڕە هەستی بە بوونی پێشمەرگە لە ناوچە نەکردبوو. بەپێی ئەو زانیارییانە ئەرکی نیگابانی و پاراستنی گوردان لە ئەستۆی پایەگای حیفازەتی ئیتلاعات بوو کە هەر لە نێو گوردانەکەدا بوو. تیمی شناسایی، جیا لە دەستنیشانکردنی هەموو وردەکارییەکان، بۆیان دەرکەوتبوو کە سەرجەم هێزە چەکدارەکانی نێو گوردانەکە ١٤٨ کەسن. بەڵام شەوی عەمەلیاتەکە سێ کەسیان لە مەرەخەسی بوون. گرووپی زەربەتی گوردان لە ٧٠ کەس پێک دەهات و زۆربەی کاتەکان لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان بەدووی پێشمەرگەوە بوون و کەمینیان لەسەر ڕێی هاتوچۆی پێشمەرگە دادەنا. گرووهانی پارێزگاری لە گوردان ٢٥ کەس بوون کە کاریان تەنیا حیفازەت و پاراستنی گوردان بوو، بەسیج و دژبانیی گوردانیش لە ٢٠ کەس پێک هاتبوون، کادرەکانی حیفازەتی ئیتلاعات ٤ کەس، فەرماندەیی ٥ کەس، تەبلیغات ٦ کەس، بەشی پێوەندی و مخابرات ٣ کەس، تەداروکات ٧ کەس، ئاشپەزخانە ٥ کەس، ئەنبارداری نیزامی ٢ کەس و ئەمباری تەداروکاتیش یەک کەس بوو.

ئەو هێزانەی نێو گوردان چەکوچۆڵی زۆر و جۆراوجۆریان لەبەر دەستدا بوو، ئەمبارێکی گەورەی تەداروکاتیی نیزامیش لەژێر زەویدا دروووست کرابوو کە ژوورێک بە پانتایی ٣٢ میتری چوارگۆشە و بەرزایی چوار میتر بوو. هێزی پیادەی گوردانیش بە چەکی کلاشینکۆف، ژ-٣، تیرباری قەناسە و تەکتیر تەیار بوون. لە نێو ئەمباریش خۆمپارەی ١٢٠، ٨٠ و ٦٠ میلیم و هەروەها چەندین تیرباری قەناسە و ژ-٣ بۆ کاتی پێویست داندرابوو، جیا لەوەش بە هەزاران فیشەکی جۆراوجۆری لێ هەڵچندرابوو. بەشی هاتوچۆی گوردانیش لە چوار تویتا، ئامبولانسێک و تراکتۆرێک پێک دەهات و دوو تانکەری گەورەی سووتەمەنیش لە حەوشەی گوردان بوو.

لە شناسایی گوردانەکەدا زۆر گرینگی درا بە ئەو هێزەی کە پێکهێنەری سەرەکیی گوردانەکەیە و تیمی شناسایی بۆی دەرکەوت کە گوردانی ئیمام حەسەن لە هێزەکانی پاسدار، جاش، سەرباز و بەسیج پێک هاتبوون کە بەشی زۆریان لە لوڕستان ڕا هێنرابوون. هێزەکانی ڕێژیم لەو گوردانە بە هۆی ئەوەی چەند جار لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕیان کردبوو، بە تایبەت لە شاخی تەرەغە و پشتی حوسێن ئاباد بەرەوڕووی هێزی پێشمەرگە ببوونەوە و تێک شکابوون، ورەیان لە خوارێ بوو. بەهۆی ئەوەش کە بڕیار بوو دوای نووستنی هێزەکانی دوژمن هێرش بکرێتە سەر گوردانەکە، زانیاری لەسەر کاتی ڕاگەیاندنی خامۆشی گرینگیی زۆری بۆ داڕێژەرانی عەمەلیات هەبوو.

دوای دابەشکردنی کار، دەبوا زۆر بە دەستوبرد و پێشمەرگانە، بۆ غافڵگیرکردنی دوژمن دەستبەکار بن. بەپێی گەڵاڵە کاتی دەسپێکی عەمەلیات دوای لێدانی خامۆشی و لەکاتی نووستنی هێزەکانی دوژمن دیاری کرابوو. لەو کاتەدا ڕادەی ئامادەیی هێزەکانی دوژمن نەک هەر لە خوارێیە، بەڵکوو کوتوپڕ بە سەر ڕووداوەکەدا دەکەوتن و ئەوەندەی دیکەش ئاڵۆز دەبوون و تووشی سەرلێشێواوی دەبوون؛ حیسابی گەڕانەوە و دوورکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگەش لە شوێنی عەمەلیات کرابوو، هەر بۆیەش کاتژمێر یەک و پازدە دەقەی بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی ڕەزبەر وەک گونجاوترین کات دیاری کرا و بڕیاری لە سەر درا.

عەمەلیاتی لە کاتی خۆیدا و بە یادی شەهیدانی ساڵی ١٣٦٦ی حیزبی دێموکرات دەستی پێکرد و لە ماوەی کەمتر لە ٢ سەعاتدا دەست بەسەر گورداندا گیرا. لەو عەمەلیاتەدا جیا لە ٧ کەس کە بەدیل گیران، هەر هەموو هێزەکانی ڕێژیم لەو گوردانەدا کوژران و بە سەدان چەکی جۆراوجۆر و بە هەزاران فیشەک کەوتنە بەردەستی پێشمەرگە، بەڵام خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە شەهیدبوونی چوار پێشمەرگە بە ناوەکانی حەسەن عەزیزی ناسراو بە «حەسەن بەیان» و ڕەحمان زارعی لە هێزی بەیان و، ڕەحمان جەناح و وەلی فەتاحی لە هێزی پێشەوا بوو.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگی ئەو عەمەلیاتە بکری: یەکەم لێدان لە گوردانی ئیمام حەسەن لە نۆبار و تەفروتوونا کردن و سووتاندنی ئەو گوردانە، ڕێژیمی بەتەواوی تاساند و ئەم چالاکییە گەورەیە زەبرێکی تەواو گورچکبڕ بوو لە هێزەکانی ڕێژیم.

دووهەم، نازین بە گوردانی نۆبار لە لایەن ڕێژیمەوە کە پێی وابوو ناوچە لە سایەی ئەم گوردانەوە بەتەواوی ئەمنە و هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە، بەڵام لێکهەڵتەکانی لە ماوەی دوو سەعاتدا پێچەوانەی ئەم بۆچوون و ئەرخەیانییەی ئەوانی سەلماند.

سێهەم، گرینگیی ئەو عەمەلیاتە لە دەشتایی و هەروەها قووڵایی ناوچەی بۆکان، هێندەی دیکە دوژمنی سەرسام کردبوو و ئێستاشی لەگەڵ بێ لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەم گوردانە زەبەلاحە بە دەستی هێزی پێشمەرگە تەفروتوونا بوو.



# ڕێگاچارەی لاوازی یەکیەتیی ئوورووپا بۆ گەمارۆکانی ئامریکا دژی ئێران

فارین پاڵیسی_کیت جانسۆن
و: کەماڵ حەسەنپوور

FP

REPORT: EU Offers Up a Meager Workaround to U.S. Iran Sanctions



From left, French Foreign Minister Jean-Yves Le Drian, U.K. Foreign Secretary Jeremy Hunt, and German Foreign Minister Heiko Maas launch the long-awaited special vehicle for Iran trade in Bucharest, Romania, on Jan. 31. (Daniel Mihailescu/AFP/Getty Images)

دوای چەند مانگ بێنەوبەرە، یەکیەتیی ئوورووپا ڕۆژی پێنجشەممە ئاخیرەکەی بەرنامەیەکی بۆ خۆبواردنی ڕێژەیی لە گەمارۆ نوێیەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دژی ئێران ڕاگەیاند، کە هەوڵێکە بۆ بێدەنگکردنی زەنگی نەمانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی. بەڵام دەستپێشخەرییەکە، کە گرینگییەکی مامناوەندیی ئابووریی هەیە ئەگەرچی لە ڕوانگەی سەمبولیزمی سیاسییەوە بە نرخە، وێناچێ وەڵامی چاوەڕوانییە ئابوورییەکانی تاران بۆ مانەوە لە بەرجامدا بداتەوە.

بە ڕێبەرایەتیی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا، سێ وڵاتی ئوورووپایی کە زۆر لە داڕشتنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ٢٠١٥ دا بەشدار بوون، ئوورووپا بە فەرمی دەستبەکاربوونی ئینستێکس (ئامرازی پشتیوانی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی)، ڕێکارێکی ئابووریی تایبەتیی بۆ ڕێگەپێدان بە ئێران بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ کۆمپانیا ئوورووپاییەکان سەرەڕای یاساغکردنی واشینگتۆن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وڵاتە، ڕاگەیاند. بە گوتەی دیپلۆماتێک، ئەو ڕێکخراوە نوێیە، کە بنکە سەرەکییەکەی لە فەڕانسە دەبێ، و ئاڵمانییەک سەرۆکایەتیی دەکا، و لەلایەن بریتانیاوە چاودێریی دەکرێ، تەنیا ڕێگا بۆ بازرگانیکردن بە شتی مرۆڤییانە وەک خواردەمەنی، دەرمان، و ئامێرێ پزیشکی خۆش دەکا. ئامانجی کۆتایی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە نوێیە ببێتە هۆی بەشداربوونی ئەندامانی دیکەی یەکیەتیی ئوورووپا و بتوانی وردە وردە بازرگانیی کاڵاکانی دیکەش بگرێتە خۆ، وەک وزە و کاڵای پێشەسازی. بەڵام ئەوە بەستراوەتەوە بە ویستی کۆمپانیا ئوورووپاییەکان، بە تایبەتی کۆمپانیا مەزنەکان، کە ڕیسکی گەمارۆی وڵاتە یەککگرتووەکان لەبەر بازرگانیکردن لەگەڵ تاران قبووڵ بکەن.

نێوەڕۆکی تەنکی ئینستێکس، بەو شێوەی کە ئاشکرا بووە، تەواو بە پێچەوانەی خولیای ئوورووپا بۆ ئەو دامەزراوەیە. ئەو بەناو ئامرازی پشتیوانی لە ئاڵووێری بازرگانییە قەرار بوو دوای چوونەدەێی وڵاتە یەککگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لە ساڵی ڕابردوو پشتگیری لەو ڕێککەوتنە بە هۆی ڕێگەدان بە ئێران و بۆ گۆڕینەوەی نەوت بە کاڵای پێشەسازیی ئوورووپا بکا، بێ ئەوەی کە کەڵک لە دۆڵار یا سیستەمی دارایی ئامریکا وەرگرێ. بەڵام خەونی بەرزەفڕانەی بەگژداچوونەوەی باڵادەستیی دارایی وڵاتە یەککگرتووەکان بەهۆی کۆمپانیا مەزنەکانەوە بنکۆڵ کرا، لەبەر ئەوەی کە لەوە دەترسان کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی وڵاتە یەککگرتووەکان تووشی کێشە بن. گەورە کۆمپانیاکانی ئوورووپایی کە لەمێژساڵ بوو بە تەمای دەستڕاگەیشتن بە (گەڕانەوە بۆ) بازاڕی ئێران بوون حەزێکی کەمیان بۆ بوونە بەربەست لە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ نیشان داوە، بۆ وێنە، هەر هەموویان بازاڕی ئێرانیان جێ هێشتووە.

جەیک ڕەینۆلدز، پسپۆڕێکی خۆرهەڵاتی ناڤین لە کۆمپانیای گلۆباڵ ریسک کۆنساڵتەنسی لە لەندەن، دەڵێ: "نیشانەیەکی زۆر کەم دیارە کە کۆمپانیا مەزنەکانی ئوروپا، بە تایبەتی ئەوانی کە مامەڵەی بەربڵاویان لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکان هەیە، لە وەبەرهێنان لە ئێران لە ڕێگای ئەو دامەزراوە نوێیە دڵنیا بن. چونکە بۆ زۆر کۆمپانیا، دەست ڕاگەیشتن بە مشتەری ئامریکایی گەلێک لە دەرفەتەکانی بازاڕی ئێران گرینگترە."

و ئەو دەستپێشخەرییە نوێیە کاتێک دێتە ئاراوە کە هەڵوێستی ئوورووپا بەرامبەر بە ئێران خراپتر بووە، دوای تاقیکاریی مووشەکیی درێژمەودا لەو دواییانەدا کە داڕێژەرانی سیاسیی وریا کردەوە و زنجیرەیەک مرۆڤکوژیی لە سەر خاکی ئوورووپا پەیوەندییەکانی نێوان زۆر وڵاتی ئوورووپا و تارانی لاواز کردووە. ڕێگای پڕ ژان بەرەو ئینستێکس دەرخەری خولیای ئوورووپا بۆ پاشەکشە کردن بە ئاکارە بێزارکەرەکانی تارانە لە کاتێکدا کە بەرەوڕووی کشانەوەی یەکلایەنەی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەککگرتووەکان دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتنەکە، کە ئێران بە تەواوی ڕەچاوی کردووە، دەوێستێتەوە.

ڕەینۆلدز دەڵێ، "سەرەڕای گرژییەکانی ئەو دواییانەی پەیوەندیی ئوروپا_ئێران، ڕێبەرە ئوورووپاییەکان بە پاراستنی ڕێککەتنەکە وەک کۆڵەکەی سیاسەتی ئەوان لە خۆرهەڵاتی ناڤین وەفادارن."

کاربەدەستانی وڵاتە یەککگرتووەکان وێدەچێ گرینگییەکی کەم بە ڕێکارە نوێکەی ئوورووپا بدەن. وتەبێژێکی کۆشکی سپی گوتی، "وڵاتە یەککگرتووەکان لە کاریگەریی [ئامرازی تایبەتی] بە گومانە و بەتەمایە بە هەموو هێزەوە گەمارۆکانی بەسەر ڕێژیمی ئێراندا بسەپێنێ." وتەبێژی باڵوێزخانەی وڵاتە یەککگرتووەکان لە ئاڵمان هۆشدارییی دا بە کۆمپانیاکان کە "چالاکی لەو بەشانەی کە گەمارۆیان لەسەرە، مەترسی کاردانەوەی جیددیان هەیە" بەڵام گوتی کە ڕێکخراوە تازەکە بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر کەمپەینی وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ دانانی ئەوپەڕی زەختی ئابووری لەسەر ئێران نابێ.

هۆیەکەی ئەوەیە کە ڕێکارە نوێیەکە سودی کەم، هەرچەند جێی دڵخۆشیی بۆ سەر ئابووری و خەڵکی ئێران دەبێ چونکە لە دەستپێکدا تەنیا خواردەمەنی و دەرمان دەگرێتەوە. ئەو کاڵایانە تەنانەت لە ماوەی گەمارۆکانی وڵاتە یەککگرتوەکانیشدا ڕێگە پێدراون، بەڵام بەشێکی زۆر لە بانکەکان هێندە لە لەژێرپێنانی مەرجەکانی وەزارەتی دارایی ئامریکا دەترسن کە تەنانەت لە بازرگانیکردنی ڕێگەپێدراویش سڵ دەکەنەوە.

برایان ئۆتوول، کاربەدەستێکی پێشووی وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ پرسی گەمارۆکان لە وەزارەتی دارایی ئامریکا کە ئێستا لە ئاتلانتیک کاونسڵ کار دەکا دەڵێ، "ئەوە بۆ "پووچەڵکردنەوەی" گەمارۆکانی وڵاتە یەککگرتووەکان یا شتێکی ئەوتۆ نییە، چونکە گشت ئەو بازرگانییە ڕێگە پێدراوە."

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێران پێویستی بەو ڕێکارەیە چونکە بانکەکان، دوای کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنی ئێران لە مانگی مای، بۆخۆیان ڕێخۆشکەری ئەو ئاڵووێرە نابن و هەناردەکردنی خواردەمەنی و دەرمان بۆ ئێران وێستاوە. ئۆتوول ئەو ڕێکارەی ئوورووپا لەگەڵ ئەو ئاسانکارییانە بەراورد دەکا کە لە ڕێککەوتنی پێشوودا لەگەڵ ئێران ڕەچاو کرابوون کە تەنانەت لەکاتی زەختی چڕ بۆ سەر باقی ئابووری ئێران ڕێگا بە بازرگانیی بەرهەمی مرۆڤییانە درابوو.

ئاخۆ ئەو سوودە سنووردارانەی ئینستێکس بۆ ڕازیکردنی ئێران بەسن یا نا شتێکی دیکەیە. چەند مانگە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی تاران زەختیان خستۆتە سەر ئوروپا بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ نەجاتدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و یارمەتیدان بەو قازانجە ئابوورییانە کە لە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ بەڵێنیان درابوو. بە تایبەتی سەرۆککۆماری ئێران حەسەن ڕووحانی لە نێوخۆ زەختی لەسەرە کە دەستکەوتێکی ڕێککەوتنەکە، کە توندئاژۆکان دژایەتی دەکەن، نیشان بدا. سەرۆکی ناوەندی وزەی ئەتۆمیی ئێران ئەو حەوتوویە داوای لە ئوورووپا کرد کە ڕێکارە ئابوورییە نوێیەکە "پێش ئەوەی کە زۆر درنگ بێ" وەگەڕ بخا، و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر هیچ دەستکەوتێکی ئابووری نەبێ، ئێران هۆیەکی کەمی بۆ درێژەدان بە ڕەچاوکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی هەیە. جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ڕۆژی پێنج شەممە ئینستێکسی وەک "یەکەم هەنگاو" ناو برد.

گیروگرفتێکی مەزنی چاوەڕوانیی جیاواز. ڕەینۆلدز گوتی، ئێران هیوادار بوو کە واژۆ کردنی ڕێککەوتنەکە دەبێتە هۆی سەرەڕێژەی وەبەرهێنانی ئوورووپایی لە کەرتی وزە، فڕۆکەوانیی و پیشەسازیدا، لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی ئوروپا دەزانن کە کۆمپانیا مەزنەکانیان لەوە دەترسن کە ئەگەر بچنە ئێران مەترسی گەمارۆی وڵاتە یەککگرتووەکان هەڕەشەیان لێدەکا.

لە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی کاروباری دەرەوە لە ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕۆمانیا، وەزیری کاروباری دەرەوەی بەلژیک، دیدیەر ڕیندێرس گوتی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەر کام لە کۆمپانیاکان کە بڕیار بدەن ئاخۆ لە ئێران وەبەرهێنان دەکەن یا نا.

ئۆتووڵ گوتی، بۆ داهاتووی نزیک، ڕێکاری ئابووری نوێی ئوروپا بۆ دڵنیابوون لە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی سەردەمی ئۆباما، بۆ سنووردار کردنی توانایی تاران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و پێشگرتن بە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، بەسە. ئەو گوتی، "بەڵام ئەوە ڕێگا چارەی درێژخایەن نییە."



شەونم هەمزەیی

# وریا مامڵێ:
# ویستمان موکریان و کرماشان لێک گرێ بدەین

''خەڵاتی ساڵانەی ئەمساڵی «مەڵبەندی هونەریی مامڵێ» بە هونەرمەند حوسێن سەفامەنش درا. مەڵبەندی هونەریی مامڵێ لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کرد کە ئەم خەڵاتەی بە زۆر هۆکاری وەک «ڕۆشنگەریکردن بۆ زمانی دایکی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی و بۆ پاراستنی زمانی کوردیمان بەتایبەتی لە ڕێگای هونەری موسیقی»، «هەوڵدان بۆ سازکردنی ڕۆحێکی نەتەویی و بەدوور لە ناوچەگەرایی لە ڕێگای هونەر» و «کەڵکوەرگرتن لە پێگەی کۆمەڵایەتی و هونەری بۆ خزمەتکردنی بێوچان و ماندوویینەناسانەی بومەلەرزەلێدراوانی ناوچەی کرماشان»؛ ئەم خەڵاتەی داوە بە هونەرمەند حوسێن سەفامەنش. «کوردستان» بەباشی زانی لەو پێوەندییەدا وتووێژێک لەگەڵ کاک وریا مامڵێ، کوڕی هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا محەممەد مامڵێ بکا و لەبارەی ئەم خەڵات و هەڵبژاردنەوە چەند زانیارییەک بداتە خوێنەرانی''

**خەڵاتی مەڵبەندی مامڵێ ئەمجارەیان لە مەهابادەوە گەیشتە کرماشان، ئەم گەشتە چۆن بوو؟ چۆن بوو بۆ ئەمجارە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردرا؟**
پێشتر لە بڕگەی دووهەمی پرسیارەکەتان ڕا دەست پێدەکەم. ئێمە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا کە ١٠ خەڵاتمان پێشکەشی هونەرمەندان کردووە، شەش دانەیان وەبەر هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات کەوتووە. واتە تەنیا ئەمساڵ نەبووە کە خەڵاتەکە ڕووی لە ڕۆژهەڵات بێ. هەر بەو پێیە کە لە دە خەڵاتان، شەشیان وەبەر ڕۆژهەڵات کەوتووە، زۆرترین ڕەخنەشمان لێ گیراوە کە لێرە جێگای نییە وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەمەوە. لە بارەی بڕگەی یەکەمی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم کە شێوازی کاری ئێمە ئاوایە کە هونەرمەندانی گشت ناوچە و دەڤەری کوردستانی گەورە بەسەر دەکەینەوە کە لە پێناو گەشەی هونەری کوردیدا هەوڵیان دابێ و لە سەنگەری هونەرەوە تێکۆشانیان بۆ نەتەوەکەیان کردبێ. لە خشتەی کاریماندا بڕیار درا کە ئەمساڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر بکەینەوە بەتایبەت ئەو شوێنانە کە زۆرترین سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن لەسەریان پەیڕەو دەکرێ. کرماشان، دەڤەری یارسانییەکان، هەورامان، خوراسان و ناوچەی ئیلام ئەو ناوچانەن کە تا ئێستا بەسەرمان نەکردبوونەوە. لەوانەیە باش بزانن کە ئەو ناوچانە لێوڕێژن لە هونەرمەندی بەرز و نیشتمانپەروەر. هەڵبژاردنی هونەرمەندنێک لەو ناوچانە کارێکی گەلێک سەخت بوو. وابوو کە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە خەڵاتی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ ئەمساڵ پێشکێش بە هونەرمەند حوسێن سەفامەنێش بکرێ.

**مەڵبەندی هونەریی مامڵێ لەبەر چی حوسێن سەفامەنشی هەڵبژارد. پێوەرەکان چ بوون؟**
وەک لە ڕاگەیەندراوەکەشدا هاتووە بەهۆی "دەوڵەمەندکردنی ئارشیوی گۆرانیی کوردی لە ماوەیەکی کورتی تەمەنیی هونەریی"، "هەوڵدان بۆ ئافراندن نەک کۆپیکردنی مووسیقی"، "ڕۆشنگەریکردن بۆ زمانی دایکی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری و بەکارهێنانی هەموو زاراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆرانییەکان"، "هەوڵدان بۆ سازکردنی ڕۆحێکی نەتەوەیی و بەدوور لە ناوچەگەرایی لە ڕێگای هونەر" و هەروەها بەهۆی کەلکوەرگرتن لە پێگەی کۆمەڵایەتی و هونەری بۆ خزمەتکردنی بێوچان و ماندوویینەناسانەی بە بومەلەرزەلێدراوانی ناوچەی کرماشان؛ ئێمە هونەرمەند حوسێن سەفامەنش‌مان هەڵبژارد.

**پێدانی ئەم خەڵاتە بەو هونەرمەندە کاردانەوە و دەنگدانەوەی زۆری لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو. ئینسجام و گوڕوتینێکی دیکەی بە هەستی نەتەوەیی بەخشی. پێشبینیی ئەوەتان کردبوو؟**
بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەو کاردانەوە بەرفراوانەمان نەدەکرد. تەنانەت چاوەڕوان بووین ڕەخنەی ئەوەمان لێ بگیردرێ کە چلۆن لەنێو دەریای هونەرمەندانی ئەو دەڤەرەدا کە ساڵهایە لە تێکۆشان دان، هونەرمەندێکی لاوی کەم تەمەنتان هەڵبژاردووە! بەڵام ئێمە پێمان وابوو کە بە تیرێک سێ نیشانمان پێکاوە. یەکیان ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار مەڵبەندەکەمان گرینگی دا بە هونەرمەندانی لاو و پاشان دەڤەری کرماشانی سەربەرزمان بەسەر کردەوە و ئینجا موکریان و کرماشانمان لێک گرێ دایەوە. واتە ئەو پەیامەمان دووپات کردەوە کە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی بەپێچەوانەی ئەو ئاژاوە و پیلاگەلەی ناحەزانمان دەینێینەوە، یەکدڵ و یەک چارەنووسین.

**ئەم ڕێوڕەسمە لە مەهاباد بەڕێوە چوو. بەڵام پێشتر میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی لێ ئاگادار نەکرابۆوە. بۆ؟**
بەڵێ ڕاست دەفەرموون. بە ئانقەست ئەوساڵ کارێکی وامان کرد کە هاوکات لەگەڵ مەڕاسیمەکە، دەنگ لە بڕیارەکە بۆ خەڵاتی ساڵ دەربێنین. ئێمە لە هەر حاڵەتێکدا بەرپرسیاری هەر ئەگەرێکین کە ڕوو بدا. نەماندەویست حەساسییەت درووست بکەین و گرفت بۆخۆمان و بۆ خەڵک ساز بکەین. گرینگ ئەوە بوو پەیامەکەمان بگا و بە خۆشیشەوە گەیشت. بۆیە چەشنی میوانداریییەکی بنەماڵەیی بە بەشداریی پۆلێک لە ئەدیبان و هونەرمەندان و کەسایەتییەکانی مەهاباد و لە ڕێستورانێکی ئەو شارەدا بۆنەکەمان بەڕێوە برد. دیارە کۆمەڵێک کەند و کۆسپی جیدیمان بۆ هاتنە پێش کە تا دوا ساتەکان، بەڕێوەچوونی ئەو مەڕاسیمە لە ئەگەر و نەگەر دابوو. دەنا هەموو کەس دەزانێ گەر مەجالێکی ئازاد بدرێ بۆ مەڕاسیمی یادی مامڵێ لە مەهاباد، بە دڵنیاییەوە مەیدانی فوتباڵی سابڵاغیش کەمی دێنێ؛ بۆیە، لە ڕێگای ڕۆژنامەکەی ئێوەوە داوای لێبوردن لە هەموو کوردستانیان بەگشتیی و خەڵکی سەربەرزی مەهاباد و موکریان بەتایبەتی دەکەین کە لەبەر ئەو دۆخەی لە بان باسمان کرد، نەمانتوانی ڕێوڕەسمێکی بەرین بە بەشداریی هەموو ئازیزان بەڕێوە ببەین.

**ئاماژەتان بە پەیامەکەتان کرد، دەکرێ بڵێن کە پەیامەکەتان چی بوو؟**
پشتیوانیکردن لە هونەرمەند، هونەر، زمان و فەرهەنگی کورد، هەروەها بەگژداچوونی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی کە لەسەرمان پەیڕەو دەکرێ و لە هەمان کاتیشدا پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلان و ئاژاوانە کە دژی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە و جیاوازیمان دەخەنە بەینی و لێکمان جیا دەکەنەوە؛ جا بە بیانووی بێبنەمای وەک ناوچەگەرایی و جیاوازیی ئایین و زاراوەیی. هەروەها ئەو پەیامە کە کورد دەبێ یەک بگرێ و لە ناسنامەی خۆی لە ڕۆژهەڵات بەخاوەن دەرکەوێ و بە یەک دەنگ و یەک بەرنامە لە ئیلامەوە تا ماکۆ و خوراسان لەژێر چەترێک و سێبەرێکدا هەنگاو بنێ.

**مەڵبەندی هونەریی مامڵێ کەی دامەزرا و ئامانجەکانی چین؟**
بنەمای ئەم مەڵبەندە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە سەر هزر و هیوایەکی لەمێژینەی "مامڵێ" دامەزرا کە بەردەوام ئاواتی دەخواست کورد ببێتە خاوەن بنکە و شوێنێکی بێلایەن و سەربەخۆ کە بتوانێ هاندەر و یاریدەدەری هونەر و هونەرمەندان بێ. بەڵام مەخابن تا ئەو لە ژیاندا بوو ئەو ئاواتە نەهاتە دی. یەک لە کارە سەرەکییەکانی ئەم ناوەندە، کۆکردنەوەی فیلم، وێنە و گۆرانییەکانی محەممەدی مامڵێیە و لە ڕێگای دابینکردنی خەڵاتێکی هونەری کە ساڵانە پێشکەش بکرێ بە هونەرمەندان و، ڕێز لە هونەرمەندانی ماندووی گەلی کورد دەگرێ و بەم چەشنە هاندەری هونەرمەندان دەبێ.

**خەڵاتەکەی ئێوە هەر دیارییەکی سیمبولیکە؟ یان بایەخی مادیشی هەیە؟**
ئەو خەڵاتە بریتییە لە میداڵیایەکی زێڕ و لەوحەیەکی ڕێزلێنان. لە ڕوانگەی مەڵبەندەوە ئەم خەڵاتە نەک لە ڕووی مادییەوە، بەڵکوو لە ڕووی لایەنی مەعنەوییەوە بایەخی هەیە. ئێمە پێمان وایە ناوی مامڵێ دەبێ بەردەوام لە خزمەتی بە گەلی خۆیدا بێ بۆیە لایەنی سیمبولیک و مەعنەوییەکەی لای ئێمە گرینگە و تەنانەت لای وەرگرانی خەڵاتەکەش بایەخی مەعنەوی هەبووە و هەیە.

**سەرچاوەی داراییتان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانتان لەو مەڵبەندە چۆن و لە کوێ دابین دەکرێ؟**
چالاکییەکانی ئەم مەڵبەندە بەستراوە بە توانایی و بواری ئابووریی سەربەخۆ کە لەلایان ئەم کەسانەوە دابین دەکرێ: عەزیز(خانە) مامڵێ، هێدی (خالید) مامڵێ، هیوا زەهابی، چالاک مامڵێ و وریا مامڵێ. لە بواری مادییەوە هیچ ڕێکخراو، حیزب، دەوڵەت و حکوومەتێک پشتیوانیی داراییمان لێ ناکا و سەربەرزانە دەستمان لە گیرفانی خۆمان دایە. ڕەنگە کەموکووڕی و لاوازی لە کاری مەڵبەنددا ببینرێ و بەدی بکرێ کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە توانایی و بواری ئابوورییەوە هەیە. مەڵبەند بە هیچ شێوەیەک بە تەما نییە کە ئەم جۆرە لاوازییانەی لە ڕێگەی نەبوونی سەربەخۆیی مەڵبەندەوە لەنێو بەرێ. لە هەمان کاتدا لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەم مەڵبەندە لە بواری مەعنەوییەوە خۆمان بە قەرزداری کۆمەڵێک مرۆڤی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر دەزانین کە دڵسۆزانە پشتیوانیان کردووین و بە هیچ کلۆجێک توانا و بڕستمان نایبڕێ تا وەڵامدەرەوەی ماندووبوون و خەمخۆرییان بین. بۆیە هانا دەبەینە بەر دەرگای واڵا و دەریای بێڕۆخی وشە، بەڵکوو لە شوێن ئێمە دەست بە سینگەوە بگرێ و سەری ڕێز و نەوازیش لە بەرامبەریاندا، دانەوێنێ.

**ئەدی ئەم کەسانەی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەستنیشان دەکرێن و دوایە کە هەڵدەبژێردرێن؛ ئایا هەموو لەلایەن بنەماڵەوە دەکرێ؟ یان ئێوە پێشنیار لە دەرەوەی مەڵبەند و بنەماڵەش وەردەگرن؟ مکانیزمەکان چین؟**
ڕوون و ئاشکرایە کە مەڵبەندەکەمان لەلایان بەشێک لە بنەماڵەکەمانەوە بەڕێوە دەبرێ. بەڵام بەو مانایە نییە کە کەسانی غەیری مامڵێشمان لەگەڵ نەبێ. ئێوە دەزانن کە ئەرکی سەرەکیی کارەکانی مەڵبەند لەسەر شانی هەواداران و دڵسۆزانی هونەری کوردییە کە شێلگیرانە و خۆبەخشانە هاوکارمانن. ئێمە لەو مەڵبەندە کاری ڕاوێژ و هاوفکریمان لەگەڵ کۆمەڵێک مرۆڤی کارناس و شارەزای بواری هونەری هەیە و لە هەڵبژاردنەکانماندا پرسیان پێدەکەین و پاشی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەو شارەزایانە و بەشێکیش لە بنەماڵەکەمان، هونەرمەندی ساڵ هەڵدەبژێرین. دیارە ڕۆژانە بەردەوام لەلایان خەڵکەوە پێشنیارەکان دەگاتە دەستمان و ئێمەش داوایان لێدەکەین کە کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەریی ئەو هونەرمەندانەمان بۆ بنێرن تا لەنێو لیستی ناوچەکانی کوردستاندا پۆلێنیان بکەین و لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بکەین. هەر لەم پێوەندییەوە پێویستە ئەمە بە ڕاشکاوی بگوترێ کە مەسەلەی پەیوەندیی تایبەتی کارگێڕانی مەڵبەند یا ناوچەگەرایی و دۆستایەتی هیچ کاریگەری لە سەر ئەم هەڵبژاردنەدا نانێ و بۆیە هەموو کوردێک دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دابینکردنی هونەرمەندی ساڵ هەبێ. هەر وەک مامڵێ سەر بە هەموو نەتەوەکەی بووە، ئەم خەڵاتەش بە هەمان شێوە ملکی هەموو کوردستانییەکە.





**وەک بنەماڵە پێتان وایە لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەو هەوڵ و داهێنانەی ئێوە چ خزمەتێکی بە کۆمەڵگەی هونەریی کوردستان کردووە؟ لە نێو هۆزی هونەردا چۆن وەرگیراوە؟**
لە ڕاستیدا ئەوە پرسیارێکە دەبێ ڕووی لە جەماوەری کوردستان بێ و ئەوان وەڵامی بدەنەوە بەڵام، ئێمە ڕۆژانە پەیامی دڵخۆشکەر و هاندەرانەمان لەلایان خەڵکەوە دەگاتە دەست. ئەو پەیامانە زیاتر هانمان دەدا کە سەرەڕای زۆر کەند و کۆسپ، شل نەبینەوە و درێژە بە کارەکانمان بدەین. ئەو کاردانەوانەش ئەو پەیامەمان دەداتێ کە خەڵک هەنگاوەکانمان بە هەنگاوی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانە دەزانێ. ئاواتیشمان ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەمان جێ بگرێ و هونەرمەندی کورد خۆی بێکەس نەبینێ و بزانێ کە کەسانێک هەن کە کارەکانیان دەبینێ و نرخی بۆ دادەنێن. بەداخەوە لە کوردستانی داگیرکراودا نەک هیچ ڕێکخراوێکی دەوڵەتی نییە کە زگی بە فەرهەنگ و هونەری ئێمەی کورد بسووتێ بگرە، بە هەموو تواناشیانەوە لە هەوڵی ئەوە دان کە زمان و فەرهەنگ و پێناسەی نەتەوەییمان بسڕنەوە و بمانتوێننەوە. ئیتر لە وەها دۆخێکدا ئەوە کەمترین کارە کە دەتوانین بۆ میللەتی خۆمانی بکەین.

**سباس بۆ وڵامدانەوەی پرسیارەکانمان**
سپاس بۆ ئێوە و خوێنەرانی ڕۆژنامەکەتان

# KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 743  4 february 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 11958

polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647507548621

Tashkilat.kdp92@gmail.com


# ڕێوڕەسمەکانی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەرەوەی وڵات



## نۆروێژ

لە وڵاتی نۆروێژ. ٢ی ڕێبەندان ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرا بە بۆنەیەک بۆ جێژن و لە دەوری یەک کۆبوونەوەی کوردانی دانیشتووی ئەم وڵاتە.

لە ڕێورەسمەکەی وڵاتی نۆروێژدا پەیامی کۆمیتەی حیزب لەلایەن حەسەن غەمبار، بەرپرسی کۆمیتەی نۆروێژەوە خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن خاتوو شنە حەکیمزادە، پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لە نۆروێژ و ڕیزە گۆرانییەک لەلایەن هونەرمەند مستەفا دادار و بێهرووز لوتفی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوون.



## سۆئێد

لە ڕێورەسمەکەی سۆئێدیشدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی و سۆئێدی و کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندام، دۆست و لایەنگرانی حیزب بەڕێوەچوو، دکتور ئاسۆ حەسەنزادە جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد. دواتر پەیامەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کران و پەیامەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی سۆسیال دیموکرات و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سۆئێد لەلایەن نوێنەرانیانەوە خوێندرانەوە و بڕگە هونەرییەکانی ڕێورەسمەکە پێشکێش کران.



## دانمارک

ئەم ڕێورەسمە ڕۆژی شەممە، ٦ی ڕێبەندان بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نوێنەر و ئەندامانی حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە کوردییەکان لە دانمارک پێک هات .

لەو ڕێورەسمەدا پەیامی کۆمیتە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خالید ڕەواندووست، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی دانمارک خوێندرایەوە و نوێنەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان ، لێژنەی ناوچەی دانمارک؛ پارتی دێموکڕاتی کوردستانی سوریە، کۆمیتەی دانمارک؛ کۆمیتەی حیزبی شیوعیی کوردستان لە دانمارک، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستا ، کۆمیتەی دانمارک و حیزبی سوسیالیستی کوردستان، باکوور کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون، پەیامی حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیان بەو بۆنەیە خوێندەوە.



## ئاڵمان

لە وڵاتی ئاڵمانیش، ڕێورەسمێکی پرشکۆی بۆ ڕیزگرتن لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شاری کۆڵن بەڕێوەبرد. لەو ڕێورەسمەدا قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتارێکی لە پێوەندی لەگەڵ گرینگیی کۆماری کوردستان و ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە کۆمارەوە تا ئێستا پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە دا دوکتۆر برایم مەحموود، کەسایەتی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان باسێکی لە ژێر ناوی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی ئەو کۆمارە کرد. خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات کوردستان لەلایەن عیسا زوورەیی و پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتە لەلایەن بێهزاد کارساز پێشکەش کرا و بە چەند بڕگەیەکی هونەری کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە هات.



## ئۆستralia

لە ئۆسترالیاش کۆمیتەی هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو شارە ڕێورەسمێکی پڕشکۆیان بەڕێوە برد لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری کۆمیتەی هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان_ ئادلاید لە لایەن پێشرەو ژاڵەیی خوێندرایەوە و مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتارێکی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەو یادەدا بانگی لە هەمو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد کە بەر لەوەی لە گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، کە بە خێرایی ڕوو دەدەن دوا بکەون، مشوورێک لە یەکگرتنێکی نەتەوەیی بخۆن بەڵکو کورد بتوانێ زۆرترین دەستکەوت لەو ئاڵوگۆڕانە بە دەست بێنی کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوو دەدەن.





## ئەمریکا

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی لە واشنگتون بەڕێوەبرد. لەم ڕێوڕەسمەدا برووسکەی پیرۆزبایی نوێنەرایەتییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان پێشکەشی کومیتەی حیزب لە ئەمریکا کرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو نەسرین کەریمی، ئەندامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، پەیامی کومیتەی بەو بۆنەیە خوێندەوە و ناسر باباخانی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ باسێکی لەسەر پێگەی کۆماری کوردستان و هەوڵی نەیارانی کورد بۆ بچووکردنەوەی و هۆکارەکانی پێشکێش کرد.

لە ناشویلی ئەمریکاش ڕێوڕەسمێک بەو بۆنەیە بەڕێوەچوو و لەو بۆنەیەشدا پەیامی کومیتەی ناشویلی حیزب لە لایەن کاک حەسەن نازی، بەرپرسی کومیتەوە پێشکەش کرا. لەو ڕێوڕەسمەدا نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، ناوەندی کومەڵایەتیTKCC، ناوەندی کۆمەڵایەتی EKC و ناوەندی ئایینی سەلاحەدین بەشدار بوون و پەیامیان خوێندەوە هەروەها شێعرێک لە لایەن ”سەعدی مەعروفی“ پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

## بەر لە ماڵاوایی

# شەکەتی و هیوای «بووچانی» لە «مانووس»ەوە



هەردی سەلیمی

ماریۆ بارگاس یۆسا نووسەری پێڕۆیی و خاوەنی چەند ڕۆمانی باش لە ئەدەبیاتی دنیادا و هەروەها خاوەنی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل، لە وتارێکدا لەژێر ناوی «بۆچی ئەدەبیات؟» بە چڕوپڕی باس لەوە دەکا کە ئێمە بۆ دەبێ ئەدەبیات بخوێنینەوە و ئەدەبیات دەتوانێ چ دەسکەوتێکی بۆ مرۆڤ هەبێ!

«تەنیا شتێک لە دنیای ئەمڕۆدا، کە بتوانێ ئێمە بۆ ناسینی تەواوەتی مرۆڤ بوونمان ڕێنمایی بکا، لە ئەدەبیاتدا شاردراوەتەوە. ئەم ڕوانگە یەکیەتیدەرە، ئەم پەیڤە گشتگیرە، نە لە فەلسەفەدا دەبیندرێتەوە، نە لە مێژوودا، نە لە هونەر و بێگومان نە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا.

بەمەبەستی پاراستنی مرۆ لە گەوجی، دەمارگرژی، ڕەگەزپەرستی، ناکۆکی و ناتەبایی مەزەبی، سیاسی و ناسیۆنالیزمی پاوانخوازانە، هیچ تشتێک لەو ڕاستییەی کە لە خوڵقێندراوە گەورەکانی ئەدەبیاتدا خۆ دەردەخا، کاریگەرتر نییە. ژنان و پیاوانی هەموو گەلانی دنیا، لە هەر کوێ بن، لە بنەڕەتدا هاوسانن، تەنیا نابەرامبەرییە لە نێوانیاندا، تۆوی هەڵاواردن و ترس و چەوساندنەوە بڵاو دەکاتەوە. هیچ شتێک چاتر لە ئەدەبیات فێری ئەوەمان ناکا کەوا جیاوازییە ئێتنیکی و کولتوورییەکان، سەرچاوەگرتوو لە دەوڵەمەندیی میراتی مرۆڤ بزانین و، ئەم جیاوازییانە کە ڕەنگدانەوەی هێزی داهێنانی فرەلایەنی مرۆڤە؛ بەرز بنرخێنین».

بەپێی ئەم ڕوانگەیە ئەدەبیات بەستێنێکە بۆ لە یەکتر نیزیکبوونەوە، بۆ ناسینی کولتووره جیاوازەکان، بۆ بەهرەمەند بوون لە دنیای تاریک و تەنیای مرۆڤەکان، بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکە بێسنوورەکانی هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی دڵەڕاوکێ و چیرۆک و گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیانن. بەگشتی ئەدەبیات واتە تێپەڕین لە دیوار و میچ و قفڵەکان و شکاندنی قفڵی مێشکی مرۆڤەکان.

«بێهرووز بووچانی»، کوڕە کوردی نووسەر و پەنابەر لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کتێبەم نەخوێندۆتەوە و بەدەر لە کارتێکەریی بەخشینی خەڵاتی بەرزترین ئاستی ئەدەبی وڵاتێکی وەک ئوسترالیا بە ئەو خۆشەویستە! ئەوی کە سەرنجڕاکێشە کوردبوون، نووسەربوون و پەنابەربوونەکەیەتی. کەسێک کە هاوکات خاوەنی سێ تایبەتمەندیی گەورەیە کە بەداخەوە خەمهێنەرن و خەمۆککەر. ئەم تایبەتمەندییانە جیا لە پرسە فەلسەفییەکەی کە ئایا بەڕاستی مرۆڤ لە هەڵبژاردنیاندا چەندە دەستی ئاوەڵایە و چەندە لێکەوتەی زەبری جوغرافیاکەیەتی و هەتا چ ڕادەیەک دەراویشتەی ڕوانگەی خودی ئەو کەسایەتییەیە؟! ناتوانی و ناکرێ کە کاریگەریی هەر کام لەوانە لەسەر ڕەوت و درێژەی ژیانی ئەو مرۆڤە بەهێند نەگری. ڕاستە بۆخۆمان مافی هەڵبژاردنی ڕەگەزی خۆمان نییە، کە کورد بووی کوردی، بە سویدی لەدایک بی سویدیت، بەڵام ئەمە ڕواڵەتی شتەکەیە چونکوو زۆر کەسمان هەیە لەمەڕ بۆنموونە کوردبوونی خۆیەوە هیچ جۆرە هەستێکی ئەرێنی نییە، جا دەتوانێ ئەوە کەسێکی خۆڕادەستکەر بێ بە دژبەرانی گەلەکەی، یانە خۆی لە بن دەمامکی گەردوونی و جیهانی و ئومانیستییەکی ڕووتدا شاردبێتەوە و بلێ ئەمن بەهەزاران فەرسەخ پێشکەوتووترم لەو ناسیۆنالیستەی دراوسێمان و یا نەخێر هێنانەوەی پاساوی سەیروسەمەرەتر لەوە. کەواتە لانیکەم بۆ کوردێک، کوردبوونەکە دەبێتە خاڵی وەرسووڕانێک لە ژیانیدا، چ شانازیی پێوە بکا چ وەک مایەی شەرمەزاری لێکی داتەوە، لە دوای ئەوە ژیانێکی ئاسایی نابێ، بەتایبەت بۆ نەتەوەیەکی بەدەوڵەت نەبوو، بۆ نەتەوەیەکی «بەگەل» نەبوو. دوو ڕێگە لە پێشدایە یان بۆ سەلماندن و وەدەستهێنانی ئەو شتەی کە بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ ژیانی خۆی دابنێ (بۆیە دەڵێم ژیانی خۆی، ژیان لە گیان بە گرینگتر دەزانم، چ کەسانێکمان هەیە کە چل ساڵ و بگرە زیاتریش ئەم کۆڵە قورسەیان بەشان داداوە، لە کاتێکدا هاوڕێیان هەبووە لە دەستپێکی خەباتدا گیانیان پێشکەش کردووە و بۆ هەمیشە لە دژوارییەکانی داهاتوو ماڵاواییان کردووە!) یا لە بەرامبەردا کەسانێکیش هەن بۆ خۆدزینەوە لەو ڕاستییەی کە بە کەیفییان نییە و بە لەمپەرێکی دەزانن لە سەر ڕێگای پێشکەوتنی تاکەکەسیی خۆیاندا، دەبێ بەردەوام هەڵبێن و هەڵبێن و خۆ حەشار دەن و بەڵام ئەم مۆتەکەیە هەمیشە سێبەری بەسەر ژیانیاندا زاڵە. کەواتە تەنانەت دیاردەی ڕەگەزییش دەتوانێ ڕەها نەبێ و لانیکەم بە ڕواڵەت دیاردەیەکی بگۆڕ بێ!

هەموو مرۆڤدۆستانی دنیا پێویستە بۆ ڕۆژێکیش بووە کورد بن هەتا بە گۆشت و ئێسک و خوێن هەست بەو تاڵاییە لەبن نەهاتووە بکەن. بۆ کوردێکی گەورەبووی شاخ و کوێستان ژیان لە دوڕگەیەکی بێڕووحدا تاقەت پڕووکێنترە بە نیسبەتی هاوسەفەرەکەی، بۆ کوردێک کە کوێستان و بناری ڕژدی و ڕەوەزی ڕەقی هەردەم داڵدەی بووە.

نووسەربوون تایبەتمەندیی دووهەمی بێهرووز بووچانی، کاتێ کە دەڵێن داهێنان و نووسین دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووحی مرۆڤی نووسەر ئارەقە بکا و هەست بە ماندوویی بکا، لە خۆڕا نەگوتراوە. کاری داهێنان پێویستی بە خەیاڵێکی دوورەفڕە، خەیاڵێکی پەنگخواردوو لە دەوروبەرێکی نیزیک توانایی داهێنانی نییە. مرۆڤی نووسەر بەردەوام لە حاڵی دۆزینەوەدایە، وردترین ڕووداوەکانی دەوروبەر دەبنە کەرەستەی نووسینەوەکانی و بەگشتی هەموو شتێک وەک سووژە دەبینێ، ئەوەیە کەسێکی کە نووسەرە وەک بڵێی بە میکرۆسکۆپ دەبینێ، ئەوی لە چاوی دەوروبەرەکەی ونە لە چوارچێوەی کامێرای ڕوانینی ئەودا کلەوزئاپێکە؛ بۆیە دەردی نووسەر دووقات و سێ قات و دەقاتە. بێگومان تەحەمولی چوارچێوەی بەرتەسکی کەمپێک و ژیان لە بەرزەخێکدا و ژین لە نێوان کوێرەهیوایەک و هیوابڕاوییەکی ڕەها و دۆخێکی هەڵپەسێراودا بۆ نووسەر ئەستەمترە لە هاوژوورەکەی.

پەنابەربوون بە درێژایی مێژووی پڕ لە شەڕەنگێزیی مرۆڤ هەر بووە و هەر دەشمێنێ، دیاردەی تاراوگەنشینی بە دوو شێوەی خوازراو و نەخوازراو پۆلێن دەکرێ، کە ئەگەر واقعبین بین خوازراو بەڕاستی یان هەر نییە یان بە هەزارهێندەی نەخوازراو کەمترە، هەر مرۆڤێکی کە خۆی دوور دەخاتەوە و هەرچی خۆشی ویستووە جێی دەهێڵێ، بێگومان هەلومەرجێکی نەگونجاوی تێپەڕاندووە و بە جۆرێک لە جۆرەکان جێگەی پێ لێژ بووە، دەنا هیچ کەسێک دژواریی غەریبی بە ژیان ناکڕێ!

ئەو تایبەتمەندیيانە بە هەوێنی سەرەکیی لەدایکبوونی ڕۆمانی «هاوڕێیەک لە بۆ کورد نییە، شاخ نەبێ» دەزانم.

لێرەدا دەبێ بڵێم گەیشتن بەو ئاستە و دەنگدانەوەی ناوی بێهرووز بووچانی، بەرهەمی ئاوێتەبووی سێ هەستی ماندووبوون، لە هەمان کاتدا هیواداربوون و تێکۆشانێکی نەپساوەیە. هیوام وایە هاوڕێ بێهرووز بووچانی بتوانێ لەسەر ڕێچکەی هەڵبژێراوی خۆی بەردەوام بێ و بگاتە لووتکەی کوێستانی ئەدەبیات و هونەر و لەوێ بۆ چەند ساتێکیش بووە ماندوویی ساڵگارێکی ڕەش و بێهیوا لە لەش و مێشکی بڕەوێنێتەوە و بەو شێوەیە دڵۆپێک لە دەریای ڕەنجی کوردبوون و مرۆڤ بوون بە گوێی کپی دنیا بگەیەنێ و ببێتە هەوێنی بیرکردنەوەی دەسەڵاتبەدەستانی گێل لە بنەما سەرەتاییەکانی مرۆ.